هاوکاری
التضامن

ژمارەیەکی لەفتانەیە
٨ لاپەڕە
٢٥ فلسە

شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلافی
ت ٨٨٧٥٧٩٥ / ٥ خەت
ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

● پێنجشەممە ١٩٨٢/٤/١ ژمارە ٦٣١ ●
● الخميس ١٩٨٢/٤/١ العدد ٦٣١ ●

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەڕێوەبەری گشتی و سەرنووسەر
مصلح مصطفى

بڕیاری مێژوویمان‌دا بۆ گێڕانەوەی دەستەڵاتی تەواومان لەسەر خاک‌وئاوەکەمان و بە توانا و لێهاتنەوە دژی هەرکەسێ دەوەستێ بەربەستی ئەم بڕیارە مێژوویە ڕەوایەبکات .
سەرەکی فەرماندە
صدام حسين

موهیب روکن صدام حسین لە نامەیەکدا بۆ سەرکردەی فەیلەقی چوارەم دووپاتی دەکاتەوە :

گەل وسوپای عێراق بۆ هەتاهەتایە هەموو هۆیەکی بێهێزیان‌ئامادە و ڕێبازی سەربەخۆیی و مەوداییەتیان هەڵبژارد

سەرەکی فەرماندە لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیراندا دووپاتی دەکاتەوە
دەمانەوێت گەلی عێراق بە سەربەستی بژی

سەرۆکی پێشمەوا صدام حسین داوای ئەوەی کرد چاودێری کاروباری هاوولاتیان بکرێ و بارمەتی پێویست چی‌بێ لەبارەی خزمەتگوزاری شارەوانی دامەزراندن و نیشتەجێ کردنی خەڵکدا لە دەرەوەی شارەکاندا و بە تایبەتی لە دێهاتەکانا پێشکەش بە هاوولاتیان بکرێ .

بەڕێز سەرەکی فەرماندە لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیراندا کە دووشەممەی ڕابووردوو بەسترا وتی ئێمە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوومان دەوێ . . کۆمەڵگایەک‌بێ مێشک‌و بیرو ئازادی تێدابێ .. دەمانەوێ هاوولاتی عیراقی بە ئازادی بژی‌و خاوەنی ڕای خۆی بێ‌و لە شوێنی خۆیەوە پێشەوابێ‌و نامانەوێ پۆتینی دەوڵەت ببەسێتەوە .

ئەنجومەنی وەزیران لەو کۆبوونەوەیەیدا کە سێ سەعاتی خایاند باسی هەندێ لەو بابەتانەی کرد کە لە پرۆگرامی کۆبوونەوەکەدا بوون وەکو بنیات نانی سیاسەتی نیشتەجێ کردنی شارستانی لە وڵاتداو دروستکردنی شاری تازەبە دەوری بەغدادا .

بەڕێزان عیززەت ئیبراهیم جێ‌نشینی سەرەکی ئەنجومەنی پێشەوایەتی شۆڕش‌و تەها محیەددین مەعروف جێ‌نشینی سەرەک‌کۆمار‌و تەها یاسین ڕەمەزان ئەندامی ئەنجومەنی پێشەوایەتی شۆڕش جێ‌نشینی یەکەمی سەنەرەک وەزیران‌و بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی پێشەوایەتی شۆڕش ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون .



سەرەکی بەڕێز موهیب روکن صدام حسین فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان دووپاتی کردەوە کە گەل‌و سوپای عیراقی بۆ هەتاهەتایە هەموو دیاردەو هوێەکی بێهێزیان لە دەرونیان ڕاماڵی‌و ڕێبازی سەربەرزی‌و مەردی‌و ڕێگای سەربەستیان هەڵبژارد .

سەرەکی بەڕێز فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان لە نامەیەکدا کە ئاراستەی فەرماندەی فەیلەقی چواری کردوە لە بەرەی جەنگ دژی فارسی دوژمن وتی : ئازایەتی عیراقیەکان بە کۆمەڵبەو مەردایەتیان بە کۆمەڵ ، چونکە ڕێگای خۆراگرتن‌و لێهاتوییان دۆزیەوەو تامەی خۆشگوزەرانی‌و بەختیاری ڕاستەقینەیان کرد لە سایەی شۆڕشدا .

بەڕێز دیسان وتی : لە باپیرانمانەوە فێر بووین ، لە باپیرەمان حسین سلاوی خوای لێ‌بێ ئەوە فێر بووین کە ئازایەتی حاڵەتێکە لە چەسپاوی لە وێژداندا دەچەسپێ‌و هوی باوەڕ بەهێزی دەکات‌و وەک مژمێ هەرگیز ناگۆڕێتەوە تیشکی کڵپە دەکات‌و ڕێگا لە بەردەم ئیمانداران ڕوونا‌ک دەکاتەوەو بەرلە هەموو هوێەکی مەوزوعی تر لێهاتوی‌و بە توانایی تیا هەلدەچێ .

سەرەکی بەڕێز وتی : ئایەم جۆرە ئەمڕۆ لە دەروون‌و وێژدانی بچەنگاوە سرانی سوپای عیراق‌و گەلی عیراقدا مەشخەڵی ڕووناک هەڵبوەو ناکوژێتەوەو کەمتەرخەمی‌و گەرانەوە لە قوربانی‌دانداناکەن مادەمێکی حەق لە بەردەمیاندایەو ئەمڕۆ باپیرەمان بلوکی شەهیدان حسین سلاوی خوای لە سەربێ ڕەمزیکی بلندی پاڵەوانەتی‌و سەربەرزی‌و خۆراگرتنە بۆ بەرگری کردن لە حەق لە هەر هەنگاوێکی مەردانەی عیراقیەکان‌و سوپای عیراقدا .

سەرەکی بەڕێز لە نامەکەیدا وتی : ڕێژیمی

بڕوانە ل : ٧

سەرکردەی هێزی ئاسمانیمان دروودەلەی فارسەکان پووچ ئەکاتەوە

● فەریق ڕوکنی فرۆکەوان سەرکردەی هێزی ئاسمانی، ئەو پرۆپاگەندەیەی بەدرۆ خستەوە کە داوەو دەزگای ڕاگەیاندنی ئێرانی بڵاوی کردبۆوە گوایا (١٨) فرۆکەی عیراقی لەم شەڕانەی دوایی هەردوو کەرتی شوش‌و دەیزفولدا خراونەتە خوارەوە .

لەدووانێکدا بۆ ئاژانسی دەنگوباسی عیراقی ناوبراو وتی کەهێزە ئاسمانیە پاڵەوانەکانمان توانیویانە کەدەسەڵات‌و هێزی تەواوی خۆیان لەئاسمانی جەنگدا بچەسپێنن .

شایانی باسیشە ، کەفرۆکەکانی عیراق لەزنجیرە شەڕی ئەم‌دوایی‌یەی شوش‌و دیزفولدا توانیویانە دەستی مەردانە بوەشێنن .

هەروەها ووتی ، فرۆکەوانە عیراقییەکان لەماوەی نێوان نۆزدەو بیست‌و هەشتی

بڕوانە ل : ٧

دەست پێ کردنی گفتوگۆی برایانەی نێوان سەرەکی فەرماندە و خاوەن شکۆ مەلیک حسین

پێبۆی خاوەن شکۆ مەلیک حسین مەلیکی وڵاتی ئەردەن گەیشتە بەغداو لەلایەن سەرەکی فەرماندە بەڕێز صدام حسینەوە پێشوازیەکی گەرمی لێ کرا سەردانەکەی خاوەن شکۆ مەلیک حسین بۆ وڵاتەکەمان چەند ڕۆژێک دەخایەنێت .

بەڕێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین‌و خاوەن شکۆ مەلیک حسینی کوڕی طلال مەلیکی وڵاتی ئەردەنی هاشمی کۆبوونەوەیەکیان کرد لەکۆبوونەوەکەدا دەربارەی پەیوەندی بەهێزی برایانەی نێوان هەردوو وڵاتی براو هاریکاری گشت لاگرەوەی هەموو مەیدانێک کرا کە خزمەتی هەردوو لاو نەتەوەی عەرەب بکات .

هەروەها باسی ئەم دۆخەی ئێستا عەرەب‌و کاری هاوکێی‌و پەیوەندی نێوان عیراق‌و ئەردەن کرا بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو مەترسیانەی کە هەڕەشە لە نەتەوەی عەرەب ئەکەن‌و باسی ئەو دۆخە بەرپەرچدانەوەیەش کرا کە لە کەوتن ئەکات .

لایەن هەندێ لاوە سەرهەڵئەداو دەبێتە هوی نەوەی توانای عەرەب لاوازبکات بەرامبەر بەوەی کە نایانەوێ نەتەوەی عەرەب ڕابەڕێ‌و پێش‌بکەوێ بەپێی ئەو ئامانجە مێژووییەی هەیەتی .

بەڕێز سەرەک صدام حسین بۆ خاوەن شکۆی مەلیک دۆخی بەرەی جەنگ‌و ئەو شەڕانەی شی‌کردەوە کە لەم ڕۆژانەدا ڕوویانداوەو هێزەچەکدارە دلێرەکانمان چ زیانێکی گەورەیان بەفارسی دوژمن گەیاندوەو کەچۆن ئەمەش ئەو توانایە دەرئەبڕێ کەپارێزگاری گیانی سەرچدانەوەیەش کرا کە لە کەوتن ئەکات .

ڕژێمی بەکرێ گیراوەکان لە سوریا پردێکی ئاسمانی لە نێوان دیمەشق و تاراندا بۆ بارووی ڕەگەزپەرستە فارسەکان دروست دەکات

● ڕۆژنامەی- دیرنیراوەری بەلچیکایی ئەوەی دووپات‌کردەوە کە ڕژێمی بەکرێ‌گیراوی سووریا پردێکی ئاسمانی لە نێوان دیمەشق‌و تاراندا دروست کردوە بۆ گواێزانەوەی شتومەکی سوپایی سووریا بۆ ڕژێمی ئێران لە چوارچێوەی هەول‌و تەقەلای بێ‌وچانیا بۆ ئەوەی نەهێڵێ هێزەکانی ئێران بڕووخێن لەبەردەم ئەو لێدانە سەرپانکەرەوانەدا کە هێزە چەکدارە پانەوانەکانمان لە هەموو کەرتەکانی شەڕدا ئاراستەیانی دەکەن .

هەروەها ڕۆژنامە بەلچیکاییەکە بەناوی سەرچاوەیەکی ئێرانی‌یەوە کە نەیویست ناوی بهێنێ وتی ڕژێمی حافظ اسد پردێکی ئاسمانی دروست‌کرد بۆ گوێزانەوەیی هەندێ شتومەکی سوپایی بۆ ئێران کە بڕێنین لە (٩٠) تۆپی (١٢٢) ملیمی‌و (٥٠) تۆپی تری (٥٧) ملیمی دژی ئاسمان‌و (٢٥) تۆپی هاوەنی (٨٢) ملیمی‌و (٦) تۆپی هاوەنی تەمەری (١٦٠) ملیمی .

هەروەها سەرچاوەکە وتی هەندێکی تر لەم شتومەکانە بڕێنین لە (١٧) بارگوێزەرەوەی زرێپۆش یازدەیان ساووخی کاتیۆشا ئەتەقێنن‌و (١٢) تۆپی دژی ئاسمانی (٢٧) ملیمی‌و (١٩) تۆپی تری جۆراوجۆر (١١)یان ساروخ دەتەقێنن . ئەمە بێجگە لە کۆمەڵێکی زۆر لە کاروباری پێویستی تری وەک مەکینەی دەبابەو شتومەکی پزیشکی .

بڕوانە ل : ٧

کرتە هەوال

● پاریس :

● نزیکەی سەد کەس لە دۆستانی دەوروبەر پاراستن لە ناوچەی لیۆن‌و پاریس ڕێ‌ڕۆیشتنێکیان دەستپێ - کرد . بڕیاریش وایە ئەم ڕێ‌ڕۆیشتنە تا حەفتەی ئەم مانگە بخایەنێ‌و لەبەردەم کۆشکی ئێلیزێ‌دا تەواوبێ‌و لەوێدا زانایانی دەوروبەر داوای کۆبوونەوەیەک بکەن لەگەل سەرۆکی فەرەنسا فرانسوا میترانا .

● ئیسلام ئاباد . .

بەهۆی هەرەس هێنانی شاخێکەوە لە ناوچەی سوات لە ڕۆژئاوای سەرووی پاکستان حەوت کەس کوژران‌و یەکێکیش بریندار بوو .

سەرچاوە ڕەسمی‌یەکان وتیان هەرەسەکە پاشـ

بڕوانە ل : ٧

جەنگاوەرانی عیراق دەستی مەردانە لە دوژمنی ڕەگەزپەرست دەوەشێنن

زیانی سەرەمانی گوردەی دوژمن و فرۆکە ئازاکانمان سەرکەوتوانە مۆلگاکانیان ئاگرباران ئەکەن

جارێکی‌ترو بۆ دەیان‌جار ، سەربازە دلێرو بەچکە کوردو شێرەکانی عیراقی مەرد عیراقی کوردو عەرەب ، عیراقی سەربەرزی‌و پێشکەوتنی کاروانی بەرەو لوتکە ، بۆ هەموو دنیای سەلماند ، بۆیە هەستاوەتەوەو دروات ، پێشکەوێت‌و سەربکەوێ‌و عیراق گەڕانەوە نازانێ ، مل‌کەچی نازانی ، ئەو دوژمنە چەپەڵو جادووگەرو خۆ فرۆشانەی خەو بەوەوە دەبینن عیراق زەلیل بێ ، خۆیان‌و خەوی نەخۆشانەیان لە گەردەلوی چەپەڵی خۆیاندا نوقم دەبێ‌و با لەداخدا شەق‌بەرن کاروانی عیراق هەر بەرەو لوتکە دەچێت .

لە ماوەی هەفتەی فارسی ڕەگەز پەرستی ڕابووردودا ، جارێکی‌تر ، چاوچنۆکی دەبەنگ‌و جادووگەر ، ویستی بەختی خۆی ئاقی بکاتەوە ، بەڵام سەری بەر تاشە بەردی سەختی بەکێتی عیراق کەوت ، جەنگاوەری عیراقی سەرکەوت ، هەروەک سەرکەوتوو بووە ، ئەوان شکان، هەروەک هەمیشە شکاو سەر شۆڕو بە پەتک بوویون .

لەماوەی هەفتەی ڕابووردودا ، زیانەکانی دوژمنی قین لەدڵ‌و ڕەگەز پەرست بەم جۆرەی لای خوارەوە بووە :

● ١٩٨٢-٣-٢٥ :

لەم ڕۆژەدا ڕاگەیەنرا کە سێیەم ڕۆژە هێزە دلێرەکانمان ، بەرپەرچی مەردانەی ئەو هەوڵە چەپەڵەی دوژمن دەداتەوە کە دەیویست هێرش بەرێتە سەر بنکەو هێزەکانمان ، بەرپەرچی مەردانەی دیزفول‌و شوش بەڵام هێزە مەردەکانمان بە توندی چون بەگژیانداو بە هەزاران کوژراو برینداروچەندان سەربازیان لێ دەردەست‌کرا سەرەڕای دەست بەسەرا گرتنی چەک‌و جبەخانەیەکی زۆری دوژمن .

● ١٩٨٢-٣-٢٦ :

لەم ڕۆژەدا ڕاگەیەنرا کە دوژمن وەک هەموو جارەکانی تر شکاو بە پەنگ بوو ، نزیکەی (١٥) هەزارو (٩٩٨) کوژراو ژمارەیەکی زۆر برینداروگیراوو ١٤٠ دەبابەو چوار فرۆکەو ٧٩ سەرباز بەری مودەرەعەو چەک‌و کەرەستەیەکی زۆرو دەست بەسەرا گرتنی ٥٨ دەبابەو ١٦ تۆپ‌و ٢٣ سەربازبەری مودەرەع‌و چوار قازیفەی ئەنبوبی دەستیان بەسەردا گیراوە .

● ١٩٨٢-٣-٢٧ :

٢٢٣٧ کوژراوو ٢٥ دەبابەو ١٧ سەربازبەری مودەرەع‌و ٢٧ لۆری چوار بنکەی ساروخی‌و شەش قازیفەی ئەنبوبی‌و شەش شەڵ‌و گرتن‌و برینداریکی زۆرو فرۆکە سەمتیەکانمان مەردانە مۆلگاکانی دوژمنیان ئاگربار ان کرد .

● ١٩٨٢-٣-٢٨ :

٥٦٣ کوژراوو ٢٢ دەبابەو ١٤ مودەرەعەو ٢١ لۆری‌و شەش تۆپ‌و خستنە خوارەوەی دوو فرۆکەی دژمن‌و فرۆکە ئازاکانمان سەرکەوتوانە بنکەو مۆلگاکانی دوژمنیان بۆردوومان بەکردو هەموویش بە سەلامەتی گەڕانەوە بنکەکانی خۆیان .

بڕوانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

دیاری سەرەکی فەرماندە صدام حسین بۆ بەشدارانی کۆنگرەی جیهانیەتی ئایینی ئیسلام

بەڕێز عبدالغنی عبدالغفور وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایین چەند نوسخەیەکی لە قورئانی پیرۆز بەدیاری لەلایەن سەرەکی فەرماندە (صدام حسین)ەوە پێشکەش بە سەرەکو ئەندامەکانی وەفدە بەشداربووەکانی کۆنگرەی ئیسلامی لە کۆلۆمبۆ دەربارەی جیهانیتی ئیسلام، کرد .

هەروەها بەڕێز وەزیری ناوبراو وتارێکی بەم بۆنەیەوە پێشکەش کردو تیایدا سلاوی لە وەفدە بەشداربووەکان کردو سلاوورێزی سەرەکی فەرماندە صدام حسێن لەگەل هیوای سەرکەوتنی بۆ کۆنگرەکە لەپێناوی خزمەتکردنی مرۆڤایەتی یەوە ، ڕاگەیاندن .

ئەوەی شایانی باسیش بێت وەفدەی رژێمی فارسی نەزان لەنێوان وەفدە بەشداربووەکاندا شوێنی خۆی بەجێهێشت کە زۆربە ڕێزەوە دباری سەرەکی فەرماندەیان وەرگرت کە ئەویش دەربڕینی ڕێزو خۆشەویستیانە بۆ عێراق و هەڵوێستە ڕوون و ڕەسەنەکانی .

یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عێراق داوا لە رێکخراوە عەرەبی و جیهانیەکانی قوتابیان دەکات نارەزایی دژی کارە درندەییەکانی رژێمی حافظ اسد دەربڕن .

قوتابیانی عێراق داوایان لە گشت هێزو لایەنگرانی ئاشتی لە جیهان کردووە کە نارەزایی دژی کارە درندەییەکانی رژێمی حافظ اسد و هەڵوێستە خیانەتکاریەکەی لە یارمەتیدانی رژێمی ئێرانی بۆ بەردەوامبوونی جەنگ و جێبەجێکردنی پیلانەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم ، دەربڕن .

لە هەولێر

میهرەجانێکی گەورە عەشیرو وو تارخوێندنەوەی ئافرەتان

● بەتەلەفون لە نووسینگەی هەولێرەوە

نووسینگەی ڕێکخستنی ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی سەر بەیەکێتی گشتی ئافرەتانی عێراق ، میهرجانێکی شیعرو ووتار خوێندنەوەی لەهۆلی ڕۆشنبیری جەماوەر لەهەولێر بەبۆنەی ئاهەنگەکانی جژنی نادارو نەورۆزەوە ساز کرد .

بەڕێزان احمد عبدالقادر نەقشبەندی سەرەکی ئەنجومەنی یاسادانانی ئۆتۆنۆمی ، ناوچەی کوردستان ، احسان هیبەالله جێگری سەرەك ئەنجوومەنو ، هەڤاڵان رازگری نووسینگەی پیشەیی و ڕازگری نووسینگەی کرێکارانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و جەماوەرێکی زۆری هاوولاتیان ئامادەی میهرەجانەکە بوون .

لەمیهرەجانەکەدا ژمارەیەك لە ئەندامانی ڕێکخراوەکانی ئافرەتانی پارێزگای هەولێرو دهۆك شیعرو ووتاریان خوێندەوە، لەبەرهەمەکانیاندا یادو بیرەوەری ئەم جەژنە پیرۆزانەیان دەربڕی و ستایشی سەرکەوتنە مەزنەکانی سوپای دلێرمانیان کردو شانازی خۆیان بەرامبەری سەرکردایەتی یەمەزنەکەی سەرەکی خەباتگێڕ صدام حسین نواند .

یەکێتیی نیشتمانی قوتابیانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا بۆ ڕێکخراوەکانی لاوان و قوتابیانی عەرەبی و جیهانی دووپاتی کردەوە کە ئەو شۆڕشە میللییەی هەموو شارەکانی سووریای گرتۆتەوە ، بەبەردەوام بەهێز دەبێت و پەرەدەسێنێ و شێوەیەکی ەچکدارانە لەنێو جەماوەر دژ بە دامۆزدەگا دڕندەکانی رژێمی حافظ اسد وەردەگرێت . ئەوە دەگەیەنێت کە گومان لەوەدانی یە گەلی خەباتگێڕو خۆڕاگرمان لە سووریا رژێمی حافظ اسد دەڕوخێنێ و رژێمێکی نیشتمانی دیموکراتی دێنێتەسەرکار . کە ئەویش ڕۆلی مێژوویی لە مەیدانی خەباتی نەتەوایەتی بۆ سووریای عەرەبی دەگەڕێنێتەوە .

هەروەها بەیاننامەکە دووپاتی کردەوە کە ئامانجی سەرەکی رژێمی سووریا تەنها ماندووو چەسپاندنی دەسەڵاتە لەژێردەستی دارودەستەکەی و بەهیچ جۆرێك گوێ بە لەدەستدانی خاکی نیشتمانی نادات ، ئەویش پاش ئەوەی ڕێگای ، خیانەتکاری و پیلانانەوەی بۆ سەر نەتەوەی عەرەب بەهەموو شێوەیەك ، گرتەبەرو بەرەو خۆبەدەستە ـ وەدان و ئاشتبوونەوە لەگەل زایۆنی دوژمن هەنگاو دەنێت . هەروەها بەیاننامەکە پیشانیدابوو کە سەرەڕای توندوتیژی رژێم و ڕەفتارە فاشستیەکەی تەقینەوەی جەماوەری خاوەن پەیام بەردەوامەو هەموو کونج و کەلەبەرێکی هەرێمی سووریای گرتۆتەوە .

بەرەوامی چالاکیەکانی جەماوەری گەل بۆ پشتیوانی جەنگی رەوای قادسیەی صدام و پتەوکردنی گیانی سەرکەوتن

لە ناوچەی کوردستانا

لە گەرمەی سەرکەوتنەکانی سوپا ڕەهەڵمەتەکەمانا لە بەرەکانی شەڕدا دژی فارسەڕەگەزپەرستەکەی دوژمنماندا لە پێناوی مافی ڕەواکانمان و سەربەرزیماندا جەماوەری گەلمان لە پارێزگاکانی وڵاتدا لە چالاکی و جم و جوولی جۆربەجۆردان بۆ یارمەتیدانی شەڕە نەتەوایەتی یەکەمان و پتەوکردنی گیانی سەرکەوتن .

جەماوەرەکانی گەل ئامادەیی هەمیشەی خۆیان پیشان دەدەن بۆ گیان ـ بەخشین و هەوڵدانی بێوچان لە پێناوی زیادکردنی بەرهەم و چاککردنی جۆری بۆ پاراستنی گیانی ئەو سەر ـ کەوتنەی هێزە پاڵەوانەکانمان دەستیان خستوە .

پیشانگا

بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر ئەو یەکەم پیشانگایەی کردەوە کە لقی پەروەردەی تایبەتی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیدا ئامادەی کردبوو و ماوەی دوو ڕۆژی خایاند .

بابەتەکانی ئەم پیشانگایە کە لە هۆلی قوتابخانەی ئەیوبیەدا کرایەوە سەر ـ کەوتنەکانی سوپا ئازاکەمانی دەرئەخست بەسەر فارسە ڕەگەزپەرستەکەی دوژمنماندا لەگەل چەند نموونەیەك لە کەل و پەل و خشڵی فۆلکلۆری کوردەواری .

هەروەها لە پارێزگای هەولێردا چالاکیەکی فراوان دەستی پێکرا بۆ ـ نەمام ناشتن لە ڕێگاکانی پێش ناوشارو لە سەر شۆستەی شەقامەکان و گۆڕەپان و باخچە گشتی ـ یەکانا .

بەم بۆنەیەوە ئاهەنگێك کراو بەڕێوەبەری شارەوانی هەولێر وتارێکی تیا خوێندەوەو تیایا باسی گرنگی چاودێری کردنی درەخت و زۆرکردنی نەمام ناشتن کرد .

دوای ئەمە پارێزەری هەولێر یەکەم شەتڵی ئەم چالاکیەی چاند لەو شەتڵانەی کە لە دەهەزار شەتڵی جوانی زیاترن .

پیشانگایەکی وێنەگرتن

بەڕێوەبەرایەتی یانە زانیاریی جەماوەری یەکانی پارێزگای سلێمانیش پیشانگایەکی بۆ وێنەی فۆتۆگرافی بە بۆنەی جەژنەکانی بەهارو نەورۆزەوە کردەوە .

ئەم پیشانگایە کە لە قوتابخانەی گۆیژەی سەرەتایی کچاندا کرایەوە (٤٠) وێنەی تیا پیشان درا کە (١٤) وێنەگر گرتوویانەو دڵسادی ڕۆڵەکانی پارێزگاکە پیشانیدەدەن بە بۆنەی ئەم جەژنانەو باری کۆمەڵایەتی ـ یان .

بەڕێز جێنشینی پارێزەرو هەندێ لە بەرپرسیارانی پارێزگەکە ئامادەی کردنەوەی ئەم پیشانگایە بوون .

پیشانگایەکی تر

بەڕێز پارێزەری هەولێر پیشانگای تایبەتی هونەرمەند نەسرین نوری عبداللەی کردەوە لە مەڵبەندی لاوانی هەولێر کە هەشت ڕۆژ ئەخایەنی و (٢٤) وێنەی تیا پیشاندراوە لە بارەی سەر ـ کەوتنەکانی گەلمان لە شەڕی قادسیەی صدامداو ئەو ژیانە ڕۆژانەیەی ڕۆڵەکانی گەلمان لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستاندا تیا دەژین .

ئەم هونەرمەندە پیشانگاکەی بە هاوکاری لەگەل ئەمینداریتی گشتی زانیاری و لاوانی ناوچەی ئۆتۆنومی کوردستاندا کردوەتەوە .

هاوڕێی ئەمینداری نهێنی پێشەوایەتی لقی حزبو بەڕێز جێنشینی پارێزەری هەولێرو هەندێ لە ئەندامانی سەرۆکایەتی لقی حزبو سەرۆکەکانی دائیرەکان ئامادەی کردنەوەی پیشانگاکە بوون .

کۆڕێکی کرێکارانە

بەکێتی ناوخۆی نەقابەی کرێکارانی پارێزگای دهۆك کۆڕێکی فراوانی بۆ کرێکارانی خزمەتگوزاری گشتی و کشت و کاڵ و گواستنەوەی سەرزەوی و مایەی خواردەمەنی ڕێك خست لە هۆڵی لقی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست .

هاوڕێی ئەمینداری نهێنی پێشەوایەتی لقی حزبو بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی نووسینگای ڕاپەڕاندنی بەکێتی لە پارێزگاکە ئامادەی کۆڕەکەبوون .

بەڕێز پارێزەری دهۆك ئاهەنگەکانی پارێزگەی کردەوە کە لە بۆنەی جەژنی دارودرەختەوە ڕێکخراون و لە هۆڵی دەستەی گشتی کشت و کاڵ و چارەسەر کردنی کشت و کاڵدا گێڕراون و هاوڕێیان ئەمینداری نهێنی و ئەندامانی سەرۆکایەتی لقی حزب لە دهۆك ئامادەی بوون .

لە سەرەتای ئاهەنگەکەدا ئامادەبووان یەك دەقیقە بۆ یادی بەرزی گیانی شەهیدەکانی قادسیەی صدام ڕاوەستان و ئەنجا دەستەیەك لە پێشرەوەکان هەندێ گۆرانی یان پێشکەش کردو دوای ئەمە چەندەها وتار خوێنرایەوە کە بریتی بوون لە سلاو بۆ پێشەوایەتی حزب و شۆڕش و سەرۆکی پێشەوا صدام حسین و سەرکەوتنەکانی سەربازە قارەمانەکانی .

لە کۆتاییدا بەرپرسیارە بەڕێزەکان شەتڵی جۆرەها درەختیان لە باخچەی دەستەی گشتی کشت و کالدا ناشت و بەمە ئەو چالاکیە دەستی پێکرد کە بریتی یە لە ناشتنی بیست هەزار شەتڵ لە شەقام و گۆڕەپان و ڕێگەکانی دەرەوەدا .

کۆبوونەوەی جەماوەری

● جەماوەری قەزای خانەقین خۆبەخت کردنی خۆیان لەلیژاکانی کاری تایبەتیدا ڕاگەیاند . لەوکۆبوونەوە جەماوەریەی کەسەرکردایەتی فیرقەی (قعقاع)ی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی ڕێکی خست بروسکەیەکیان ئاراستەی سەرەکی بەڕێز صدام حسین کردو تیایدا بەڵێنیاندا کەهەموو سەربازی بەوەفاو ئامادەی هەر کارێکی جەنگاوەرانە بن کەپێیان دەسپێردرێ .

هەروەها لەکۆبوونەوەکەدا ووتەیەك بەناوی ڕێکخراوی حزبەوە خوێنرایەوەو تیایدا ستایشی سەرکەوتنەکانی سوپای مەزن و ئامادەبوونی جەماوەر بۆبەشداربوون لەجەنگی ڕەواماندا کرا .

هەفال ڕازگری سەرکردایەتی لقی خانەقینی حزبو چەند لێپرسراوێکی ئیداری لەقەزاکەدا ، ئامادەی ئەم کۆبوونەوەیە بوون .

● هەروەها جەماوەری جووتیارانی گوندی گەزنەی سەر بەناحیەی عەین کاوە لەپارێزگای هەولێر ئامادەیی خۆیان بۆخۆبەخت کردن و بەشداربوون لەجەنگی ڕەواماندا ڕاگەیاند و لەکۆتایی ئەو کۆڕە فراوانەی کەلەناحیەکەدا بەسترا بروسکەیەکیان ئاراستەی سەرەکی فەرمانده صدام حسین کردو ئامادەیی خۆیان بۆچەك هەڵگرتن و ڕووکردنە بەرەکانی جەنگ بۆ بەرەکانی دوژمنی فارس پیشاندا .

بەڕێزان سەرەك و ئەندامانی نووسینگەی ڕاپەڕاندنی یەکێتی ناوخۆیی کۆمەلە هەرەوەزی ـ یەکانی جووتیاران و هەڤال لێپرسراوی نووسنگەی جووتیاران لەسەرکردایەتی فیرقەی مظفر ئامادەی ئەم کۆڕە فراوانە بوون .

ڕۆژی نەورۆز لە سلێمانی

لە پارێزگای سلێمانیش‌دا هەروەك پارێزگاکانی تری ناوچەی کوردستان بە بۆنەی بیرەوەری یادی ڕۆژی نەورۆزەوە بە سازکردنی ئاهەنگێکی قەشەنگ لە دوو ریانی بەکرەجۆو ناوچەی باخی بەختیاری‌دا پێشوازیی‌و ماڵئاواییان لە بیرەوەری ناوبراو کرد .

× سەبارەت بە سازکردنی ئەم ئاهەنگەش دوای ئەوەی لە کۆبونەوەیەکی لیژنەی باڵای سەرپەرشتیاری ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆزی ئەمسالمان کە بە سەرەکایەتی بەڕێز جعفر عبد الکریم بەرزنجی پارێزگاری سلێمانی کراو تیایدا دوپاتی بایەخ پێدانی ئەم جەژنە مێژوویی‌یە کرایەوە بە تایبەتی لە ساڵی ئەمسالمان‌دا کە ئەم بیرەوەری‌یە مێژوویی‌یە دەست لە ملی سەرکەوتنەکانی سوپای دلێرمان دەکات کە سەربازە پاڵەوانەکانمان لە بەرەکانی جەنگی (قادسیەی صدام)ی پیروزدا وەدەستیان هێناوە .. ئەوەبو بریار درا کە جێگای ناوبراو بکرێ بە شوێنی ئاهەنگ گێڕانی نەورۆزی ئەمسال .. هەر بۆ ئەمەشی بە سەرەکایەتی جێگری پارێزگاری سلێمانی و ئەندامێتی نوێنەرانی ڕێکخراوە میللی و پیشەیی‌یەکان لیژنەیەکیان پێك هێنا بۆ ڕێکخستنی باسە پرۆگرامی ئاهەنگ شوێنی ناوبراو لە هەموو رویەکەوە ... هەروەها لە رۆژی نەورۆزدا لیژنەی سەرپەرشتیاری ئاهەنگ گێڕان هەڵسا بە دابەشی کردنی ئیش و کار بە سەر ئەندامەکانی‌دا بۆ رازاندنەوەو جوان کردنی شوێن ئاهەنگ گێڕان بە وێنەی سەرەکی فەرمانده صدام حسین و هەڵواسینی دروشم و لافیتەی جۆربەجۆر لەگەل ئامادە کردنی شانۆیەکیش بۆ پێشکەش کردنی چەندەها چالاکی هەمەرەنگ .

× شایانی باسە بەڕێز جعفر عبدالکریم بەرزنجی پارێزگاری سلێمانی و هاوری دکتۆر نجم عبدالله العراقی ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست لقی سلێمانی لەگەل بەڕێز جێگری پارێزگارو چەندەها لێپرسراوو سەرپاك دائرەکانی تر کە بەم بۆنەیەوە جل و بەرگی کوردیان پۆشیبو چاودێری ئەم ئاهەنگەیان کردو لە کاتی ئاهەنگەکەشدا کە لە بەیانی‌یەوە تا دەمەوئێوارەی بەردەوام بوو بە ناو هاوبەشان و ئامادەبووانی ئاهەنگەکەدا دەگەڕان و پیرۆزبایی گەرمیان بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە لێدەکردن . . . شایانی گێڕانیش بریتی‌بوو لە چەندەها چالاکی هونەری و بابەتی تر وەك گۆرانی و هەڵپەڕکێی کوردی و فۆلکلۆری لە لایەن ڕێکخراوە میللی و پیشەیی‌یەکانەوە ئەمەش سەرباری هاوبەشی کردنی چەند تیبێکی میللی و خۆماڵی تر بە چەند گۆرانی و ئاوازی فۆلکلۆری نەتەوەیی ...

شایانی باسە بۆ گواستنەوەی جەماوەرانی پارێزگا بۆ شوێنی ئاهەنگ گێڕان و هێنانەوەیان هەموو هۆکانی گواستنەوەی میری‌یان بۆ خرابوە کار .

Institut Kurde de Paris

ئەندریە مالرۆ

ژیان و بەرهەم

د. بدرخان سندی

اندریە مالرو ستێرکا گەشە ل ئاسمانێ تورێ فرنسی‌دا ئو گەشاتی‌یا خودابێ گشت فێ جیهانێ .. فێ تورەڤانی خزمەتا چیروکا خەبان‌کەر کر .. چونکی « مالرو » وەکی تورەڤانەکێ شورش‌ڤان هاتە ناس‌کرن .. ئو دەنگی زەنگینێ ئازدیێ ژهەر پەیڤەکێ ژ پەیڤێن بەرهەمێ تی تورەڤانی دژمنی ..

اندریە مالرو ل سالا ١٩٠١ێ ل پایێ هاتە سەر دونیایێ ئو دەبکاوی ئەو خودان‌کر .. هنیکێ وێ سەرکاری‌یا دوکانەکێ ژدەرڤەی پاریسی دکر ..

پشتی کو مالروی خواندناخو یا ئامادەیێ (ئانوی) بدویماهی ئینای دەست بخواندنا ئەزمانێن روژهەلات کر ل خواندن‌گەهەکێ پاریسێ ... وی لوێرێ ئەزمانێی سنسکریتی ئو چینی خواند هەر وەسا وی هونەر ئو شوێن‌وارێن جیهانا روژهەلات خواند .

ئەڤی تورەڤانی ل هندە کتێب‌خانا کارکر ئو بەری بکەهتە ٢٠ سالی‌ی ژنەکا ئەلمان بخو هینات دبێژن ژنەکا دەلەمەند بی لێ ل سالا ١٩٣٠ ئەو ژناخو ژێك چونەپاش .. پشتی هینگێ وی ژنەکادی بخو هینات نافێ وێ «جوزیتا» بێ .. لێ ل سالا ١٩٤٦ێ ل لێك‌دانەکا شەمەندەفرا .. ئەمرێ خودێ‌کر .. دیفادا مالروی ژنەکادی هینات .. نافێ‌وی مادلین‌بی .. براستی ئەڤ سێ رەنگێن ژیانێ دگەل سێ کەسا (سێژنا) کارەکێ نەفسێ لێ‌کر ..

ئێکەم بەرهەمێ ڤی تورەڤانی دیوانەکا هوزانا بی .. اندریە مالرو ل سالا ١٩٣٣ی ژحوکمەتا فرەنسی خواست کو بهێلن سەروکاتی‌یا تیپەکێ ژ شوین - وارڤانا بکت ئو بچنە « کەمبودیا »دا لوێرێ ل شوین وارێن کەڤن بگەرهن .. حوکمەتا فەرنسی داخوازا مالروی بجهە هینات ئینا چوون کەمبودیایی ئونێزیك سالەکێ لویی وەلاتی ما ئانکو ل هندستانا چینی .. ئو ئەڤی تورەڤانی گەلەل زەحمەت ئو نەخوشی لوی دەڤری دیت نەخاسمە ژبەر ڤەگرتنا نەساخی‌یێن وی جهی .. مالرو وهەڤالێن‌وی ل گەرهان ئولایف چونێن‌خو ێن شوین‌واری بسەر شوین‌وارێ مزگەفتەکا کەڤن هەلبین ئەو ژی مزگەفتەکا سەر چاخێ دەست پێ‌کرنا ئولێ بوذیایی .. هەروەسا بسەر هندە پەیکرێن بوذی‌یا هەلبین ئو ئەو پەیکر ژ جهـ راکر ئو برە پایی‌تەختێ کەمبودیایێ لێ حوکمەتا فرنسی لوێرێ ئانکو ل کەمبودیایێ مالرو گرت ئوهافێتە زیندانێ چونکی وی پەیکر وشوین - وارێن وێ مزگەفتێ ژ جهـ راکر بەلێ ژنا مالروی « کلارا » ئەستا پاریسێ‌کر ئو لوێری دگەل هونەرمەند ئو تورەڤانێن فرەنسی ئاخفت ئو ئەوانا بێکفە نەرازی بوناخو نیشا حوکمەتا فرنسی دان .. ئو داخوازا بەریونا مالروی کرن .. ئینا حوکمەتێ ژی قەرمانا ئازادیونا مالروی دا .. ئو مالرو ژ حەبسێ دەرکەت ئو هاتە ڤە پاریسێ .. هینگێ روژنامە ئو کوڤارێن فرەنسی ل پاریسێ بچاڤەکێ پر بها ئو رێز گرتن بەرێ‌خو ددان مالروی ئو گوتارێن هێژا ئو بەرکەتی لسەر دنڤیسین ئو بەلاڤ‌دکرنا .. لەو نافێ مالروی خوشی لناڤ خەلکی وخویندەڤانا بەلاڤبو .. مالرو دبن کارێن سایکولوجی (نفسی)ێن سەفراوی بو کەمبودیایێ چیروکاخو یا بناڤ ودەنگ « رێکا بادی شاهان » نڤیسی .. ئو دڤێ چیروکێ مالرو ژ سەفراخورا دبێژت (وصف) دکت .. وی برەنگەکێ ئاشکرا بەحسێ‌وی سەفرێ دکر وئازارێن دیتی لناڤ دەڤەرێن پر ژ دارستانا .. وی مژلەتی‌را دگوت .. بەحسێ خەلکێ وی وەلاتی (کەمبودیایێ) دکر .. ئو ژیاناوانا دبن دەستێ داگیرکەرێن ئورپی‌دکر .. ئو چەوا وی شورشی لناڤ چاڤێن وی ملەتی بئاشکرایی دخواند ..ددیت ..سەفرا مالروی بو کەمبودیایی وگەرهاناوی ژبو شوین‌وارا بی ئەگەرا هندێ ئەڤ مروڤێ‌هەهندە هزرێن سیاسی‌یێن گەرم پەیدابکت ، ئوگەهشتە باوەرەکی کو پێ‌کڤی‌یە هاری ملەتێ کەمبودیایێ‌بکت دا ژبن دەستێ زوردار ئو داگیرکەرێن وەلاتی ئازادبن ، لەو

بروانە ل : ٧

جەنگاوەرانی قادسیەیێن

ئەی ئەوانەی گیانتان سپارد
یەم خاکەی کە تیا ئەژیان
پێشرەو بوون شاد بون بە مەرگ
بە مەردی تیایا نیشژران

× × ×

ئەی ئەوانەی دوا نامەتان
هەناردەوە بۆ کەس‌وکار
دوژمنی خۆین خۆرێ تان بەزان
جێی شانازین بونە یادگار

× × ×

پەیمانێن تادوا هەناسە
لە پێناو مافو سەرکەوتن
درێغ نەکەین‌لە تێکۆشان
بچین بەرەوپیری مردن

× × ×

بە خواشێکی ئاسنین گشت
بۆ وولات بەمەردی بەسرین
ئالای شەکاوەی عیراقەان
بە گەورەو بچوك هەلبگرین

× × ×

دەوریشمان بە فرو باران بێ
تۆپو تەیارەی دوژمنان
بێباك پێناوین ئەجەنگین
دوژمنمان خستە هەلومران

× × ×

سا با وایشین پە یمانمان
خوشکوبرا درشتو وورد
لەگەل ئەم خاکەی وائێوەی
خستە جەرگی‌و بە خۆی شاد کرد

رۆوف تاهیرزەنگەنە
١٩٨٢/٢/١٦

زانستی زمان و باوەڕەکانی

کۆمەلگای مرۆڤایەتی ،زمانی لە کۆنترین چاخەکانیدا زانیووەو ناسیووە . زمان دیاردەیەکە ئادەمیزاد لە گیاندارانی تر جیا دەکاتەوەو تەنیا بەخۆیەوە تایبەتو بەندە . هەر بەهۆی زمانیشەوە بوو کە بۆی لووا کۆمەلگا پێك‌بهێنێتو شارستانیەت دابمەزرێنێتو ، بەگوێرەی ووبستو خواستی ژیان ، سال دوای سال ، بیان‌بووژێنێتەوەو پەرەیان پێ بدات .

مولود حمد نبی

بەم جۆرە ، زمانو کۆمەلگاو شارستانیەت سێ دیاردەی بەستراوو پێکەوەلکاون . . . . هەر لە دێرزەمانیشەوە بیرناسانو زمانەوان ئەوە دەجوونەوە کە کامیان (زمان یان کۆمەلگا یان شارستانیەت) لە پێشەوەو پێش یەکترن ... هەروەها : ئایا زمان پێش بیر کەوتووە یان بیر پێش زمان کەوتووە ؟

ئێمە لێرەدا نامانەوێ بچینە مەیدانی ئەو پرسیارو بۆچوونو بیروڕایانەی لەمەڕ ئەو قۆناغانەدا کراونو ووتراون بۆ ئەوەی هاوبوونی زمان لەگەل بیری مرۆڤایەتی‌و گرنگێتی‌ی زمان بۆ دامەزراندنی بنچینەی کۆمەلگای مرۆڤایەتی‌و ، هاوکاریی کۆمەلیش لە داکووتانی پێزە سەرپشك‌و سەرەکیەکانی شارستانیەت بسەلمێنرێت .

ئادەمیزاد هەر لەو رۆژەی چاوی بە دونیا هەلهێناوەو هۆشی پەڕ بووەتە مێشك ، بیری لەخۆی کردووەتەوەو سەری لە بوونو هەلس‌وکەوتی خۆی سووڕماوە . ویستوویەتی بزانێ چی‌یەو بۆ هەیە . .. ئەو سرووشتەی دەوروپشتی چی‌یەوچۆن پەیدا بووە ... گەلۆ ئەبێ سەرەتا چۆن بووبێت !

ئەم ئارەزووە بەتینەی حەز بەخۆناسین کردن ، پاڵی بە ئادەمیزاد ناوە بەردەوام لەگەل خۆیدا بدوێ‌و بەشوێن خۆی بگەڕێت‌و .. هەر ئەبێ بیزانێت .

ئەمەش لە گشت ئایین‌و میتۆلۆجیاو فەلسەفە - پێك‌دا هاتووەو بیرتیۆرو فەیلەسووفانیش بە درێژایی مێژوو لە لێکۆلینەوەی ئاسین‌و ژانینی ئەم لایەنە گرینگە دوور نەکەوتونە - تەوەو بەردەوام هەولی رابێشکردنی کەرەسەی خۆشکردن‌و وەلامدانەوەی پرسیارە سەرەکیەکانیان داوە .... ماوە دوای ماوەو پشت دوای پشتیش زانایان ، هەر یەکێك لە بواری کارکردنیدا (لە زانستی فەلەك‌و کۆمەلناسی‌و فیسیۆلوجیاو فەلسەفەو مەنتیق‌و سایکۆلۆجی‌و مێژوو و ... هتد

کۆششیان کردووە کە لە گشت رووێکەوە لە ئادەمیزاد بکۆلنەوەو لایەنە ئالۆزو ئاستەنگەکان شی بکەنەوە .. .. وە زانستی زمانیش هەر لە سەرەتای پەیدابوونیەوە - لە سەدەی نۆزدەم - تا رۆژگاری ئەمڕۆمان‌دا ، هەولی ئەوەی داوە لە سرووشتی زمان - لە گشت رووەکانیەوە - بکۆلێتەوەو وەلامی ئەو پرسیارانەی لەگۆڕێنە ، وەك (زمان چییەو چۆن پەیدا بووە ؟ ، بۆ یەك زمان لە جیهاندا نیە ؟ بۆچی جیاوازیی لە نێوان زمانانی جیهاندا هەیەو بۆچی هەر زمانێك چەند شێوەیێکی هەیە ؟... هتد) بداتەوە . جا ئەو بەشە زانستەی شوێن شیکردنەوەو وەلامدانەوەی وەك ئەم پرسیارانەو چەندەها پرسیاری تر کەوتووەو دەکەوێ بە زانستی زمان ئەو بەشەی زانستە کە دەیەوێ بزانێت زمان چی‌یە « لێرەدا مەبەستمان زمان بەگشتی‌یەوەك دیاردەیەکی مرۆڤایەتی - نەك زمانێکی تایبەت » - چونکە هیچ کۆمەلێك ئادەمیزاد لە جیهاندا نیە زمانی نەبێتو هەمووشی هەمان ئەرك بەهە - مان رێگە بەجێ‌دەهێنن ، کە گواستنەوەی ئەو بیرو خەیالانەی لە مێشك‌دا هەیە، بە هۆی کۆمەلە دەنگێکی بەزار درووست بوو ، بۆ بەرامبەر .. .. . ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە کۆمەلە باسێکی بنجی هەن هەموو زمانانی جیهان تیایاندا بەشدارن‌و بەهۆیانەوە کار دەکەن . جا ئەرکی زانستی زمان زانین‌و تێگەیشتنی سرووشتی ئەم بیناغە گشتی‌یەو دیارخستنی ئەو یاساو دەستوورە بنەڕەتانەیە کە گشت زمانانی جیهان تیایاندا بەشدارن‌و بەهۆیانە کار دەکەن .

هەرچۆنێك بێت ، مرۆڤ، بە درێژایی تەمەنیەوە هەلس‌وکەوتی بە زمان‌و لەگەل زماندا کردووە .... پاشان بیری ئەوەی کردووە - تەوە کە ئەبێ ئەم زمانە بنووسرێتەوەو بۆ ئەوەی داهاتوو هەلبگیرێت . .

ئەمەیش لە میسرو عیراق‌دا بەر لە پێنج هەزار سال‌دا بووە ... وە رۆژبەی گەل‌و نەتەوەش بە درێژایی چاخ‌و سەردەمیانەوە ئاوا مابوونەوەو هیچیان نەدەنووسیەوەو بۆیان نەدەنووسرایەوە .

زمان وەك دێرێنەی کۆمەلگای مرۆڤایەتی کۆنە ، بەلام نووسینەوەی دیاردەیەکی نوێیە .

گەلان هەن تا ئەم ماوەی دووایی‌دا زمانی خۆیان نەدەنووسیەوەو رۆربەی رۆلەکانیشیان نەخوێنەوار بوون بەرادەیەك هەندێکیان بیری ئەوەیان نەدەکردەوە

مرۆڤ ، لە ژیانی رۆژانەی‌دا پێویستی بە ئاخاوتن‌و زمان هەیە ، بەلام نووسینەوەی زمان هەمیشە پاش قۆناغێکی بووژانەوەو فرەگەشاوەی شارستانیەت دێت .

تێکرا ، زانستی زمان ، بە شێوەیێکی زانستیی لە زمان‌و لق‌و پۆپەکانی دەکۆلێتەوە . . . .

لێکۆلینەوەیێکی مەوزوعیی نەك خودیی . . . ئەم مەوزوعیەش بوو بووە هۆی دیارخستنی زۆر راستی‌و باوبوونی » پەیڕەوو زانستیی بۆ زمانەوانان لە بینای زماندا دەکۆلێتەوە :

١ - دەنگەکان (فۆنەتیك‌و فۆنۆلۆژی) .

٢ - ووشەسازی (مۆرفۆلۆژیا) .

٣ - رستەسازی .

٤ - سیمانتیکس .

ئەم دابەشکردنە لە وەحداتی بچووکەوە بۆ وەحداتی گەورەتر لە زماندا دەست پێ دەکات . هەر زمانێك لە زمانانی جیهان‌دا ، لە کۆمەلێك فۆنێم پێك دێت‌و تێکرا لە زۆربەی زۆری زمانان‌دا ژمارەیان لە نێوان ٣٠ تا ٤٠ فۆنێم دایە. بەم چەند فۆنێمە دیارکراوانە ملیۆنەها ووشە ، لە ئەنجامی دانانی جیاجیای کەوا ئەو دەنگانەی پێیان دەدوێن ، دەتوانرێ وێنەیان بۆ دابنرێ‌و زمانەکەیان بنووسرێتەوە .

فۆنێمەکان لە جۆرەها شوێنی جودا جودادا پێك دێت‌و دێتە کایەوە .

ووشەکانی (دوور) ، (ردوو)، (رود) ، (وورد) ، (وورد) ، لە رووی ئەزەڕی‌یەوە تەواون .. گشتیان لە هەمان سێ فۆنێمی (د ، وو ، ر) پێك هاتوون ، بەلام لە رێزکردن‌و دانان‌و شوێنیان لەناو جیاوازن‌و ، هەندێکیان لە ووشەدا جیاوازن‌و ، هەندێکیان لە واقیعی زمانی کوردی‌دا هەن « (دوور) ، (درو) » ، ئەوانەی تریشیان (ردوو)، (وودر)] لە واقیعی زمانەکەمان‌دا نین .

هەمان شتیش بە نیسبەت زمانانی ترەوە .. بە وێنە، لە زمانی عەرەبی‌دا ووشەکانی ، (رشق) ، (قشر) ، (قرش) ، (شرق) ، لە هەمان وەحداتی دەنگیی پێك هاتوون بەلام لە دانانی وەحدە دەنگی‌یەکان لەناو ووشەدا جیاوازن ... وە هەندێ لەو ووشانە لە واقیعی زمانی عەرەبی‌دا هەن‌و ، ئەوانەی تریش ، هەرچەند لە رووی ئەزەڕی - یەوە تەواون ، بەلام لە واقیعی زمانی عەرەبی‌دا نین .

بەم جۆرە دەبینین ئەو ژمارە فۆنێمە دیاری‌کراوانە لە هەر زمانێك‌دا ، دەتوانن ملیۆنەها ووشە درووست بکەن . بەلام هەر زمانێك لە زمانان‌دا تەنیا چەند هەزارێك ، لەوانەی دەلوێن، هەلدەبژێرێت .

ئەم ووشانەش بە پێی کۆمەلێك دەستووری مۆرفۆلۆژیایی رێك دەخرێن، وەك بیناو پێشگرو پاشگر ، کە بۆ هەر پێکهاتنێکی نوێ‌و داڕشتن‌و مانایێکی نوێ پێك دێنێت .

بۆ وێنە ، پاشگری (ـین) لە زمانی کوردی‌دا چەند ئەرکێك دەبێنێ. لەم ئەرکانە، بە وێنە : کە دەچێتە سەر ناوی سادەو ئاوەڵناوی سادەو ئاوەڵکرداری سادە ، ناوی داڕێژراو درووست دەکات .

- ناوی سادە (شەرم) + پاشگری (ـین) ناوی داڕێژراو (شەرمین) .

- ئاوەڵناوی سادە (نەرم) + پاشگری (ـین) ناوی داڕێژراو (نەرمین) .

- ئاوەڵکرداری سادە (پێش) + پاشگری داڕێژراو (پێشین) .

- هەروەها دەچێتە سەر ناوو ئاوەڵناوی تازە درووست دەکات (ئاگر + ین ئاگرین) . ..... هتد .

ئیتر بەم جۆرە دەبینین کە ژمارەیێك دەنگ کۆمەلێك رێکخستن ، بە گۆڕینی هەر دەنگێك لەناو کۆمەلەکەدا پێك دێنێت .. .. ئینجا دەوری بیناو پاشگرو پێشگر دێت بەوەی کە یارمەتی توانستی‌ی ئەو دەنگانە دەدەن کە بە ملیۆنەها ووشە پێك بهێنن .

بەلام بینای زمان تەنیا بە بوونی ئەم ووشانە کۆتایی پێ نایەت‌و بەس ، بە وێنە ، جیاوازی بنجی نێوان (ئازاد لە نەوزادی دا) و (نەوزاد لە ئازادی دا) بۆ جیاوازیی ووشەکان ناگەڕێتەوە ، بەلکو بۆ جیاوازیی دانان‌و ریزکردنی حالات‌و تایبەتی ووشەکان لەناو هەمان شێوە لە شێوەکانی رستەدا دەگەڕێتەوە .

بڕوانە ، دەمی رابووردوو (چوو) لە رستەی وەك (ئەگەر هۆگر چوو بۆ سەیران با یاپراغ لەگەل خۆی‌دا ببات) چۆن لە قاوغی ماناکەی دەردەچێت. لێرەدا قەت مانای رابووردوو ناگەیەنێت ، بەلکو لە رستەکەدا باس لە دوو فرمان (ئیش)ە کە هێشتا رووبان نەداوە ، لەگەل ئەوەشدا هەردوو (چوو)ەکە دوو فرمانی رابووردوون. ئەمەش ئەوە بەدەستەوە دەدات کە تەنیا پیشاندانی ئەوەی کە دەمەکە بۆ رابووردووە بەس نیە بۆ ئەوەی دەرکەوینە سەر ماناکەی ... وە ئەبێ لەم رووەوە لەو شێوە جیا جیایانەی کە رستە دەیبێنێت ، لە هەر زمانێك لە زمانان‌دا ، بکۆلرێتەوە . بەم جۆرە شێوەی جیاجیای بینای رستە ئەو دەرفەتە باو دەکات کە زمان بە هەزاران ووشە کە - لە راستی‌دا - تیایدا هەن ، ملیۆنەها مانا دەربڕێت .

پەراوێزو سەرچاوە :

١ - مدخل الی علم اللغه - د. محمود فهمی حجازی - دەزگای رۆشنبیریی بۆ چاپەمەنی‌و بلاوکردنەوە - قاهیرە - چاپی دووەم - ١٩٧٨ .

٢ - زانستی زمان چیە ؟ - د. وریا عمر امین - گۆڤاری « رۆشنبیری نوێ » - ژمارە (٨٨) - ١٩٨١ .

٣ - ووشە رۆنان لە زمانی کوردی‌دا - د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف - چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد - بەغدا - ١٩٧٧ .

٤ - رێزمانی کوردی - د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف - چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق - بەغدا ١٩٧٩ .

٥ - دەوری ووشە لە زمان‌دا - دانانی ستیڤن ئۆلمان - گۆڕینی بۆ عەرەبی - د. کمال محمد بشیر - ١٩٧٣ .

٦ - اللغه و الفکر - د. نوری جعفر - رباط - ١٩٧١ .

٧ - چەند موحازەرەیێکی مامۆستا کمال محمود بۆ قوتابیانی بەشی کوردی - کۆلێجی ئەدەبیات ١٩٧٧ .

٨ - چوار تیووری گرینگ دەربارەی پەیدابوونی زمان لە کۆمەلگای مرۆڤایەتی‌دا - هاوکاری ژمارە (٦٢٦) لە ٢٥-٢-١٩٨٢ ، وە زانستی زمان هاوکاری - ژمارە (٦٢١) لە ٢١-١-١٩٨٢ هی نووسەری ئەم ووتارە .

Institut kurde de Paris

گفتوگۆی زانستی

نەخۆشیەکانی ددان

ناودەم - وەك دەڤێن - کانگای هەمو نەخۆشی‌و دەردودویەکە ، چا ئەگەر هەوڵی پاك‌و خاوێنی‌و پاراستنیمان‌دا ئەوا مانای ئەوەیە ئەندامەکانی تری لەشمان پاراستووە .

لەم دوایی‌یەدا یەکێ لەو قوتابیانەی بۆ خوێندن چوبوونە دەرەوەی وڵات دوای مانەوەی یانزە ساڵ لە رۆمانیاو وەرگرتنی بڕوا - نامەی (دکتۆر) لە پزیشکی ددان‌دا ، وەك لاوێکی دڵسۆز گەڕایەوە بۆ وڵات‌و کەوتە پێشکەش کردنی خزمەت بە هاونیشتمانیە - کانی ، لە نەخۆشخانەی سلێمانی -بەشی پزیشکایەتی ددان - جێگیربوو ئێمەش وەك پسپۆرێك‌و بە ئاگایەك لە تازەترین زانستی ددان وامان بەچاك زانی روو لە (د. لاوچاك عبدالقادر حفید) بکەین‌و بەشێوەیەکی ورد ئەو گفت‌وگۆیەی لەگەڵدا بە ئەنجام بدەین .

● پێشەکی بابەتی نامەی دکتۆریەکەت چی‌بوو ؟

● بابەتی نامەکەم بریتی بوو لە(هەوڵدانی پزیشکایەتی دەربارەی ریشالەکانی پوك‌و نرخی چارەسەر کردنیان‌و رادەی جێبەجێ کردنیان باسەکەشم کردووە بە دوو بەشەوە :

یەکەم بەشێوەیەکی گشتی باسی لە ددان‌و پوك دەکات‌و ئەو دیاردانەی کە توشی دێن وەك دەرچوونی دانێك لە ریزی ئەوانی‌دی ، پوك ئاوسان ، بەرز بونەوەی دانێك لەوانی‌دی - - بەشی دووەم کاری نەخۆشیەکانی ددان بۆ سەر ئەندامەکانی لەش‌و تا چرادەیەك نەخۆشیان دەخات . خۆ ددانێك کە کلۆر دەبێ یان توشی نەخۆشی - یەك دەبێ کار دەکاتە سەر :-

١ - تێك‌دانی ددانەکان‌و پوك .

٢ - تێك‌دانی دەم‌و چاو (روو) .

٣ - تێك‌دانی ماسولکەکانی رووی ئەو کەسەو دواجار ناشرین کردنی .

جگە لەمانە کاری تریشی هەیە بۆ سەر کۆ ئەندامانی لەشی وەك : قورگ‌و لوت، زمان ، بۆریە لە مفاوێکان، دل ، گەدە ، جگەرو گورچیلە . . . سەیریش نیە ئەگەر بڵێم کاری هەیە بۆ سەر توشبوونی ئەو کەسە بە رۆماتیزم .

وەك وتم ئەم پەل‌وپۆ- یانەی کە لێدەبێتەوەو ئەندامە گرنگەکانی لەشی توشی دەبن لەوانەیە لە کلۆری - یەکی بچوکەوەبێ .

جگە لەمە کاری هەندێ خواردەمەنی بۆ سەر ددان‌و پوك ، وە جۆرە ئیشێك‌و پیشەیەك کە مرۆڤ دەیکات چۆن کار دەکەنە سەر نەخۆشی ددان ؟

ئەمانە بە کورتی ناوەڕۆکی نامەکەم بوون ..

● لەوەتەی هاتویتەوە وولات ، زوربەی ئەو نەخۆشانەی دێنە لات چ جۆرە ئازارێکیان هەیە ؟

● زوربەیان هاوار دەکەن لە دەست ئەوەی شنەو تا بەیانی ناخەون لە تاو ئازار ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خواردنەی دەچێتە کلۆرەکەوەو دەمێنێتەوە . وەیا زوربەیان هاواری گوێچکەشیان دەکەن بە دەست ددانەکەوە .

ئەمانە هەموی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەلای ئێمە نەخۆشی تانەخۆشیەکە بەتەواوی کاری نەکاتە سەر بەرەو خەستەخانە نابێتەوە ، زوربەیان کاتێ دێن هەمو دانەکە کلۆرەو مردووە تەنیا رەگەکان ماوەتەوە کە لە بنەوە دان بە پوکەوە دەگەیەنێ ، وەیا بارستایی - یەکی ئەستور لە (بەڵغ) کە مادەی (کلسە) لە دەوری دانەکانی نیشتووەو دیارە ئەمەش دەبێتە هۆی ئازاردانی پوك‌و برینار کردنی‌و دوایی هەڵئاوسانی‌و ئیتر دەڵێ (خوێن لە پوکم دێ) !

● کەواتە باشترین ڕێگا بۆ دورکەوتنەوە لەمانە بەلای ئێوەوە چی‌یە ؟

● بۆ ئەمە دەبێ لە مناڵەوە دەست پێبکەین ، چونکە هەر لەو تەمەنەوە دەتوانرێ دەم‌و دانێکی ساغی بێگەرد بهێنینە دی‌و رایان بهێنین کە چۆن ناگاداری پاك‌وخاوێنی دەکەن‌و هەر هەستیان بە ئازارێ کرد گورج بچنە خەستەخانە بۆ چارەسەر کردن .

دیارە ئەم ئەرکەشی لە سەر دایك‌و باوك‌و مامۆستاکانە زۆرجار دایك‌و باوك سورە لە سەر هەڵکێشانی دانی مناڵەکە ، ئەمە راست نی‌یە چونکە دانی ئەو مناڵە شیاوی چاك بوونە ، ئیتر بۆ دەرهێنرێ ، لەم حاڵەتەدا پزیشکەکە دەبێ کەمێ ماندوبێ بە چارە کردنێکی بەردەوامی ئەو دانەوە . . .

ئەمەش وابزانم ئەرکی سەر- شانمانە نەك دەرهێنان‌و خۆ رزگارکردن لە چارەکردن .

هەروەها دەبێ هەر شەش مانگ جارێ دەم‌و دان پیشانی پزیشك بدرێ تا چی پێویستە بکرێ ، هەر کە بۆ جارو دوو جار ئازاری دانەکە نەما ئیتر دەسخەڕۆ نەبین بەوەی کە چاك بووەو رزگارمان بووە ...ئەمە وەك ئاگری ژێر خۆڵەمێشی دەمێنێتەوەو هەر بارێکی گونجاوی بۆ رەخسا گورج تاڵاومان دەداتێ .

● لە ئەنجامی کارکردنی ئەم ماوەیەدا لە ناو خۆماندا چ شتێ زیاتر سەرنجی راکێشاوی ؟

لە ١٢-١١-١٩٨١ وە لە (بەشی پزیشکایەتی ددان) سەر بە سەرۆکایەتی تەندرو -ستی سلێمانی کاردەکەم ، لەم ماوەیەدا زیاتر لە (٥٠٠) نەخۆشم دیوە ، لەمانە (٢٢٠) کەس دانیان دەر- هێناوە ، جگە لەوانی تر کە بە گەرمی داوا دەکەن دانەکە دەربهێنم‌و رزگاریان بێ بەڵام من دەمزانی کە پێویست بە دەرهێنان ناکات .

ئەو ژمارەیەی سەرەوە نیشانەیە بۆ ئەوەی کە وەك وتم تا دانەکە بەتەواوی پەکی نەکەوێ خەڵکی پەنا ناباتە بەر پزیشکەکەی . . . بەداخەوە ئەمەش لە بێ ئاگایی‌یانەوەیە لە مەسەلەی تەندروستی .

هەروا لەو (٥٠٠) کەسە زوربەیان تەمەنیان (١٨ - ٢٥) ساڵ بووە کە دەمبینی لەوەبەر زیاتر لە (٨) دانی دەرهێناوە !!!

باشە کەواتە ئەگەر تەمەنیان گەیشتە (٣٥) ساڵ دەبێ دان بمێنێ لە دەمیاندا ؟!

بێگومان لەو تەمەنەدا یا تاقمی تەواوی بۆ بکرێ وەیا (لەتە تاقم) بۆ لایەکی.

● ئامۆژگاریتان بۆ خەڵکی سەبارەت بە پاراستنی دەم‌و دانیان ؟

● ئەو خاڵانەی کە دەبێ رەچاو کرێ بۆ پاراستنی دەم‌و دان لە نەخۆشی زۆر ئاسانە ، بگرە زوربەمان هەر لە پلەی سەرەتایی‌یەوە پێمان راگەیەنراوە ، لەمانە شتنی دەم‌و دان دوای خواردن‌و زیانی جگەرەو خواردنەوەو شکاندنی شتی رەق بە دان‌و زانستی بە کارهێنانی فڵچەی دان کە زۆر کەس بەهۆی ئەمەوەو نەشارەزایی‌یانەوە پوکەکانیان برینار دەکەن‌و توشی نەخۆشی دەبن .

هەروا بۆ پاکی دان‌و تورت کردنەوەو بەهێز بوونی پوك وا باشە کە خۆی لەگەڵ ئاوی لیمۆ تێکەڵ کرێ‌و لە دەمیانی وەردەن ئەمە بە لایەنی کەمەوە هەفتەی دوو جاربێ زۆر باشە (ئەمە ئەو دیاردەیەش بن‌بڕ دەکات کە سێوێك یا پارویەك دەپچڕی‌و دەبینی خوێن بە جێگا گازەکەوەیە) دیسان شێلانی پوك بە پەنجە بە هەمو لایەکداو لەگەڵ ئاوی شلەتێندا تا خوێن بە ناویا بگەڕێ‌و هات‌وچۆ بکات .

هەروەها هاریکاری نەخۆش لەگەڵ پزیشکەکەو گوێ ڕایەڵی ئامۆژگاریەکانی وە ئەو کاتانەی بۆی دادەنێ لەبیری نەکاو بچێتەوە بۆ لای ، وە تەنیا داوایان دەرهێنانی ددانەکە نەبێ چونکە کاتێ پزیشکەکە وتی (دەرهێنانی ناوێ) مانای ئەوەیە دەیەوێ یارمەتی بداو بە ماوەیەك بۆی چاك کاتەوە .

دەرهێنانی دان دەبێ شتێك بێ کە دوای هەمو شتێ بیری لێبکرێتەوە .

احمد بەرزنجی
نوسینگەی سلێمانی

مرۆڤی دەستکرد...
بەرەنگاری لەگەڵ مرۆڤدا دەکات

- لطیف - ئامادەی کردوە

واچاوەڕوان دەکرێ لەماوەی بیست ساڵی داهاتوودا لە ژووری ئەزموونگاکانەوە جۆرە مرۆڤێکی لە ئاسن دروستکراوی درندە بێتە کایەوە ... ئەم مرۆڤە دەسکردە ئاسنینانە نەك هەر لە وزەو توانای لەشی‌دا بەڵکو بەپلەی هۆشمەندیشی بەرەنگاری مرۆڤ دەبێت ..

ئەم کارە خەیاڵپلاوی‌و خەوبینین نیە بەڵکو راستی‌یەکی باوەڕپێکراوە . . . ئائێستاکە لە زانکۆی - ستانفۆرد - کۆمەڵێ لە زاناو لێکۆڵەرەوەکان بەسەر - کردایەتی زانای بەناوبانگ - جۆن مکارثی - خەریکی ئەوەن کە پەرە بەدروستکردنی مرۆڤی ئاسنین - رۆبۆت - بدەن‌و وای لێبکەن کە هۆشمەندو وریا بێت‌و قسەیش بزانێ .. زانای ناوبراو - جۆن مکارثی - لە ئەزموونگەکەیدا خەریکی ئەوەیە مرۆڤی ئاسنین والێ -بکات کە نەك هەر ئیش‌و کارو فرمان راپەڕێنێ بەڵکو بیریش بکاتەوە ...بۆ ئەوەی بوونی خۆی بسەلێنێ هەروەکو فەیلەسووفی ناودار دیکارت دەڵێ : من بیر دەکەمەوە کەواتا من هەم ... کەواتە هۆشی دەسکرد هێشتا تەواو نیەو جێگیر نەبوەو پێویستی بەپەرە - پێدانی زیاتر هەیە . . . ئەمەش زانیاری‌یەکی نوێ‌یەو گەلێ هیواو ئاوات‌و خەونی زانایانی ئەو بوارەی پێوە پەیوەستە...مکارثی- لەم بارەیەوە دەڵێ : ئێمە کە لەسەردەمی هۆشی ئەلکترۆنی‌دا دەژین خەریکە بتوانین هەست‌و بیری مرۆڤایەتی لە مرۆڤی ئاسنیندا بچێنین . . . بۆ نموونە مرۆڤی ئاسنین - رۆبۆت - دەبێ ئەوە فێر بێ کەچۆن لە نزیك ئەو شووشە ئاوەو راوەستێ‌و چۆن دەستی بۆ درێژکاو هەڵیگرێ . . . کە پێی وتراوە بیهێنێ ... ئەگەرچی هێشتا لەم بارەیەوە لەسەرەتادایین بەڵام دوای ئەزموون‌و تاقیکردنەوەی زۆر لە گەڵێ لاوە سەرکەوتن هاتۆتەدی . . . لە زانکۆی ئاسنینی وایان دروست کردووە کە بتوانێ بنکی کێشی ئوتۆمی رەگەزکان لە ماوەی یەك چرکەدا .. بداتە دەستەوە شایانی باسە زاناکان دوای تاقیکردنەوە - یەکی پەنجا ساڵی گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە مرۆڤە ئاسنینەکە لەماوەی چرکەیەکدا پێی گەیشتووە. لە زانکۆی-یاڵ-یش مرۆڤێکی ئاسنین دروستکراوە دەتوانێ بەزمانی ئینگلیزی‌و ئەسپانی‌و چینی قسە بکات‌و رۆژنامەش بخوێنێتەوە .. مرۆڤی ئاسنین حاڵی حازر لە بواری پیشەسازی‌دا گەیێ کاری وا ئەنجام دەدا کە رەنگە بەمرۆڤ نەکرێ... یابان لەبواری دروستکردنی هۆشی ئەلکترۆنی‌و بەکارهێنانی لە پیشەسازی‌دا گەیشتۆتە پلەیەکی زۆر بەرز .. . ئێستاکە شەست هەزار مرۆڤی ئاسنین لەجێگاو کارگەو مەلبەندە پیشەسازی -یەکانی یاباندا لەباتی کرێکاری مرۆڤ کار دەکەن‌و ئیشی بەڕیوە دەبەن‌و لەسەر کێوی (خوجی یاما) لە کارگەی (فوجوتسو خانوك) بەشەو مرۆڤی ئاسنین ئیش دەکەن‌و سەیریش ئەوەیە ئەو مرۆڤە ئاسنینە کرێکارانە مرۆڤی ئاسنینی تری وەك خۆیان دروست دەکەن ... ئەم جۆرە مرۆڤە ئاسنینانە ئەگەرچی تائێستا لەلایەنی هۆشمەندی‌یەوە کوڵۆڵ‌و کەم هۆش‌و گێل‌و کوێرن بەڵام خاوەن کارگەکان زۆریان خۆش دەوێن چونکە کاری زۆر سەخت‌و گران ئەنجام دەدەن‌و نەخۆش ناکەون‌و داوای ئیجازەی نەخۆشی ناکەن‌و کاری خۆیان بەوردی ئەنجام دەدەن ...

هەروەها ئێستا زاناکان هەوڵی ئەوە دەدەن جۆرە مرۆڤێکی ئاسنینی وا دروست بکەن کە بتوانێ هەمو کارو ئەرکێکی گران‌و سەخت‌و پڕ لەمەترسی جێبەجێ بکات ... و لە مەلبەندەکانی ئەتۆم‌و کارگەی کیمیاسازی‌دا ئیشی بکات . . . جگە لەوەشی دەیانەوێ جۆرێکی تر دروست کەن کەبتوانێ لەناو کەشتی ئاسمانی‌و مانگی دەستکرددا کارو فرمان ئەنجام بدات . . . هەروەها جۆرێکی تریشی کەبتوانێ تەنەکەی خۆلی کۆلان‌و بەر مالان لە جێگای تایبەتی خۆی‌دا بەتاڵ بکات‌و شووشەی پەنجەرەی خانووە زۆر بەرزەکان بسڕێ .. . جۆرێکی تریشی بۆ ئەوەی لەدەسنیشان کردنی نەخۆشی نەخۆشدا یارمەتی پزیشك بدات ... شایانی باسیشە یابان داوای لە کۆمەڵێ زانا کردوە کە جۆرە مرۆڤێکی ئاسنینی ئەوتۆ زیرەو هۆشمەند دروست بکەن کە بتوانێ دەسنیشانی باشی‌و ناسازی بە رەهمە ناسازی بەرهەمە پیشەسازی‌یەکان بکات بەر لەوەی بخرێنە بازاڕەوە بۆ فرۆشتن . . . هەروەها خەریکی جۆرێکی ترن کە بتوانێ لەباتی کارەکەر لەدوو -کان‌و ماڵاندا خزمەت بکات زانای ناودار جۆن مکارثی دەپرسێ : بشێ لە دوارۆژدا ئەم مرۆڤە ئاسنینانە وایان لێبێ لە هۆشمەندی‌و ژیری‌دا پێشبڕکێ‌و ململانێ لەگەڵ مرۆڤدا بکەن ...؟ هەر خۆی لە وەڵامدا دەڵێ : (ئەم مرۆڤە ئاسنینانە چەند ژیرو زیرەك بن هێشتا لەلایەن هەست‌و سۆزو هیواو ئاوات‌و خەونەوە هەر ناگەن بەمرۆڤداو مرۆڤ لە‌و لایەنانەوە هەمیشە لە‌و گەورەترە ...) لەبەر ئەوە دروستکوننەدەی مرۆڤی ئاسنین نایەوێ سیفەت‌و هەستی‌ی مرۆڤی راستەقینە بەمرۆڤی ئاسنین ببەخشێ نە لە شێوەو نە لە ناوەڕۆکدا ... بەڵام زاناکان ئومێدیان وایە کە لە دوارۆژدا جۆرە مرۆڤێکی ئاسنینی وەها دروست بکرێ کاری وا- ئەنجام بدات‌کە بەمرۆڤ نەکرێ . . . بۆ نموونە مرۆڤی ئاسنین دەتوانێ لەکاتی سووتانی دارستانێ یا کارگەیەکی گەورەدا بچێتە ناو ئاگرەکەوەو بەشداری لە کوژاندنەوەدا بکات‌و خۆیشی نەسووتێ... مرۆڤی ئاسایی ئەمەی پێ‌ناکرێ ... !



سود وەرگرتن لە هەتاو

سەیرترین شت دەربارەیی هەتاو ئەوەیە کە لە وڵاتە روژئاوا یی‌یەکانا هەتاو دەفرۆشرێت . رەنگە بڵێی چۆن ؟ جارێکیان لە شارێکی ئەوروپی‌دا چوویەن بۆ ئوتێلێك وویستمان ژوورێك بەکرێ بگرین . . بینیمان دوو ژوورین هەمان قەواره ، یەکیان بە (١٠٠) دولارو ئەوی‌تریان بە (٨٠) دۆلار لە هەفتەیەکدا ...کە پرسیمان بۆچی ئەمە وایە ؟ خاوەن ئوتێلەکە ووتی : چونکە ژوورە گرانەکە هەتاوی زۆر تێدەکەوێ ... ئەمەش وا دەکا ژوورەکە باشترو بە نرختربێت لە ژوورەکەی تر .. . هەروا دەبینین هەندێك لە وڵاتانی ئەوروپا شوێنی گەشت‌و هاوینەهەواری‌یە هەتاویان هەیەو هاوینیان زۆر خۆشە بەهۆی هەتاوەوە .. وەکو ئیسپانیا‌و ئیتالیا‌و یوگوسلافیا‌و یونان‌و بولگاریا . . . . خەڵکی وڵاتە ساردەکان دێن بۆ وڵاتە نیمچە گەرمەکانی ئەوروپا بۆ ئەوەیی تۆزێك سوود لە هەتاو وەرگرن . . . کە هەتاو دەرچوو زوربەیی خەڵکەکە ، جلکیان فڕێ ئەدەن‌و لەبەر هەتاوا درێژ دەبن ، بۆ ئەوەیی خۆشی‌و لەززەت بدەن بە لەشیانا...هەندێك وڵاتی ئەوروپی وەك یونان بڕوگانده بلاو دەکەنەوە کە هەتاو بە درێژایی ٣٠٠ روژ لەساڵێکدا دەردەکەوێ ، بۆ راکیشانی گەڕۆك‌و گەشت کەرەکان .

هەتاو ، وەك ئاوو هەواو خۆراك زۆرزۆر پێویستە بو ژیان ، بەتایبەتی بۆ هێسك « ئیسقان » ، چونکە ڤیتامین « دی » لە هەتاوا هەیە ...

مروڤایەتی بە درێژایی مێژوو سوودی لە هەتاو وەرگرتووە ، بەبێ ئەوەی هەستی پێبکات . . . گەرمایی‌و رووتاکی لە هەتاوەوەیە سەرەڕایی ئەوەیی هیچ دارودەوەن‌و دەغلێك بەبێ هەتاو شیین نابێت . بێگومان خواردنی مرۆڤ‌و گیاندارەکان لە رووەك‌و دەغڵ‌و دانەوەیە ...

هەروا مرۆڤ سوودیی لە هەتاوا بۆ ووشك کردنی زەوی‌و کەل‌وپەلی پێویستی ژیان وەرگرتووە .

عبدالمجید عبدالرحمن
هەولیر

نەخۆشی شەکر

ژمارەی ئەو کەسانەی لە جیهاندا تووشی نەخۆشی شەکرە هاتوون نزیکەی (٣٠)ملیۆن کەس دەبن . یەکێك لە لێژنە تایبەتی‌یەکانی سەر بە رێکخراوەی تەندروستی جیهانی تێبینی ئەوەی کردووە کە وەرزشی (ئەلیۆگا) بۆ هەندێك جۆری ئەو نەخۆشی‌یە وەك چارەسەر کرێنێك لە قەلەم دەدرێت. هەروەها زانستیانە سەلێنراوە کە ماندووکردنی مێشك یە کێکە لە هۆیەکانی تووش بوون بەم نەخۆشی‌یەو لە هەمان کاتیشدا زۆر لە خۆکردن لە خواردندا هۆیەکی ترە .

دیسان وەرزشی (ئەلیۆگا) یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ هێمن بوونەوە لەکاتی تووڕە بووندا .

هەروەها ئامۆژگای زانستی‌یە پزیشکی‌یەکان بە هەموو بەشەکانیەوە لێکۆلینەوە دەربارەی سوودەکانی (ئەلیۆگا) بۆ ئەو نەخۆشی‌یە ، ئەنجام دەدات . پزیشکەکانی ئامۆژگاکە دەڵێن ! پێویستە ئەو کەسەی تووشی ئەو نەخۆشمایە هاتووە زاڵبێت بە سەر بڕی ئەو کالۆری‌یە گەمی‌یانەی لەکاتی نان خواردندا وەری دەگرێت .

لە لایەکی ترەوە تێبین دەکرێت کەدانیشتووانی ئەو وولاتانەی لە توانایاندا نی‌یە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بڕی تەواو لە پرۆتین پێویست بۆ لەش بە دەست بهێنن زیاتر تووشی نەخۆشی شەکرە دەبن .

کەم خوێنی منداڵ

کەم خوێنی بەیەکێك لەنەخۆشی‌یە بڵاوەکانی منداڵان دادەنرێ ، بەڵام نەك‌بەو پلەیەی کەزۆربەی دایکان بیری لێدەکەنەوە ، هەروەك‌زۆربەیان ، واتە زۆربەی دایکان کاتێك ڕەنگ زەردیی لەڕوخساری منداڵەکانیاندا بەدی دەکەن ، ئیتر ، وای‌بۆ دەچن کەگوایا تووشی کەم‌خوێنی هاتوون ، لەکاتێکا کەدەشێ ئەوە نیشانەیەکی سروشتی ڕوخسار بێت .

● هۆیەکانی کەم‌خوێنی ●

کەم‌خوێنی گەلێك هۆی هەیە ، دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆیان بکەینەوە :

١ - کەمیی ماددەی ئاسن لەلەشدا ، کەئەمەش بە بڵاوترین هۆ دادەنرێ ، لەم بارو دۆخەدا خۆڕاکە سوورەکانی خوێن بچووکتر دەبن لەقەبارەی ئاسایی خۆیان‌و ڕەنگیشیان کاڵتر دەبێتەوە . هۆی ئەمەش کەمیی وەرگرتنی ئەو بڕە ئاسنەیە کە لەش پێویستیتی، شایانی باسە کە ئەمە لەچەند حاڵەتێکدا ڕووئەدات :-

أ - « ئەو منداڵانەی پێش تەواوکردنی ماوەی تەواوی مانەوە لەمنداڵدانی دایکا ، لەدایك دەبن » کە لە کوردەواریدا پێی دەووترێ «بەکام‌و ڕۆیی لەدایك بوون»، هەروەها لەلای ئەو منداڵانەی کە بە « دووانەیی - التوأم » لەدایك دەبن .

ب - لەلای ئەو منداڵانەی کەدوای لەدایك بوونیان ، بۆ ماوەیەکی درێژ خواردنیان لەسەر شیر بەندە ، بەمەش لەخواردنی ئەو خۆراکەی کەئاسنی تیادایە بێبەشی دەبن .

ج - لەلای ئەو منداڵانەی کەبارو دۆخی ژیانی خێزانە- کەیان هەژارانەیەو سیمای پشت‌گوێ خستنی پێوە دیارە .

د - لەلای ئەو منداڵانەی کەگەلێك جار تووشی نەخۆشی کەم خۆراکیی دەبن، ئەمەش وایان لێدەکات

Institut kurde de Paris

هاوڕێ هاشم عەقراوی بۆ هاوکاری دەدوێ

بەشداری نەتەوەی کورد لە جەنگی قادسیەی صدام دا

بەوەفایی بەرامبەر ئەو دەستکەوتانەی لە عێراقی شۆڕشدا بۆی بەدی هاتووە

گومانی تێدا نییە کەئەمڕۆکە عێراقی شۆڕش و ڕاپەڕین لەجەنگێکی شەرەفمەندانەیە دژی دوژمنێکی نەزان و بێمێشك و تینووی خوێن.. ئەمڕۆکە ڕۆڵەکانی عێراق هەستیان بەوە کردووە کەبەرگریکردن . لەخاك و ئاوی وولاتەکەیان کارێکی پێویستە و لەئەستۆی . هەموواندایە .

نەتەوەی کوردیش ، شەرەفی بەشداری کردنی لەم جەنگەدا بەخۆی ڕەوا بینیوە و شان بەشانی برایان و هاونیشتمانانی عەرەب شمشێری مەردانەی لێهەڵکێشاوە و ڕووبەڕووی دوژمنی فارس دەبێتەوە .. تاکو بێت دەستە دەستە لەڕێکخراوو دام و دەزگاو شوێنەکانی تریشەوە ئامادەیی خۆیان پیشان دەدەن و خۆیان بەخت نەکەن.

هەر لەم بوارەوە چاومان کەوت بە هاوڕێ هاشم عەقراوی سکرتیری کومیتەی ناوندی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی گەڕانەوە یەوە لەبەرەکانی جەنگی ڕەوای (قادسیەی صدام)ەوە ئەم گفتوگۆیەمان سازکرد .

پ/ بەو پێیەی کە بەڕێزتان یەکێکن لەوانەی بەشداری ئەم جەنگە ڕەوایەتان کردووە ، حەز دەکەین ڕاو سەرنجتان دەربارەی ئەم جەنگەمان بزانین ؟ هەروەها دەوری ڕۆڵەکانی کورد لەجەنگی قادسیەی صدامدا لەچ ئاستێکدایە ؟

بەڕێزی وتی : نیشتمانپەروەریی پەیوەندی بەبوونی هەموو مرۆڤێکەوە هەیەو ، ئەم سیفەتەش دەبێ لەهەموو کەسێکدا هەبێت چونکە یەکێکە لەئەرگە گرنگەکانی سەرشانی کەبەجێی دەهێنێت بەرامبەر بەوولاتەکەی ، ئەمە لەکاتی ئاساییدا ، بەڵام کاتێك وولات دەکەوێتە مەترسی یەکەوە ئەم ئەرکە زیاتر دەبێت ، ئەگەر ڕۆڵەکانی وولات ئەم ئەرکە بەلێپرسینەوە ئەزانن ئەوکاتە وولات دەکەوێتە مەترسی گەورەترەوە ، مەترسی داگیرکردن و هەرچی خێرو قازانجی هەیە بەڕێژۆ دەڕوات . منیش وەکو کوردێکی عێراقی ئەم ئەرکەم لەسەر شانەو بەپێویستم زانی کە لەم جەنگە پیرۆزەدا ، جەنگی قادسیەی صدام بەشداری بکەم ، شتێکی ئاشکراشە کەکورد دراێفی نەکردووەو شان بەشانی برا عەرەبەکانیان دوژمنی فارسیان تێك شکاندووەو دەستی دلێرانەیان لێ وەشاندوون، تاکو دوژمنیش دان بەمافە ڕەواکانی عێراقدا دەنێت ، مێژووش شاهیدی ئەو مەبەستەیەکە کورد هاوبەشی برا عەرەبەکانی کردووە بۆ بەرگریکردن لەعێراقی خۆشەویست ، ئەوەبوو لەشۆڕشی ١٩٢٠ دا کاتێك ڕۆڵە کوردەکان لە شاخەکان دابەزین و چوونە ڕیزی سوپای عێراق و بەدڵو بەگیان شان بەشانی سوپا دژی ئیستعمار شەڕیان کرد ، هەروەها لەهەموو بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی میللەتی عێراقدا نەتەوەی کورد بوون و ئامادەیی خۆیان پیشان داوە . ئەوەشی کەبەڕوونی و ئاشکرایی دیارە، ئەوەیە کەپاش بەڕابوونی شۆڕشی ١٧-٣٠ گەلاوێژی ساڵی ١٩٦٨ بەسەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ، نیشتمانپەروەریی نرخێکی بەرزتری درایەو ئەم شۆڕشە پیرۆزەش گیروگرفتی گەلی کوردی بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەرکرد ، ئەویش بە چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی لەکوردستانی عێراقدا ، کەئەمە خۆی لەخۆیدا ئەرکێکی تری خستە سەرشانی گەلی کوردمان بۆئەوەی زیاتر خۆیان بەخت بکەن و زیاتر فیداکاری عێراقی خۆشەویستیان و سەرکردەی قارەمان هەفالی خۆشەویستمان صدام حسین بین ، چونکە دوژمنان هەر لەفارسەکانەوە بیگرە تاکو زایۆنی ڕەگەزپەرست دەیانەوێت ئەم دەستکەوتە گەورەیە لەدەستمان دەربکەن و وولاتمان بۆ ساڵەکانی ڕابوردوو بگێڕنەوە .

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەمرۆڤ زیاتر هەست بەلێپرسینەوە دەکات کاتێك دەبینێ کەدوژمن نیازێتی دەست لەکاروباری وولاتەکەی وەربدات و پەشێویی بنێتەوە .

ئێمە ، لەژێر ڕۆشنایی ئەم تێگەیشتنەدا ، پارتەکەمان پارتی دیموکراتی کوردستان ، لەو ڕۆژەوەی کەوولاتە خۆشەویستەکەمان جەنگی خۆی دژی فارسە ڕەگەز پەرستەکان بەریا کرد بڕیارماندا بەهەموو شێوەیەك بەشداری بکەین لەبەرگریکردن لەخاك و ئاوی وولاتەکەمان و شان بەشانی ڕۆڵەکانی گەلی عێراق و شان بەشانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بجەنگین ، هەروەك ڕێککەوتننامەی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز وا پێویستی کرد کە هەموو هێزە سیاسییەکان بەرگری لەوولات بکەن ... هەر لەم بوارەوە تاکو ئێستا دوو دەستەمان لەجەنگاوەرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ کردووە تاکو شەرەفی بەشداربوون لەجەنگی قادسیەی صدامدا بەخۆڕەوا ببینن ، بەتایبەتی دوای تاوانە نامرۆڤایەتی و ڕژێمی خومەینی بەکوشتنی گیراوو دیلە عێراقییەکان .. لەبەرئەوە پارتەکەمان بڕیاری دا کە سەرکردایەتی حزب لەگەڵ بنکەکانیدا بەشداری بکەن و دروشمەکانی خۆی لەچواچێوەی کردەوەدا بەجێ بهێنێت ، هەرچەندە لەڕووی ئەدەبیاتەوە درێغیمان نەکردووە . . جا پاشان ئەوەی کەئێم ئارەزووی بەشدار بوونمان پیشان دا، سەرکردایەتی گشتی سوپای میللی وای بەباش زانی کەبنکەیەك دروست بێت جگە لەئەندامەکانی سەرکردایەتی ، بەڵام پاشان بڵاوکردنەوەی بڕیارەکەمان بەسەر ئەندامانی حزبدا دیمان ئەوانەی ئارەزووی بەشدار بوونیان هەیە لەزیادبوونان ، لەبەرئەوە ئەوانەی کە لەدەستەی سێیەمدا بەشدار بوون (١٢٠) جەنگاوەر بوون و بەئێمەوە گەیشتنە (١٢٨) وئەوانی تریشمان گەڕانەوە بۆئەوەی ئامادە بن بۆ چوارەمین دەستە ، بەڕای من پێویستە لەسەر گەلی کورد بەتایبەتی پاشان وەرگرتنی هەموو مافەکانی خۆی لەعێراقداو پاشان چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی لەکوردستان ، دەوری خۆی ببینێ و لەپال بەرگریکردن لە ئۆتۆنۆمی و گشت دەسکەوتەکانی تری شۆڕشدا بەرگری لەخاك و ئاوی عێراقیش بکات .

ئێمە وای تێدەگەین کەگەلی کورد بەشێکە لەگەلی عێراق و ئۆتۆنۆمی دەستکەوتێکە لەدەستکەوتە گەورەکانی شۆڕشی ١٧ی تەموزو هەمیشە دەبێت ڕێزی ئەم دەستکەوتە پیرۆزە بگرین ، ئەمەش هەلێکی مێژوویی یە بۆ گەلی کورد کەبتوانێ زیاتر ئۆتۆنۆمی بەرەو پێشەوە بەرێت ، بۆ یەکەم جاریشە لەمێژووی کورددا ئەم مافانە وەدەست بهێنرێن ، یەکەمین جارە هێزێکی سیاسی وەك حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دان بەم مافانەدا بنێت وەك حزبێکی سیاسی بەوپەڕی بیروباوەڕو تێگەیشتنەوە گیروگرفتی نەتەوەی کوردی چارەسەر کرد ئەوەی ئاشکراشە دوژمنانی گەلی عێراق چ کورد بن و چ عەرەب هەمیشە بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان دەجوڵێنەوە .

عێراقیش وولاتێکی گراوەیەو بەسنگی فراوانەوە ئامێزی بۆ هەمو و کەسێك دەکاتەوە کە باوەڕی بەعێراق و بەشۆڕشی ١٧ی تەموزو ئامانجەکانی ئەم شۆڕشە بێت . ئێمە عێراقین بەکوردو عەرەبەوە لەعێراق دەژین و لەعێراقیش دەمرین ، شادو بەختەوەرین لەم وولاتەدا ، هەولیش دەدەین ئامانجەکانی شۆڕش بەسەرۆکایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست وبەسەرکردایەتی سەرۆکی قارەمان هەفال صدام حسین بەرەپێشەوە بەرین .

هاوکاری و کتێبخانەکانمان

یەکێك لە خەمەکانی ئەم دەزگایەمان (دابەش کردن)و (ئەمانەوە) ی چاپەمەنی یەکانی یەتی بە تایبەتی ڕۆژنامەی هاوکاری ، هەرچەندە بەشی یەکەمیان لە ئەستۆی خۆیدا نییە ، بەڵام هەر بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت ، تەنانەت لەبەر ئەو موعاناتانەی کە هاتونەتە ڕێگای ویستی ئەوەشیان هەر خۆی بە ئەنجامی بگەیەنێت ، بەڵام لەبەر هەندێ هۆی سەرەکی بۆی نەلوا .... ! کە واتە دابەش کردنی ڕۆژنامەی هاوکاری لەکاتی خۆیدا یەکێکە لەو هۆیە بنەڕەتیانەی کە ڕادەی سەرکەوتن و ژێرکەوتنی ڕۆژنامەکە دەستنیشان دەکات چونکە دواکەوتن لە دابەش کردنی ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی پەیدابوونی دیاردەی مانەوەو گەڕانەوەی ڕۆژنامەکە کە ئاشکراشە ڕەسیدی هەموو گۆڤارو ڕۆژنامەیەکیش تاڕادەیەکی زۆر بەو پێوەرە دەپێورێت .

● تا ئێستا لە دەزگاکەماندا لە زۆر چمکی ئەم دیاردەیە ئۆگراوەتەوەو بەپێی توانا هۆکانی پەیدا بوون و چارەسەر کردنی بۆ دەستنیشان کراوە ، بەڵام لەو دەرگایانەی کە تا ئێستا لێی نەدراوەو پەیوەندیەکی گرنگیشی بەم مەسەلەیەوە هەیە هەڵوێستی خاوەن کتێبخانە کانە ... ! بۆ نمونە ئەگەر چاوێك بەرادەی پێویستی و فرۆشتنی ئەو خاوەن کتێبخانانەدا سەبارەت بە ڕۆژنامەی هاوکاری دا بگێڕیتەوە دەبینین جیاوازی یەکی ئاشکرایان لە نێوانداهەیە واتە لای هەندێکیان ژمارەیەکی کەمیان پێویستەو لای هەندێکی کەشیان ژمارەیەکی زۆرتر . . . جگە لەوەش ڕادەی گیرانەوەیان دیسانەوە لای ئەمیان وەکو ئەوی کەیان نییە . . ئەمەش بەکورتی ڕاستەوخۆ وەك لە سەرەتاوە وتمان بە هەڵوێستو جوڵانەوەی خۆیانەوە بەستراوەتەوە ... چۆن ؟ ئەو ڕۆژەی هاوکاری دەگاتە جێ پێنج شەممەیە . . .. ئێوارە لای هەندێکیان دەبینیستو دەیکڕیتو ئەویش نیسبەتی فرۆشتنی زۆر دەبێت ... کەچی لە هەمان ئێوارەدا لای هەندێکی کەیان چنگ ناکەوێت .. تەنانەت زۆر جاریش کە بۆ سبەینێ هەینی یەو هەر دەست ناکەوێ ، واتە ئەکەوێتەوە ڕۆژی شەممەی . . . لێرەدا لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا دوو ڕۆژ جیاوازی هەیەو ئەم دوو ڕۆژەش بەسن بۆ ئەوەی لای یەکەمیان بفرۆشرێتو نەمێنێتەوەو لای دووەمیشیان بە پێچەوانەوە ... ! کەواتە چارەی ئەمەش پێویستە خاوەن کتێبخانەکان لە ڕۆژی ئەیشتنی هاوکاری دا هەموویان پێکەوە ڕۆژنامەکە وەریگرن و بیفرۆشن . جگە لەوەش هەر لەم ڕووەوە ئەوەش ڕەچاو کراوە ئەوەیە (هەندێك) لەو خاوەن کتێبخانانەی کە ڕۆژنامەی هاوکاری وەردەگرن ناچن وەکو گۆڤارو ڕۆژنامەکانی تر بایەخی پێ بدەن واتە لە دەرەوە هەڵی بواسن بەلکو لە سوچێکی نادیاری ژورەوەدا دایدەنێن تەنانەت خۆم کە ئەو دیاردەم بینیوە، بەناوی هاوکاری کڕینەوە چوومەتە ژوورەوو پاش کڕینێکی خاوەن کتێبخانەکە بەدوای شوێنی دانراوی هاوکاری دا ئەوجا بەرچاوی کەوتوە .. بێگومان ئەمەش هۆیەکی ترە بۆ نەفرۆشتنو مانەوەی ڕۆژنامەکەمان . (شایانی باسە لێرەدا کە باسی مانەوەو نەفرۆشتنی ڕۆژنامەکە دەکەین مەبەستمان لەوە نییە کە گیرمان بەدەستی یەوە خواردوە بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە بۆچی هەروەی نافرۆشرێت .. !!)

لەم ڕووەوە لەو خاوەن کتێبخانانە دەپرسین بۆچی هەمو جۆرە چاپەمەنی یەکانی تر لەبەر دەرگای کتێبخانەکانیاندا بە جوانی هەڵدەواسن و تەنانەت ئەگەر بابەتێکی تایبەتیشیان تیادا بڵاو کرابێتەوە هێڵێکی سوری گەورەی بە چوار دەوردا دەکێشن ... ئەی ئاخۆ ڕۆژنامەی هاوکاری شایستەی ئەم نازکێشانە نەبێت یان هەر ئەوەتا ڕۆژنامەیەکی زمانی خۆمانەو ئێمەش خۆدا عافومان بکات هەتا دەستمان لەبنی هەمانە کەوە دەرنەچێت بە خۆمان نازانین .

فریا عبدالله
نوسینگەی سلێمانی

پێشانگای دیمەنەکانی کوردستان

بە بۆنەی جەژنی نەورۆزی پیرۆزەوەو بە چاودێری بەڕێز پارێزگاری سلێمانی بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەر پێشانگەیەکی وێنەی فۆتۆگرافی بەشێك لە دیمەنە جوانەکانی کوردستانی لە هۆڵی فوتابخانەی گوڵژەی کچان بۆ ماوەی هەفتەیەك ساز کرد .

ئەمەش کە لە لایەن بەڕێز زهدی احمد محمد قائمقامی مەلبەندی پارێزگاوە کرایەوە نزیکەی ٤٠ وێنەی ڕەنگاوڕەنگ و ڕەشی و سپی تیا پیشان درابوو .

شایانی باسە وێنەکانیشی لە لایەن خاوەن ستۆدیۆکانی مەلبەندی پارێزگاو هەندێك لە قەزاو ناحیەکانی - یەوە ئامادە کرابوون کە ئەوانەشی هاوبەشیان تیادا کردبوو بریتی بوون لە ستودیو ڤینۆس بە (٨) بەرهەمو ستودیو نوری بە دوو بەرهەمو ستۆدیۆ سیروان بە سیان و ستودیو رانیە لە قەزای رانیە بە یەك وێنەو ستودیو خالد بە دووانو ستودیو امل بە شەش دانەو ستودیو سلێمانی بە سیان و ڕووف وقادریش هەر بە (٣) بەرهەم هەروەها ستودیو ئاوێسەر لە هەڵەبجە بە دیمەنێکی ئاوێسەر لەگەڵ ستودیو محمدو چوارتاو عمر یەکی بە دوو بەرهەم کە دوانەکەی پێشویان لە قەزای چوارتاوە بەرهەمی خۆیان هێنابوو... شایانی باسە ئەم چەشنە پێشانگەیە سەبارەت بە ڕۆشنبیری جەماوەر وەنەبێت یەکەم جار بێت بەڵکو لە پێشتریش ئەم ئەرکەی بە ئەنجام گەیاندوە کە ئەمەشی وەك هاندەرێکە بۆ ئەو خاوەن ستۆدیۆانە بۆ ئەوەی هەمیشە چاوی کامێرایان بە شوێن جوانترین تابلۆی دیمەنەکانی کوردستاندا بگەڕێت ... شایانی باسە هەموو جارێ ڕۆشنبیری جەماوەر هەر لەم ڕوانگەیەوە خەلاتی تایبەتی تەرخان دەکات بۆ خاوەن جوانترین تابلۆی ئەم چەشنە پێشانگەیانە .



Institut kurde de Paris

بەرەو لوتکە

مەغدید سۆران

زەنگی بانگەوازی دەروون
لە گۆی مەمکی هیوای گەردوون
لە سەر لێوی شکۆفەی ژین
لە سووسەنگرد یا بسیتین
دانگدانەوەی ژینو ژانە
نەوای منالی بەیانە
ڕادەگەینی : هەرچی شوومە
یا پەیرەوی یاسای بوومە
شەپۆلی فراتو سیروان
ڕایدەمالی بەرەو نەمان !
ئێستاش ئەهریمەنی دۆڕاو
خاوەن بیری گۆڕەوشار دراو
بەمل هوری هاوار دەکا
کێ بۆ لووتکە دیوار دەکا ؟
سیروان شەکراو هە نگونیە
دیجلەو فرات مایەی ژینە
ئەم بەهەشتەم بۆ خۆم دەوێ
دیبەم لە بۆ گەویری خوێ !
ئازیز تەمای یارو خەونە
پیلانو بیرکردنەوەی نەونە
باکۆترە باریکەی هیوا
هەردەم بەرەو ئامانج بروا
بفڕێ بەرەو کێوی هەوراز
بانگەواز بەرێ بۆ سەرباز
بۆ وەی هەمیشە دەکەوێ
بەرەو لووتکە با سەرکەوێ
بڵێت بە شە یتانی ئاوات
دیجلە وسیروان لەگەل فورات
هەتا دوونیا دوونیا ماوە
ناگەڕێنەوەبۆ دواوە .

کورتە چیرۆك لە ئەدەبی جیهانیەوە

گوڵان

نوسینی گۆرکی
هەوا عمر احمد
لە ئینگلیزیەوە کردویەتی بە کوردی

ڕۆژێکی گەرم بوو ، مەنجەنیقی نیوەڕۆکە لەدوورەوە گرمەی ئەهات . هێمنی باڵی کێشابوو بەسەر شارەکەدا ، کەبۆنی ڕۆن زەیتونو سیرو مەی و خۆڵی گەرمی لێ ئەهات . خۆر گەیشتبووە ناوەڕاستی ئاسمان ، تیشکەکانی وەکو شمشێری ئاگرین لەبەردەڵانو ئاوەکە ئەچەقان تیشکە گەرمەکانی لەئاسمانە شینەکەوە بەسەرزەوی و دەریاکەدا ئەپەخشان .

شەپۆلی ئاوە گەرمەکە شاڵاوی بۆ ڕۆخەکە ئەهێنا .

کۆمەڵێك پیاوی خۆڵاوی و ئارەقاوی ، بەدەم خواردنی نانی نیوەڕۆوە بەدەنگێکی بەرزو پڕ شادی یەوە گفتو گۆیان ئەکرد . هەندێکیان بەرەو ڕۆخەکە ئەچوونو بەرگە چڵکنەکانیان دائەکەندو خۆیان ئەهاویشتە ناو دەریاکەوە ، وەك لەئاوەکەدا توابنەوە ، وەکو چەند گەردێك وا بوون لەکوپەیەك «مەی» دا ، پڕژەی ئاوریشمی ئاوەکەو قڕیوەی خۆشی و قاقای پێکەنینی مەلەکەران و تریقانەوەی منداڵان و پەلکەزێڕینەی بەرۆك ئاسمان هەیمای قوربانی یەکی شادی هێنیان پێك هێنابوو .

لەچەقی ڕێی نێوان خانووە بەرزەکاندا ، چوار کرێکاری ڕەقەڵەو ڕەشتاڵە لەسەر بەردەکان دانیشتبوون . یەکێکیان پیرێکی چاوتیژی قژماش و برنجی بوو ، سەرتاپا خۆڵاوی بوو . خەریکی لەت کردنی کولێرەیەکی درێژ بوو ، ئەیویست کەرتەکان وەکو یەك بن . شەیقەیەکی سوری قولی ڕەنگی لاوازو موو ڕەش لەسەر بەردە گەرمەکانی پاڵ پیرەکەوە لەسەر پشت ڕاکشابوو . چەند پارچە نانێك کەوتنە سەر دەم و چاوی ، تەمبەڵانە لایبردن و چەند ورتەیەکی وەکو وڕێنەی لێوە هات .

کوڕێك سوراحی یەك «مەی»ی بۆئەهێنان ، تنۆك تنۆکی لێ ئەتکا ، دەنگە دەنگێکی لێوە ئەهات لەجریوە جریوی باڵندە ئەچوو . هەر کە پیاوە پیرەکە ئەمەی دی ، نان و چەقۆکەی لەسەر سنگی لاوەکە داناو ، دەستی لەکوڕە ڕاوەشاندو نەڕاندی :- **[کوڕە کوێری ،**

ئەو مەیە بۆ وا لێ ئەکەی؟]

سوراحی یەکەی لەبەردەم دانانو تێی تەقاندو خۆی کرد بە ماڵێکدا .

کرێکارەکان گورج بوونەوەو لەسوراحی یەکە وردبوونەوەو کەوتنە ورتە ورت . کوڕەکە بەدۆلکەیەکی زەردی زلەوە هاتەوە ، لەسەر زەوی یەکەی دانا کابرا پیرەکە بەوریایی مەیەکەی چۆڕاندە ناو دۆلکەکەوە . چوار جووت چاو بە پەرۆشەوە سەرنجی بریسکانەوەکەیان ئەدا . لێوە ووشکە لاتووەکانی یانی خستبووە لەرزە

ئافرەتێکی بەرگ شینی ئاسمانی ، تەوقەیەکی زێڕی لە بسکە ڕەشەکەی دابوو . دەستی کچێکی بچوکی گرتبوو ، دووگوڵە مێخەکی سوری بەدەستەوە بوو . ئەمسەرو ئەوسەری شەقامە- کەی ئەکردو گۆرانی ئەووت - **(ئای دایە ، دایە، ئای دایکە .)**

لەپشت سەری بیرەکەوەڕاوەستان ، کچەکە لەگۆرانی ووتن کەوت ، لەسەر نوکی پێ وەستاو خۆی بڵند کردەوە ، لەسەرشانی بیرەکەوە ، لە دۆلکەکەی ئەڕوانی . چۆڕەی مەیەکە وەك تەواوکەری گۆرانی یەکەی ئەم وابوو . دەستی لەدەستی ئافرەتەکە ڕاپسکانو گوڵەکانی هەڵوەراندو دەستە بچوکەکەی بەرز کردەوەو پەڕە گوڵەکانی هەڵدایە ناو دۆلکەکەوە . پیاوەکان شڵەژانو بەپەستی-یەوە سەرە خۆڵاوی یەکانیان بڵند کردەوە . کیژۆڵەکە پێی جووت کردو دەستی لەیەك ئاڵاندو تریقایەوە . دایکی شڵەژا ، دەستی گرتو بەدەنگێکی بەرز سەرزەنشتی کرد . کوڕەکە بەپێکەنینەوە هەستایە سەرپێ . پیرەکە پەرداخێکی هەڵگرتو کەمەیو پەڕەگوڵەکانی تێ کردو بڵندی کردەوەو نای بەسەری یەوەو بەدەنگێکی گڕ ووتی :- **(بەخشیشی منداڵ وەك هی خوایە ، لەخۆشی ئێوەئەیخۆمەوە) .**

ڕووی کردە منداڵەکە :

- (ڕۆڵە ، لەوانەیە هەرهێندەی دایکت جوان بی ، بەڵام ئەوە بزانە چەندە ئەوەندەی ئەو بەختیار ئەبی) .

چاوی هەڵگۆڕانی و پەرداخەکەی نا بەسەری - یەوەو لێوی خۆی لێستەوەو لوتی خوراند . دایکەکە بزەیەك گرتیو ماڵئاوایی لێ کردنو دەستی کچەکەی ڕاکێشاو لێیان دا ڕۆیشتن ، کیژۆڵەکە کەوتەوە ئەمسەرو ئەوسەر کردنی شەقامەکەو گۆرانی ووتنەوە :

- (ئای دایە ، ئای دایکە)

کرێکارەکان بەتەمبەڵی یەوە ڕوویان وەر ئەچەرخان ، دەمێ سەیری (مەی)ەکەیان ئەکردو دەمێ لە کیژۆڵەکەیان ئەڕوانی ، زەردەخەنەیەکیان گرتو دەستیان کردەوە بەقسەکردن بەشێوە زمانە بەپەلە باشوری یەکەیان .

پێناسێکی کورت لە بارەی

یشار کەمالەوە

ساڵی ١٩٢٢ :

لەم ساڵەدا ، لە دێیەکی خنجیلانەی سەر بە شاری - ئەدەنە - منالێکی خنجیلانە ، لە ناو هەژاری و بێ دەرامەتی و کوێرەڕەوی دا چاوی هەڵهێنا کەفامی کردەوە ، دەست کورتی و ژیانی هەژاری و کوێرەوەری خۆیان و دەوروپشت سەرنجی ڕادەکێشێ بۆیە هەر ئەوەندە توانای کار کردنی دەبێ « دەبێ کارێ بکەم » بریار دەدا . ، بریارەکەی بە جێ دێنێ واز لە قوتابخانەی ناوەندی دێنێ و دەکەوێتە زۆرانبازی لەگەڵ ژیاندا ، ئەوەتا گەنجێك بە وولاتا دەگەڕێ بۆ هەر کارێك دەستی بکەوێ - هەر جۆرەکارێك بێت - بێ سڵەمینەوە شانی بداتەبەر . چل جۆر کار بەخۆیەوە دەبینێ ، کە کارێکیشی بە جێ دەهێڵێ بۆ کارێکی تر ، تاقی کردنەوەیەکی پێ زیاد دەکاو بە جۆرێکی تازەتر لە ژیان دەگاتو دەیانخاتە سەر ئەوانی تری ، کەوا بە باشی لە ژیان بگاو خەیاڵو بینینی ئەدەبیشی پێ فراوان بێت .

هەر خوێنەرێك کە بەرهەمی ئەم نووسەرە دەخوێنێتەوە ڕەنگدانەوەی ئەم تاقی کردنەوانەی بە ئاشکرا بۆ دەردەکەوێ .

ساڵی ١٩٥١ :

دەبێتە پەیامنێری یەکێ لە ڕۆژنامەکان ، کونو قوژبنی وولات دەکاو پەیتا پەیتا ژیانی دانشتوانی ناوچە جۆرە بە جۆرەکانی وولاتەکەی لە شێوەی ڕیپورتاژو ووتاری بە نرخدا لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەکردەوە ، کە سەرەڕای ڕاست گۆیی و دەربڕینێکی قوولو راست ، تامو خەیاڵێکی ئەدەبی ناسکی تیا بەدی دەکرێ .

هەر لەم کاتانەشدا بوو دەستی کرد بە نوویسنی ڕۆمانە بە ناوبانگەکەی « ئنجە ممد » دوا بە دوای ئەمەش کونوڤلێکی نووسی بە ناوی «تەنەکە» کە کراوەتە کوردی .

لەم دوایی یەشدا ڕۆمانێکی بۆ منداڵان نووسیوە ، هەر چەند خۆی دەڵی چیرۆکێکی منداڵانەیەو بۆ منداڵانم نووسیوە بەڵام دەتوانرێ بە ڕۆمانێکی هونەری بەرز لە قەلەم بدرێ و هیچ جیا ناکرێتەوە وجیاوازی نی یە لە تێوان ئەمو ڕۆمانێکی ئاسایی دا کاتێکیش لەم بارەیەوە لێیان پرسیوە ووتویەتی :

کە منال بووم وگوێم لە داستانو حیکایەت دەگرت گەورەو بچووك وەکو یەك گوێی لێ دەبوو تەم دەبیست بڵێن گەورە مافی گوێ گرتنی نی یە یا بە پێچەوانەوە ، هەر دوولاشی سوودی لێ دەبینێ .

ساڵی ١٩٥٥ :

گۆڤاری - وارلق - بە چاکترین ڕۆمان نووسی تورکیای دادەنێ ، لە ئەنجامی ئەو ڕاوەرگرتنەی کە بۆ ئەم مەبەستە کردبووی .

ساڵی ١٩٧٤ :

لە لایەن ئەکادیمیەی شاهانەی سویدەوە بۆ وەرگرتنی پاداشتی (نۆبل) هەڵبژێردرا . ئەمە ناساندنێکی بەجگار کورتی ڕۆمان نووسی «یشار کمال » بوو کاتێکیش بمانەوێ دەربارەی تاقی کردنەوەی ئەدەبی ئەم نووسەرە بدوێین ، چاکتر وایە گوێ شل کەین بۆ خۆی کە لەم بارەیەوە لە یانەی دۆستایەتی فنلندی- تورکی ووتارێکی گرنگی داوە ، لەم ووتارەیدا باسی تاقی کردنەوەی ئەدەبی خۆی دەکاو دەڵی .

« .. .. هەندێ شت لە بنەڕەتو واقیعدا هەن ، لە سەر بارێ نامێنن و لە گۆڕان دان بە هۆی هەندێ کار لێ کردنی جۆر بە جۆرەوە ...

« .. ئەوەی دەریای بە چاو نەبینیوە ، ئەو وێنەیەی لە مێشکیدا دروستی کردووە دەربارەی دەریا گەلێ دوورە لە دەریایەکی ڕاستەقینە . کاتێ لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا بووم ، بۆ یەکەم جار کە دەریام بینی واقم وڕماو حەپەسام چونکی لەو دەریایە نەدەچو کە بە هۆی خوێندنەوەو تەماشاکردنی هەندێ وێنەوە لە مێشکما دروست بوو بوون ، وەتاکو لەگەڵ ڕاوکەرەکانی دەریادا چەند گەشتێکم نەکردو نەچوومە تاو دەریاوە بە باشی شارەزای نەبووم . پاسەوانی دارستان لە هەموو کەسێ باشتر بۆنو بەرامەو ڕەنگی دارەکان دەزانێ ، چونکی باشیان دەناسێو ماوەیەکی درێژ لە گەڵیانا دەژی . ... »

« منال بووم ، کاتێ خولیای بینینی ئاسمانی لازوردی دەکەوتە کەللەمەوە کۆڵارەم دروست ، دەکرد ، ئێستاش کە گەیشتوومەتە ئەم تەمەنە کاتێ هەست دەکەم پێویستیم بە بینینێکی قولی ڕەنگی ئاسمان هەیە هەمان ئارەزووی منالێم دووبارە دەکەمەوە . هۆمیرۆس لە نا وڕووداوەکانی میللەتەکەیدا ژیاو هەستی بەو کارەساتە جەرگ بڕانە کرد کە بە هۆی شەڕەوە میللەتەکەی تووشی بوو ئەم بەشدار بوونەی هۆمیرۆس نەبوایە لە ڕووداوی میللەتەکەی نەیدەتوانی دەربارەی شەرێك بنووسێ کە دوو سەدە پێشی لە دایك بوونی ڕووی دابێ . ئەوە بۆ لە شاکارە نەمرەکەیدا (ئەلیاذە) تۆماری کرد .

مەبەستم ئەوەیە بڵێم : بێ بەشداری کردن لە خۆشی و ناخۆشی جەماوەردا هونەر نابێ . وەهەر کەسێ خۆی دوورخاتەوە لە ژیانو سروشت نە دەبێتە هونەرمەند نە بە پیاوێکی سیاسی »

ئەمە ڕوانگەو تاقی کردنەوەی نووسەری پێشکەوتنخواز « یشار کمال »ە

هونەرمەند دەبێ لەگەڵ جەماوەردا بێو خواستو ئاواتو ویستی مرۆڤ بخاتە ڕوو ناکۆکی یەکانی کۆمەڵ دیاری کا شتە نهێنی یەکان ڕوون کاتەوە بۆ ژیانێکی تر .

ڕۆمانی «ئنجەممد»

(لە تەنیشت ئەسپێکەوە وێنەم بگرن

لە سەر کاغەزی سپیشی بمناسن)

بەم چەند ووشەیە «یشار کمال » ڕۆمانەکەی پێشکەش دەکات ، ئەم ڕۆمانەی بەرهەمی ئەو ساڵانەیەتی کە لە یەکێ لە ڕۆژنامەکاندا پەیامنێر بوو . ڕۆمانەکە لە داستانێکی میللی دەچیو قارەمانی ڕۆمانەکەشە - انجەممد - وەك قارەمانی ناو داستانە میللی یەکان - بەڵام قارەمانێکی سەردەمو ووشیارو پێشکەوتوو دوور بین تر - شۆرشگێرەو لە ناو چینی هەژارو لێ قەوماوانەوە پەیدا بووە .

لێرەشدا دەمەوێ ئەوە بڵێم « یشار کمال » سوودێکی زۆری وەرگرتووە لە داستانە میللی یەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیاو بە بینینێکی سەردەم ئالۆ گۆڕی لە گەلا کردون لە نێوانیانەوە ئەوەی مەبەستی بێ دەیخاتە ڕوو .

« ئەفسانەی چیای ئاگری » - کە مامۆستای هێژا شکر مصطفی - وەری گیراوەتە کوردیو « انجەممد » و « گەلێ لە چیروکە کورتەکانی » ئەم ووتەیە دەچەسپێنێ .

ڕۆمانەکە - انجەممد - بە تابلۆیەکی فراوانو جوانی دیمەنە دلگیرەکانی چیای « تۆرۆس » دەست پێ دەکات ، زنجیرە دێیەکی خنجیلانە لە بنار چیاکەدا لە ژێر تیشکی خۆری بەهاردا مەلە دەکەن ، تابلۆکە بەرە بەرە بچووك دەبێتەوە ، بچووك تر دەبێتەوە ، (لەقتەی) بچووك نیشان دەداو لە سەری دەڕوا بۆ ئەوەی بە باشیو بە قوولی لە ناخی تابلۆ گەورەکە بگەین - لێرەدا کەلکی لە هونەری سینمایی وەرگر- توەو بە شارەزایی یەکی تەواو زاڵ بووە بە سەریا - بەردەوام دەبێ لە دەرخستنی گەلێ شتی بچووك بچووكو شاراوە ، تاکو دەگاتە سەر منالێکی بچووك لە ناو پارچەیە دڕكو داڵو زەردە سێدایە ، لەگەڵ پێ هەڵهێنانیدا بە جارێ مشتێ زەردەزیو دڕکی تیژ دەچەقێنە پێی خاوسیا ، ڕادەوەستێ .. دەڕوا . . ڕادەوەستێ ، تاکو خۆی بگەیێنێتە دایکە بێوەژنەکەی یارمەتی بدا ، دوای هێنانو بردێکی زۆر بەرە بەرە ئەم ئازارو ڕەنجدانەی سەری گوریسێکی چنگ دەخات:

بەری ئەم ڕەنجەمانە ئاو دەیباو ، بۆ ئاغا خۆمان ماندوو دەکەین . بەم جۆرە هەر لە منالی یەوە بیبر لەمە دەکاتەوەو بە چەوساندنەوە ڕازی نابێ . دواجار نووسەر دێتە سەر ئاشکرا کردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ناو دێ ، پەیوەندی لادێیی یەکان لە ناو خۆیاندار لەگەڵ ئاغادا ، ئینجا ئەوەمان پیشان دەدا کە چۆن کەسی چیرۆکەکە لە ترسی زەبرو زەنگی ئاغادا دێکە بە جێ دەهێڵێ بۆ دێیەکی نزیکی ئەو ناوچەیە ، زۆری پێناچێ ئاغا بە زۆر دەیگەڕێنێتەوە . لەم ماوەیەدا - انجەممد - ڕێی دەکەوێتە شارو شەو لە خانێکدا دەمێنێتەوە ، نووسەر لێرەدا زۆر بە وریایی و شارەزایی یەکی قوول هەستی منالێکی لادێیی دەردەبڕێ ، کە بۆ یەکەم جاری پێی ناوەتە شارەوە .

لە بەشێکی تری بەرگی یەکەمدا دێتە سەر ئەوەی کە ئاغا دەبێتە دڕك لە نیوان - انجەممد - و دلدارەکەیدا ئەوەی چیرۆکەکە نەخوێنێتەوە نازانێ هونەری و لێهاتوویی ئەم کابرایە گەیشتۆتە - پلەیەك ، کە چەند هونەرمەندانە توانیویەتی بە ووردی ئەو کاتە ناسکانەی لە دەروتی قارەمانەکەمان بۆ دەربخا لێرەوە سەرەتای گۆڕانی قارەمانەکە دەست پێ دەکات ، کە قۆناغێکی نوێ لە ژیانی قارەمانەکەدا دەست پێ دەکات بێ گومان لەم حالەتەدا ڕووداوی ناو چیرۆکەکەش بەرەو پێشەوە دەچێو پەلی نوێ دەهاوێ .

ئاهەنگێو زەماوەند لە هەموولایەکدا ساز دەکرێت ، بەڵام کوتو پڕ انجەممد کە بە کوردی «حەمە سیس »ی پێ دەڵێن وون دەبێ .. هەر وەکو چۆن قارەمانی ناو هەندێ لە داستانە میللی یەکان لە ناکاودا ووتی دەبن ئەئاوا - انجەممد - لە ناکاودا وون دەبێ . بەڵام ئایا کێشەی مرۆڤ بە کوشتنی ئاغای دێیەکی بچووکی بنار چیای (تۆرۆس) کۆتایی پێدێ ؟ دێکە ئاغایەکی بچووکی هەبوو ، بەڵام ناوچەکە ئاغایەکی گەورەتر ، لێرەدا بەرگی یەکەم کۆتایی دێ .

لە بەرگی دووهەمدا لە سەرەتاوە ئاوا ذەنووسێ :

« پەڕەسێلکە بە دەنووکی بچووکی قوڕ دێنێ ، چەندان جار بۆ ئەم مەبەستە دێت و دەچێ تا هێلانەیەك بۆ خۆی دروست دەکات » بەم چەند ووشانە نووسەر بەرگی دووەممان دەخاتە بەردەست . - انجەممد - سەر لە نوێو جارێکی تر پەیدا دەبێ . چەند ناسیاوێکی ماوەیەك دەیشێرنەوە ڕووداوەکان بە چڕی سەر هەڵدەدەن خۆی دەگەیەنێتە دەرەوە ، خەڵکێکی زۆری لەگەڵدایە ئەمجارەیان بۆ مەبەستێکی گەورەتر ئەویش ڕزگار کردنی دیهاتەکانی دەورویەرە .

لە کۆتایی بەرگی دووەمدا ئاغای ناوچەکەش دەکوژرێو ناوچەکە پاك دەکاتەوە لە دەسەڵاتی دەرەبەگ . بەڵام ئایا بەمە کۆتایی بە هەموو شتێ دێت . دوای ئەمە چی دەکەن ، بۆ کوێ دەچن ئەمەیان نازانین وا دیارە کۆتایی پێ نەهاتووە ، چونکی جارێك شتێکی ئەوتۆ نەکراوە دەڵێن نووسەر بە تەمای نووسینی بەرگی سێهەمە ، ڕەنگە چوارەمیشی بە دوادا بێ دەبێ انجەممد ئەمجارەیان چی بکاتو لە کوێ سەر هەڵدا ڕۆمانێکی نەمرە چونکی تا جەورو ستەم مابێ - انجەممد - دەبێ هەبێ .

سەرچاوەکان

١ - گۆڤاری « الاقلام » ژ ١٩٧٥/٧ .

٢ - ڕۆمانی - انجەممد - بەرگی ١ ، ٢ . چاپی (١١) ١٩٧٣ .

Institut kurde de Paris

بەردەوام دەجەنگین ، تا دوژمنی رەگەزپەرست هۆشی دێتەوە بەرخۆی و باوەڕ بەمافەرەواکانمان دەهێنێ و شەڕ دەوەستێنێ

ڕژێمی فارسە رەگەزپەرستەکان جارێکی تر پەردە لە ڕووی چاوچنۆکی بەرامبەر عێراق لادەبات

ڕێکخراوی موجاهدی خەلق دوو پاتی دەکاتەوە کە قسەکانی خامنئی ئامانجە گلاوەکانی خومەینی جادووگەری خستە ڕوو

درندەکانی ڕژێم لە تاران بەردەوامن لە کوشتن و بڕینی خەڵکی بێ تاوان

تاران : دووبارە ڕژێمی فارسی چاوچنۆکی بۆ عێراق و سووربوونی لەسەر دەستخستنە ناو کاروباری ناوخۆی عێراقی نوێ کردەوە.

ئەمەو علی خامنئی سەرەکی ڕژێمی فارسی لە وتاریکیدا بۆ ژمارەیەك لە چلکاوخۆرەکان کەلە ئێرانن وتی پێویستە ڕژێمی حوکم لە عێراق بروخێنرێتو ڕژێمێکی تری نوێی سەر بە ویلایەتی خومەینی دابمەزرێنرێت هەروەها وتی ئێران لە هەموو حکومەتو گەلانی تری جیهان ماڵئاوایی زیاترە لە دیاریکردنی دوارۆژی عێراق .

دیسان وتی دوارۆژی عێراق هەمان دوارۆژی ئێرانی هەبە لەژێر سایەی ویلایەتی و پەیڕەوەکانی خومەینی بەوە .

هەروەها وتی ویلایەتی خومەینی پێویستە سنووری جوگرافیای هەموو ولاتە ئیسلامی بەکان بگرێتەخۆی .

● لەهەمان کاتیشدا ڕێکخراوەی موجاهیدانی خەلق زۆر بەتوندی هێرشی بردەسەر قسەکانی ئەمدوایی یەی خامنئی .

ڕێکخراوەکە لە بەیاننامەیەکدا کە بە تەلەفۆن بەسەر ئاژانسەکانی دەنگوباسی دابەشکرد ، وتی : ڕژێمی خومەینی ئامانجە گلاوەکەی لە درێژەپێدانی جەنگ لەگەل عێراقدا ئاشکراکرد .

دیسان وتی سەرەکی ڕژێمی ئێرانی بەتەواوی ئاشکرای کرد کە مەبەستی لە جەنگ کردن لەگەل عێراقدا دامەزراندنی حکومەتێکە لەژێر دەسەڵاتی ویلایەتی خومەینی یەوە . هەروەها ڕێکخراوی موجاهیدانی خەلق زۆر بەتوندی ئاڕەزایی بەرامبەر ئەم ڕەفتارەو ئامانجی پەلاویشتنی خومەینی دەردەبڕێت کە تا ئێستا گەلی ئێرانی هیچ خۆشی یەکی لێوە نەدیوە تەنها پەنابردن بۆ دەرەوەی ئێران و کوشتن و بڕین نەبێت .

● دیسان کاربەدەستانی ڕژێمی خومەینی ژمارەیەکی زۆریان لەو هاوولاتی یە ئێرانی یانە خنکاندوە کە بەرهەڵستی سیاسەتی ڕژێمەکەو ڕێبازە خوێناوی یەکەی ئەکەن .

دەنگوباسەکانی پایتەختی ئێران وا ئەگەیەنن ژمارەیە لەو خنکێنراوانە کچن لەبەر بەشداری کردنیان لەو مانگرتنەدا ئیش کەرانی کارگەیەکی شتومەکی کاربایی لەم دواییەدا لە تاراندا کردیان دژی ئەو هێرشی خەڵك کوشتن و سەرکوت کردن و ترساندنەی ڕژێمی خومەینی بەرامبەر هێزە بەرهەڵستکەرەکان دەیکا .

نامەی ماڵئاوایی ـ پاشماوە

ماڵو پشتی هاتی‌قە پاریسن هند لوێری نما ئو زغری‌قە هندستاناچینی ئۆ لوێری بەشداری ل هێزو بزاڤێن شورش‌گەرا کر ئو وی لوێری کوفارەك دەریخست ئو سەر ـ نڤیسڤاین‌یا وی کوفاری کر نافێ کوفاراوی (هندستانا ـ جینی)بی ئو ئارمانجاوی ژوێ کوفارێ ئەقەبی بیرئو ـ باوەرێن شورش‌گێرێن کمبودیایێ دژ حوکمەتاخو یا فرەنسی بەلاف‌بکت .

ل سالا ١٩٢٨ئ ئەفی تورەفانی چیروکەك بناڤێ « داگیرکەران » بەلاف‌کر ئو براستی ئەف چیروکاهە بەری چیروکا « ڕێکا پادی شاهان » بەلاف کربی . سالا ١٩٣٣ئ ماڵروی چیروکاخو یاسێ نڤیسی ئو نافێ وێ‌چیروکێ « قەدەر ئو مروف » بی ، دەنگ‌ڤەدانا فێ چیروکێ لناڤ خەلکێ رەوشەنبیر کەلەبی ئو سێ‌سەد هزار هژمارە ژفێ چیروکێ دەهبفەکێدا هاتە فروتن ـ سالا ١٩٣٣ ـ ! هەروەها ئەف چیروکە بو ٢٠ ئەزمانێن جیهانی هاتە وەرگێران . دوەختی‌دا تورەفانێ بناڤ‌ودەنگ اندریە جید بەحسێ فی چیروکێ کر ، گوت : چیروکەکە ئیشی‌وژان ژێ دژەنن.. هەر وەسا فرانسو موریاکی بەحسێ فێ چیروکێ کر ئو گوت : ـ ئەز گەلەك بەسنی‌یا فێ چیروکێ دکم .

بیر بروودان بەحسێ فێ چیروکێ دکت دبێژت چیروکا ماڵروی قەدەر ـ ومروف ببەلاڤێن چیروکبی لفێ نیف چەرخێ ..

پشتی وێ چیروکێ ماڵروی چیروکەکادی بەلاف کر نافێ وێ « چاخێ کرێت کرنێ »بی .. ئو ئەف چیروکاهە . هێرشی ئباشکرایی برە سەر نازی‌یا ئوبزافا هەتلەری ل اورپایی.. ئەف چیروکە بزافا رویت‌کرنا گوستابوا دکر ئو زیندانێن‌وانا تێن دوبر ژ مروفاتی‌بێ ...

جەنگاوەرانی عێراق ـ پاشماوە

● ٢٩-٣-١٩٨٢ :

١٣٥ کوژراو لەمانە ١١٠ یان لە کەرتی شوشەو دیزفول بوەو ١٣ دەبابەو ١٧ سەربازبەری مودەرەعەو ٢٢ لۆری‌و ٦ تۆپ‌و دوو بنکەی تەقەمەنی‌و یەك شەڤڵو خستنە خوارەوەی سێ فرۆکەی دوژمن .

● ٣٠-٣-١٩٨٢ :

١١٥٦ کوژراو هەشت فرۆکەو ٣٥ دەبابەو ١٦ سەربازبەرو ١٨ لۆری‌و ٧ تۆپ‌و بنکەیەکی ساروخ‌و دوو شەڤڵ‌و بنکەیەکی تەقەمەنی .

● ٣٢-٣-١٩٨٢ :

١٠٧ کوژراوو یەك دەبابەو پێنج سەربازبەری مودەرەعەو ١٣ لۆری‌و بنکەیەکی ساروخ‌و بەربەستی دەبابەو یەك‌تۆپ‌و تۆ شەڤڵ‌و بنکەیەکی تەقەمەنی‌و روانگەیەك .

لەبەر ڕووناکی ڕووداوەکانیدا ـ پاشماوە ـ

« هایە »

جەنگاوەری کوردستان
بەشانی جەنگاوەری
عەرەب مەردانە بەزگری
لە سەربەستی عێراق
دەکات‌و خەوی
دوژمنانی سەربەرزی
عێراق نایەتەدی‌و
یەکینی نیشتمانی
عێراق هەربەتەو تەر
دەبێت‌و کاروانی
عێراق بەرابەری
سەرکردەی دلێر صدام
حسین هەر لەسەرکەو
تندا دەبێت .

● کوردیتان ●

موهیب ڕوکن صدام حسین ـ پاشماوە

ئیران چاوی لە بەشێکی عیراق نەبڕیوە بەڵکو چاوی بڕیوەتە هەموو عیراق‌و بانگەشەی (خامنئی) بەوە کە سنوور لە نێوان هەردوو نەتەوەی عیراق‌و ئێراندا نیە ، ئامانجی ئەوەیە ڕێگا بەکراوەی بمێننێ بۆ ئەوەی عیراق بەبێ‌هیزی‌و بچوکی بەسەر ستریتەوە بە دەوڵەتی فارسەکانەوە چونکە ئەو نانەوێ بەشێك لە خاکی عیراق ژێر دەستە بکات بەڵکو هەموو خاکی عیراق‌و مرۆڤ لە عیراقدا تا بێن بە پاشکوی نەتەوەی فارس .

ئەوەیە عەقلیەتی حاکمەکانی وڵاتی فارس‌و ئیستا بەم‌جۆزە مامەڵەمان لەگەل دەکەن ، هەروەها وتی : ئێمە دەزانین کە میزوو خاك‌و گەل‌و نەتەوە چاوەڕێی هیچمان لێ‌ناکەن ئەوەنەبێ بچەنگین هەتا دوژمنان دەگەنە رادەیەك بێنەوە سەرخۆیان‌و شەڕ بوەستێنن‌و واز لە خەونە ناخۆشانەکانیان‌و چاوبرسیەتیان بەرامبەر عیراق‌و نەتەوەی عەرەب بێنن .

سەرەکی فەرمانده دووپاتی کردەوە کە دوژمنەکانمان تەنیا شکاندن‌و دۆراندنیان بۆ دەمێنیتەوەو ڕێکخستنەوەی بەرگریمان لەهیلەکانی پشتەوە هەروەك لە پێشەوە وایە بەپێی چاکەو پێویستیەو لەگەل ئەم بیزۆباوڕانەو بیرو باوەری سووڕ بون لە سەر جەنگین ناکۆك نیە هەرکاتێ پێویست بوو .

سوودومرگرتن لەهەتاو ـ پاشماوە ـ

بەڵام لەم چاخەدا ، زاناکان تێدەفکرن چۆن زیاتر سوود لە هەتاو وەربگیرێت‌و مروڤایەتی رزگار بکرێت لە تەنگوچەڵەمەی وزەو سووتەمەنی ... ئێستا پیترول‌و غازو نەوت ، بەهۆی بەکارهێنانی فراوانەوە خەریکە کۆتایی‌یان بێ‌بێت . . . . هەتاو ، ئەو سەرچاوەیە دووایەی وزەیە کە پێویستە سوودی لێ‌وەرگیرێت .

لە سالی ١٩٦٠دا ماموستایەکی فیزیا ٤ کە ئەمریکی‌بوو لە بەغدا دەژیا گەرماوێکی داهێنا بەهۆی هەتاوەوە ... .لە یەك دەقیقەدا دوو لیتر ئاوی گەرم دەکرد تا پلەیی کوڵان .... ئێستا هەندێك وڵات کە تەکنولۆژیای پێشکەوتووە خەریکە ئوتومبیل‌و ئامێرو مەکینەی ئەو چەشنە دروست بکات کە بە هەتاو ئیش دەکەن .

بەهۆی ئاوینەو زەرەبین « عدسە » دەتوانرێ هێزی گەرمایی هەتاو زیاتر و خەستتر بکرێت ، ئینجا سوودی لێ‌وەرگیرێت . . . لە ژاپۆندا ، کە بێ‌ئەوەتری وڵاتێ خۆر یاخود هەتاو ، جۆرەها هەوڵ‌و تەقەللای لەم چەشنە دەدرێت بۆ ئەوەی هەتاو بگۆڕدرێت بۆ وزەی کارەبا ، لەوانەیە ڕۆژێك ئیشکی هەتاو لە ئامێرێك‌دا کۆبکرێتەوە ، یاخود بەهۆی پالەپەستۆوە بکرێت بە شلە « سائل »و لە بوتڵی شووشە یاخود لە بەرمیل یاخود لە تەنەکەیەکدا کۆبکرێتەوەو وەکو غازو نەوت سوودی لێ‌وەربگیرێ.

کەم‌خوێنی‌ی منداڵ ـ پاشماوە

تەخواردنی ئاسنیان کەم بێت .

هـ ـ لەلای ئەوکێژە هەرزەکارانەی (المراهقات) کەلەماوەی هەرزەکاریدا بەشێکی زۆری خوێنیان لەکاتی بێ‌نویژیدا وون دەکەن ، ئەمەش کار دەکاتە سەر ئەو منداڵانەی کەدەیان ـ بێت لەپاشەڕۆژدا .

« »

لەپاڵ ئەو هۆو بارو دۆخانەی ئەباسمان‌کردن ، هەندێك حاڵەتی دیکەی کەم خوێنیی هەن ، کەهۆیەکەیان کەمیی (فولیك ئەسید ـ) .

٢ ـ بوونی پەشێویی لەمۆخی ئێسقاندا : ـ

پێشەکی پێویستە ئەوە بزانین کەمۆخی سووری ئێسقان وەکو لیپرسراوێك وەهایە لەپێکهێنانی خرۆکەی سووری خوێندا ، جا ئەو پەشێوی‌یەی کەتووشی دەبێت بەهۆی شێرپەنجەی خوێنەوە یان نیشتنی هەندێك شانەی شێرپەنجەیی لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەیەوە لەسەر ـ چاوەیەکی دیکەی شێرپەنجەوە ، یان لەئەنجامی هەوکردنێکی کاتی لەشەوە ، یا بوونی ناتەواوی‌یەك لەگورچیلەدا ، یان بەهۆی هەندێك ماددەی کیمیایی‌یەوە کە توانای مۆخی ئێسقان بۆ دابەش‌ـ بوون نزم دەکاتەوە ، وەك مادەی (کلورام فینکول) ، کار دەکاتە سەر ئەو خرۆکەسووراناە .

٣ ـ هەندێك جار کەم‌ـ خوێنی لەئەنجامی شێ‌بوونەوەی خرۆکەکانی خوێنەوە پەیدا دەبێت . جا لەهەندێ بارو دۆخی تیژدا کە منداڵ تووشی ئەم ئەخۆشی‌یە دەبێ ئاوساوی‌ـ یەك لەبەر موسولدانیدا بەپیدادەبێ ڕەنگی میزەکەی دەگۆڕێ .

٤ ـ لەدەستدانی خوێن :ـ گەلێك جاری دیکە دەبینین کە هەندێ حاڵەت هەیە ، وەکو خوێن بەربوون(نزیف) کە لەئەبخامی هەوکردن‌و بریندارییی گەدەوە ڕوودەدا، دەبێتە هۆی کەم خوێنیی .

« »

چارەسەر :ـ

چارەسەرکردن‌و بنەبڕکردنی ئەخۆشی کەمەم خوێنیی ئایەتە دی ، تاکو ئەوهۆیانەی کەباسمان کردن چارەسەر ئەکرێن‌و ، ئەم چارەسەرکردنەش پێویستە لەژێر چاودێریی پزیشکی پسپۆڕدا بێت .

هاوکاری

ڕۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانەی گشتی‌یە

لە دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی دەردەچێ

تەلەفۆن : ٨٨٧٥٧٩٥/٥ خەت

شەقامی الخلفاء مەیدانی الخلانی

سەرکردەی هێزی ئاسمانیمان ـ پاشماوە ـ

ئەم مانگەدا توانیویانە کە ٥٦٢ کاری جەنگاوەرانە دژی هێزو شوێنەکانی دوژمن بەجێ بهێنن ، ئەمە سەرباری ئەوەی کەفرۆکە هیلۆکوبتەرەکانیش هەر لەهەمان ماوەدا (٢٤٥) کاری جەنگاوەرانەیان بەئەنجام گەیاندووە ، لەم هێرشانەشدا تەنیا دوو فرۆکەی جەنگیی‌و پێنج هیلوکوبتەر لەدەست چوون.

هەروەها فەریق روکن بەربەرچی تەواوی درۆو دەلەسەکانی دام‌و دەزگای ڕاگەیاندنی دوژمنی دایەوەو ڕایگەیاند کە ـ فرۆکە هیلوکوبتەرەکانمان لەبواری ئەو هێرشانەی کەکردوویانەتە سەر هێزەـ کانی دوژمن زیانێکی زۆریان پێگەیاندون . لەکۆتایی دووانەکەشیدا دووپاتی کردەوە کەهێزی ئاسمانی‌ی عێراق بەپشتیوانی خوا هەمیشە سەرکەوتن بەدەست دێنێ‌و ، هەردەم نیشانەو جێگەکانی شەڕی دوژمن دەپێکن .

ڕژێمی بەکرێ گیراوان ـ پاشماوە ـ

سەرچاوە ئێرانی‌یەکە ئەوەیشی ئاشکراکرد کە سەرۆکی گشتی هێزە چەکدارەکانی ئێران ـ ظەهیر نەجاد ـ و سەرۆکی ئیستیخباراتی ئێران عەقید ـ قوتەبە ـ لە دووی مانگی ئازاری ڕابوردوودا بە نهێنی سەریان لە دیمەشق داوەو لەگەل حافظ اسدو سەرۆکی ئیستیخباراتی سووریا ـ عەلی دوبا ـ دا کۆبوونەتەوەو حافظ اسد بەکەر بڕیاری‌دا ئەم شتومەکانە بە بردێکی ئاسمانیدا بگوێزرێنەوە بۆ تاران .

گورتە هەواڵ ـ پاشماوە ـ

بارانێکی زۆر ڕوویدا کە لە نزێك دێی (مادیان) لەو ناوچە شاخاوی‌یەدا باری.

● **سان سلڤادۆر ..**

ئەو ئەنجامە ڕەسمی‌یانەی کە بڵاوکراونەتەوە وا پیشان دەدەن کە پارتی دیموکراتی مەسیحی فەرمانڕەوا بە سەرۆکایەتی سەرمك ناپلیۆن دوارتی پلەی یەکەمی لە هەڵبژاردندا دەستی ـ کەوتووەو لە شاری سان‌سلڤادۆری پایتەختدا لە پێشەوەیە .

Institut Kurde de Paris

چاوی کامیرا



چەند وێنەیەك لە مەیدانی جەنگەوە
جەنگاوەرە دلێرەکان
بەرگری لە سەربەستی و
سەربەرزی خاك و
سەروەری عیراق دەکەن

ئاهەنگی هونەری میللی کوردی لە نەمسا

تیپی هونەرە میللی‌یەکانی‌هەولێر ئاهەنگێکی هونەری گەورەی لە نەمسا سازکردوزیاتر لە سێ هەزار کەس لەگەل ژمارەیەکی زۆر لە پۆژنامەنووس‌و هونەرمەندە نەمساوی‌یەکان ئامادەی‌ئاهەنگەکە بوون .

جا جەماوەری نەمساوی زۆر بەگەرمی‌یەوە پێشوازی‌یان لە چالاکی‌یەکانی تیپی ناوبراو کرد کە بریتی‌بوو لە پێشکەش‌کردنی چەند تابلۆیەکی هەلپەرکێی میللی کوردی‌و چەند گۆرانی‌یەکی ئاسایی کورد لەگەل بەکارهێنانی ئامرازە مۆسیقایی‌یەکان بەشێوەیەکی جوان‌و ئەوروپایی‌یەکانەوە ئەنجام‌داوە .

تیپی ناوبراویش لە رۆژی ١٨-٣-٩٨٢ گەیشتە نەمساو لە (٢٠) هونەرمەندی لاوی ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی پێکهاتووەو گەلێك چالاکی هونەری سەرکەوتووی لە پایتەختە دلرفێنەوە .

هەروەها ئەم تیپە پاش ئەوەی سەرکەوتنێکی گەورەی لە ئاهەنگەکەی یەکەمی لە ڤیەنا بەدەستهێنا، ئاهەنگێکی تری لە شاری سالزبۆرك لە نەمسا ئەنجامدا .

لە دەرەوەی سنوور

جەژنێك لە ڤێرسایدا

لەم دواییەدا یەکێك لە گەورەترین‌و سەرکەوتووترین نمایشی هونەری بەناوی « سەدەیەك لەڤێرسایدا » ڕێکخرا .

لە باخچەکانی کۆشکی ڤیرسای بەناوبانگدا نمایشێکی شانۆگەری ڕێکخراو هەندێ هەلپەڕکێ‌و گۆرانی‌و هەلپەرکێی بالێیشی تیدا پێشکەش‌کرا. لەم ئاهەنگەدا هەندێ شانۆگەری فەرەنسایی بەناوبانگی وەك « ڕاوێکی شاهانە لە ڤیرسایدا »و « ڤیرسای شاری شانشین» و «ئێلدای کچە شازادە» و شانۆگەری هەلپەڕین « هێرشەکانی لویسی چواردەهەم » و «ئیستەرو ئۆتالی » کە ڕاسین نووسیویەتی و بالێی «ولاتی هیند » کە جان فیلیپ ڕامۆ نووسیویەتی پێشکەش کران .

ئەم ئاهەنگە تا بەرەبەیان بەردەوام بوو و سەیرکەران بەو نمایشانە یادە بەتامەکانی کۆشکی ڤیرسای مەزنیان تازەکردەوە . ئەم ئاهەنگە بە زیندووکردنەوەیەکی کەلەپووری کۆن‌و گەرانەوەیەك دائەنرێ بۆ ئەومێژوویەی کە ماوەیەکی زۆر تیشکی ئەبەخشی بە مرۆڤایەتی . ئەم وێنەیە لایەکی نمایشەکان پیشان ئەدا .

ڤێستەڤالی سەمای کچان

ئاوازی سەماکردن‌و گۆرانی بالی بەسەر ئاوی دوگافا لە شاری (ڕێگا) کێشابوو کە ئەوێش شوێنی شانۆی ئێستای گۆرانی ئاسایی‌و سەماکردنی قوتابی‌یە کچ‌و کوڕەکانە لە هەرسێ کۆمارەکانی بەلتیق .

لە ڤێستیڤالەکەشدا چەندەها تیپ‌و کۆڕسی قوتابی کوڕ‌و کچ‌و ئورکیسترات‌و گەلێك تیپی سەماکردن لە روسیای یەکێتی‌و ئۆکرانیا‌و بیلوروسیا‌و جۆرجیا‌و مۆلدافیا ، بەشداری‌یان کردبوو .

جا گۆرانیبێژە سەماکەرەکان کە هەموویان قوتابی بوون‌و ژمارەشیان بە مۆسیقاژەنەکانەوە دەگەیشتە حەفت هەزار ، کۆمەلبوونێکی ڕێك‌وپێکیان پێکهێنابوو کە بەدرێژایی شەقامەکانەوە ئاوازی لێوە دەردەچوو ، هەمووشیان بە مۆسیقاژەن‌و خەلکی پایتەختی لاتفیە لەوپەڕی خۆشیدابوون .

پێشانگای قوتابیان لە هەفتەی کتێبخانەکاندا

بە بۆنەی هەفتەی کتێبخانەوە لە زوربەی زۆری قوتابخانەکان‌دا چەندەها چالاکی جۆربەجۆر پێشکەش کرا ... یەکێك لەوانە کردنی پێشانگەیەکی هاوبەش لە هۆلی قوتابخانەی ئامادەیی ئەزمری کوڕان بۆ هەردوو هونەرمەندی قووتابی « وەهبی رەسول» و سامان کریم . ئەمەش بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەرو چاودێری کردنی مامۆستای هونەر لە قوتابخانەی ناوبراودا بۆ ماوەی چەند رۆژێك سازکرا .

شایانی باسە هونەرمەندانی ناو براویەکی بە (٢٠) بیست تابلو هاوبەشی پێشانگەی ناوبراویان کردبوو کە پێمك هاتبوون لە بەرهەمی زەیت‌و پۆستەرو هێلکارین‌و ئاوین‌و تەعبیری ... هەروەها بە وردبونەوەشی لە ناوەرۆکیان لە لایەکەوە تارادەیەك‌و بەگوێرەی تەمەن‌و تاقی کردنەوەی خۆیان توانیبویان وێنەی دەوروبشتەکەی خۆیان پیشان بدەن‌و زیرەکانەش دوای چارەسەری کێشەکان بکەون.. .نمونەی ئەمانەش بە شێوەیەکی ئاشکرا لە پۆستەرەکەی کاك وەهبی‌دا بە ناونیشانی « دەست کردنە ملی خۆر » و « ئاورێك بۆ رابوردوو»ی کاك سامان‌دا دەر ئەکەوتن ...

بە شیوەیەکی گشتی تر پێشانگە کە جێی رەزامەندی مامۆستاو قوتابیان‌و بینەران بوو بۆیە هەردوو قوتابی ناوبراو لەم ڕێگایەوە جێگای ڕێز لێنانی دەستەی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیان بوون .

نوسینگەی سلێمانی

ئاهەنگێکی هونەری

لە هۆلی قوتابخانەی سانەوی قەلادزەیشدا لیژنەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە قەلادزە ئاهەنگێکی بە بۆنەی جەژنەکانی ئازارو بەهارەوە ڕێکخست‌و جۆرەها چالاکی گۆرانی‌و نمایشی هەلپەڕکێی میللی پێشکەش‌کرد .

لە بەرووناکی رووداوەکاندا ...

بەدەوشتیان ... گەیشتۆتە ڕادەیەکی بێ‌سنوور ... !

لەم رۆژانەدا ، رادیو شرەکەی تاران ، لە چوارچێوەی ناماقولیەکانی هەموو رۆژەیدا، دەیگوت بە گەلی کوردی کوردستانی عیراق کە گوایە ئێوە شەڕ بۆکێ دەکەن ؟ ئەوەنیە حکومەتی عیراق مافی زەوت کردوون‌و دەتانچەوسێنێتەوە وەررن پشتگیری برا موسڵمانەکانتان بکەن لە ئێران !!!

بەراستی ، راستیان کردوە کە وتویانە، حەیا قەترەیەکە ، کە .. تکا .. تکا .. !! یەکێك نەشارەزاو ساکارو دوور لە رووداوەکانی دنیایێ ، گوێی لەم قسەیەی رادیو شرەی تاران‌بێ ، دەڵێ برا کوردەکانتی کوردستانی ئیران لە بەختەوەریەکی بێ‌وێنەدا دەژی ، بەڵام سەد شوکر ئیستاو بە تایبەتی لە عیراقی شۆڕشدا ، کەسانی وا نەماون بە درۆو فیشاڵ بخەڵەتێن‌و خۆ لە کوردستانی ئێرانیش خومەینی جادووگەر ئەونده دڕندایەتی بەرامبەر نەتەوەی کورد کردوە ، پێویست ناکات کەس ئەرکی ئەوە بکێشێ‌و پێیان بڵێ ئێوە چەوساوەو ماف خوراون .

تەنیا قسەیەك دەربارەی ئەم درۆودەلەسانەی خومەینی جادووگەرو تاقمە رەگەز پەرستەکەی بکرێ ئەوەیە پێیان بوتری : لێتان ناگرین ، ئێوە ئەوەندەی بێ رەوشتن ، بێ‌رەوشتیتان گەیشتۆتە رادەیەکی بێ‌سنوور ، بێگومان هەرچیشتان هانتان دەدات‌و دەست بە پشانەوە دەگرێ ، لە ژیر هەر پەردەیەکدا خۆی شاردبێتەوە ، لە ئێوە زۆر بێ‌رەوشترو ناپەسەندتر ە .

گەلی کورد ، لەکوردستانی عیراقداو لەسایەی دەستکەوتەکانی سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕشەوە بەمافی رەوای خۆی شادەو بەهەمروتوانایەوە بەشداری کاروانی بیناکاری عیراق دەکات ، لەو رۆژەشەوە ، فارسە رەگەزپەرستەکان چاوی تەماع‌و دوژمنایەتیان ئاراستەی عیراق ،

بڕوانە ل : ٧

جیهانی مندالان

چیرۆك

بەلێن

جارێکیان سۆزان‌و گۆزان ، لەسەر شوشتەی شەقامەکەدا یاری تۆپی پێیان دەکرد لەپڕ تۆپەکە بەرەو شەقامەکە غلۆر بووەوە ، کارزان بەپاکردنەوە کەوتە دوای تۆپەکە بێ‌ئەوەی ئەماشای ئەولاو ئەملای شەقامەکە بکات . لەوکاتەشدا ئۆتومبێلێکی خیرا بە شەقامەکەدا رەت دەبوو .

ئیتر کارزان هەر ئەوەندەی زانی وا لەبەردەم ئۆتومبێلەکەدا کەوتووە ، بەلام هیچی لێ‌نەهاتووە ، چونکە شوفیرەکە هەر لەدووڕەوە بیری لەوە کردبووەوە کە کارزان بەدوای تۆپەکە هەڵدێ‌و دێتە سەر شەقامەکە بۆیە هەر کە گەیشتە نزیك کارزان گورج ئۆتومبێلەکەی وەستاند ، چونکە ئەگەر وریا نەبوایە ئەوە کارزان دەبوو بە ژیریەوەو لەوانەش بوو بمردایە .

بەم کارەی کارزان شوفێرەکە حەپەساو زۆریش کە لە شەقامەکەدا وەستابوون‌و رێگەیان نەبوو بڕۆن ئەوانیش زۆر تووڕە - ببوون‌بە گرژی‌یەوە سەیری کارزانیان دەکرد ، شەقامەکە گرتبوو - هەرچەندە پێشتریش لە بەسەرهاتەکە ئاگادار بوو - ئەویش رووی کردە کارزان‌و گۆزان‌و سۆزان‌و پێی گووتن :

کاکە گیان ، دەبوایە کە بەدوای تۆپەکەدا هەڵاتی، سەیرێکی ئەم لاو ئەولای خۆت بکردایە ، بەر لەوەی بڕۆیتەوە ناو شەقامەکە ..

ئیتر کارزان بە شەرمەزاریەوە کەش لەبەر زۆری خەلك‌و ئۆتۆمبێل جمەی دەهات .

گۆزانیش کە ئەم‌دیمەنەی دی ، گورج لە کارزان نزیك - بووەوەو پێی‌گووت :

رۆڵەکانم ئەوەی گۆزان دەڵێ راستە چونکە یەکێ گەربیەوێ لە شەقام بپەڕێتەوە دەبێ تەماشای ئەولاو ئەملای خۆی بکات ، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانن کە یاری کردن لەسەر شۆستەو شەقامەکان‌دا کارێکی زۆر زۆر ناشیرین‌و بێ‌جێیە ، چونکە خەلك لێتان بێزار دەبن‌و خۆشتان بە دەستی خۆتان ژیانتار دەخەنە مەترسیەوە ..

ئیتر بەم جۆرە هەرسێ هاوڕێ دوای ئەوەی قسەکانی پۆلیسی هاتووچۆیان‌لەگوێ‌گرت بە شەرمەزاریەوە بەڵێنییان‌دا کە ئیتر قەت لەسەر شۆستەو شەقامەکاندا یاری نەکەن بۆئەوەی نەخەلکی تر گرفتار بێت‌و نە خۆیشیان تووشی مەترسی‌و هیلاکی بن ...

عەزیز رەشید حەریری
لەعەرەبیەوە کردوویەتی بەکوردی

هاوکاری
دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەغداد/شەقامی الخلفاء/مەیدانی خەزانی
تەلەفون ٨٨٧٥٧٩٥
پێنج خەت

Institut Kurde de Paris

سلاو لە یادی ٣٥ ساڵی دامەزراندنی حزبی سەرکردە

ژمارەی تایبەتی لە گەڵ پانشکۆیەکدا

هاوکاری
الصامن

شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلافی
تەلەفۆن ٨٨٧٥٧٩ / ٥ خەت
ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

رۆژنامەیەکی لەفتانەیە
٨ لاپەڕە
٢٥ فلسە

● پینج شەممە ١٩٨٢/٤/٨ ژمارە ٦٣٢ ●
● الخميس ١٩٨٢/٤/٨ العدد ٦٣٢ ●

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەرێوەبەری گشتی و سەرنووسەر
مصلح مصطفى

بریاری میژوویمان‌دا بۆ گێڕانەوەی دەستەڵاتی تەواومان لەسەر خاک‌وئاوەکەمان‌و بە توانا و لێهاتنەوە دژی هەرکەسێ دەودستێن بەربەستی ئەم بریارە میژوویە ڕەوانەبکات .
سەرۆکی فەرمانده
صدام حسین

وەتاریکی میژوویی هاوڕێ سەرکردەی دامەزرێنەر لە یادی دامەزراندنی حزبی سەرکردەدا

سەرەکی فەرمانده : دڵنیاین سەرکەوتن بۆئێمەیە

سەرەکی فەرمانده بەڕێز صدام حسین وتی : دیانەتەکان حاڵەتی دەربڕینی پەیوەندیە بە یاساکانی ئاسمان‌و یاساکانی خواوەندەوەو حاڵەتی دەربڕینی پێویستی سەر زەمین‌و مرۆڤە بە پەرەپێشەوە چون ئەمە حاڵەتی گەڕانەوە بەرەو دواوە .

عیراق تاقی کردنەوەیەکی باڵایە لە بیناکاری و بە هاداو بەستێکی پتەو بەرووی لافاوی جاوچنۆکی ئێراندا

ئەوان ژیان جێ دێڵن و ئێمە دروستی دەکەین ئەوان لە جەوهەری دین دوورن دەکەونەوە و ئێمە دەیچەسپێنین .



لە یادی ٣٥ ساڵەی دامەزراندنی حزبی سەرکردە
حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستدا

هاوڕێ میشیل عفلق : جەنگی عیراق سەرەتای لێ گەیشتن و بە خشتە

هاوڕێ سەرکردەی دامەزرێنەر میشیل عفلق ئەمینداری گشتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستوتی :

ئەمساڵ یادی دامەزراندنی حزب لە بارو زروفێکی جیاوازتردا لە هەموو ساڵانی پێشو ، بارو زروفی جەنگی نەتەوەیی لە عیراق کە بەئەنجام گەیاندنی پاڵەوانیەتی‌و تەفاندنەوەی هیزو توانای گەل بەشێوەیەکی بێوێنە بوو تاراده‌ی پتەو کردنی باوەری بەعسیەکان بە حزبەکەیان‌و بەرەسەنی ئەو دەورەی لە بزوتنەوەی ژیاندنەوەی نەتەوەیدا دەیگێڕێ‌و وایان لێدەکات هەست بکەن کە چوونەتە قۆناغێکی نوێی نزیک بوونەوە ، بەڵکو گەیشتنی قۆلی نووسان بەگەل‌و هەستی میژوویی‌و ئامادەیی‌و ئارەزووی توندبۆ ڕاپەڕینی شارستانی ڕەسەن .

هاوڕی سەرکردەی دامەزرێنەر لە وتارێکی میژوویی سەرتاپاگیری‌دا کە لە ئێستگەکانی ڕادیو و تەلەفزیونی کۆماری عیراقەوە ئاراستەی جەماوەری نەتەوەی عەرەبی کرد بە بۆنەی یادی ٣٥ ساڵەی دامەزراندنی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەوە ئەوەی دووپات کردەوە کە بەعسیەکان بەعەقڵ‌و بشوی ویژدان‌و ڕەزامەندیەوە ئەو گیانی ڕاپەڕین‌و بەخشش‌و

بڕوانە ل : ٧

سەرەکی بەڕێز : دەرئەنجامی جەنگی عیراق بە سەرکەوتن کۆتایی دێت

کەواتە ، ڕاستی ئەو حاڵەتەی ئەمڕۆ لە ئێراندایە ناوی نابەین بە حاڵەتێکی دینی ساغ بەڵکو حاڵەتێکی لە جەوهەری بنەڕەتیدا دوورە لە ژیان‌و لەدین .

سەرەکی بەڕێز ئەمەی لەو کونگرە ڕۆژنامەنووسیەدا ڕاگەیاند کە لەگەڵ وەفدی ڕۆژنامەنووسەکانی فەرەنسا هەفتەی پێشووتر بەستی‌و ئەمەش دەقی قسە بەنرخەکانی سەرەکی فەرماندەیە لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسەکاندا :

سەرەکی بەڕێز :

بەخێر بێن ، من داوام لێکردن لەم وەختەدا بێن بۆ عیراق ، واشم ویست ئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ نوێنەرانی ڕاگەیاندنی فەرەنسا بە تەنیا بێت نەک هی تر بەڵکو ویستمان تەنیا فەرەنسی‌بن ، بۆچی .. چونکە ئێمە دەمانەوێت خسوسیەتێک‌و وەختێک بە نوێنەرانی ڕاگەیاندنی فەرەنسا بدەین هەروەک بە تەنگ ئەوەوە بن پەیوەندیمان لەگەڵ فەرەنسا جۆرە خسوسیەتێکی تایبەتی تیابێت . دیسان لەوانەیە پرسن بۆچی ... ئایا لەبەر ئەوەی وەک بڵێی ئێمە بە فەرەنسی قسە دەکەین ، یان لەبەر ئەوەی لە لایەنی جوگرافیەوە لە فەرەنسا نزیکین یان هۆی‌تر هەن ، ئەو هۆیانە چین ؟

● بایەخی تایبەت بە پەیوەندیەکان لەگەڵ فەرەنسا ●

ئێوەو کاربەدەستانی فەرەنسا دەزانن ، دەمێکەو بەتەواوی لە ساڵی ١٩٧٢وە ئێمە بایەخێکی تایبەت بە پەیوەندیەکانی عیراق - فەرەنسا دەدەین . . چونکە لە کۆتایی ١٩٧١ دا ، ئەو ڕوانینە سیاسیە لای عیراقیەکان پێگەیشت کە بەس‌بێت بۆ ئەوەی بتوانرێ حسابی هەرکەزەکانی هیزو کارتێکردنیان‌و حسابی پەیوەندی نێوان سەربەخۆیی عیراق‌و نێوان عیراق‌و پەیوەندی دەوڵەتان بکەن‌و دەوڵەتانی تایبەت لە نێوان دەوڵەتانی جیهاندا هەڵبژێرین کە لە پەیوەندیەکانمان لەگەڵیاندا بایەخیان پێبدەین‌و فەرەنسا لەناو ئەو دەوڵەتە گرنگانەدابو لەو لیستەیەدا ، بنەڕەتی مەرکەزی لە هەڵبژاردنی دۆستدا لەو دەوڵەتانە متمانەی بە پلەی بنەڕەتی بە روانینێ دەکرد تیا ڕوون دەبوەوە کە ناکۆکیەك نیە لە نێوان سوودو ستراتیژیەتی دوور بین‌و نزیك بین لە نێوان عیراق‌و ئەو دەوڵەتانەدا ، لەوەش زیاتر لە نێوان ئەو دەوڵەتانەو نێوان نەتەوەی عەرەبدا لە ڕادەی بنەڕاودا وەك عیراق بۆی دەچێت ، ئێمە دەزانین کە فەرەنسا لە سەردەمی ژەنرال دیگۆلەوە تەقەللای ئەوە دەدات سەربەخۆی خۆی پتەو بکات‌و روانینی تایبەتی وای‌هەبێ لەگەڵ سوودی نیشتمانی فەرەنسا بگونجێ لە سەرنجدانیا بۆ دنیاو لە سەر ئەم بنەڕەتەو دور لە تێکەڵی هیزەکانی‌ترو سوودو قازانجیان‌و فەرەنسا بە شێوەیەکی وەك جدی‌بێ وازی لە روانینی ئیستعماری‌و ئیمپریالیانە هیناوە لە پەیوەندیەکانیا لەگەڵ گەلان جا لە نیشتمانی عەرەبی یان لە بەشەکانی‌تردا لەجیهان چونکە هەستی کرد دەتوانێ سوودی ڕەوای خۆی لە چوارچێوەی پەیوەندیەکی هاوسەنگا لە نێوان خۆی‌و گەلاندا بەتایبەتی گەلانی جیهانی سێیەم بەدی بێنێت . ئەمە مانای ئەوەنیە ئێمە لەو وەختەدا گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە فەرەنسا بە شێوەیەکی موتلەق‌و وازی لە هەموو

بڕوانە ل : ٧

● وتەی هاوکاری ●

عیراقی لوتکە

وا جەنگی ڕەوامان ، پێی‌نایە ماتڵی بیستەمیەوە ، ئەوا بیست مانگی ڕەبەقە ، جەنگاوەرانی عیراقی مەزن ، مەردانە ئەو سەرکەوتنە گەورەیە دەپارێزن کە لە ٢٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ دا ئاڵا شەنگەکەیان هەڵکرد ، لەو ڕۆژەوە بە دەستی مەردانەو لێدانی ئازایانە، بەرپەچی چاوبرسیەتی دوژمنێ دەدرێتەوە ، کە ناڵەبارترین‌و دڕندەترین‌و قین لە دڵ‌ترین‌و ڕەگەز پەرستترین دوژمنی میژووی عیراق‌و سەربەستی‌و سەربەرزی عیراق‌و گەلەکەیەتی ، ئەو دوژمنەی کە وای دانابوو ، دەتوانێت بە ئاسانی ، سنووری عیراق لە بەردەم خۆی‌و چاوچنۆکی خۆیدا بکاتەوە ، بۆیە لە ٤ی ئەیلولی ١٩٨٠ وە دەستی کرد بە دەست وەشاندنی دوژمنایەتی‌کاری خۆی‌و پەلاماردانی شارو گوندو مەخفەرەکانی سەر سنووری عیراق ، ئەو دوژمنە ، ئەونە دەبەنگ بوو ، وای دەزانی ، عیراق‌و گەلی عیراق ، هەر عیراق‌و گەلی عیراقی ٣٠و پەنجا ساڵ لەمەوبەرە، نەیدەزانی ، یان خۆی لەوە گیل‌کردبوو ، کە عیراق‌و گەلی عیراق ، وڵات‌و گەلی شۆڕشی ١٧-٣٠ تەموزن بۆیە هەستاوەتەوە ئیتر مل‌نەچ نەکاتەوە ، بیناکاریەکی لە وڵات‌و لە ناو مرۆڤی عیراقدا دەست

بڕوانە ل : ٧

سەرکەوتنی بەردەوامی جەنگاوەرە ئازاکانی عیراق

لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا، جەنگی ڕەوامان ، بۆ بەرگری ڕەواو سەربەستی‌و سەربەرزیمان ، دژی تاقمە دواکەوتوە خۆپەرست‌و کۆنە پەرستەکەی خومەینی پێی نایە مانگی بیستەم .

لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا، جەنگاوەرەکانی سوپای ئازامان ، چەندان دەستی مەردانەیان لە دوژمنی ڕەگەز پەرست وەشاندو زیانێکی زۆری سەروماڵی پێ‌گەیاند .

بەپێی بەیاننامەکانی سەرکردایەتی گشتی هیزە چەکدارەکان ، زیانەکانی دوژمن لەم هەفتەیەدا بەم جۆرە بووە :

● ١-٤-١٩٨٢ :

٢٢ کوژراوو یەك دەبابەو یەك تۆپ‌و سێ شەفڵ‌و فرۆکەکانمان لە کەرتی خوارووو بنکەو موڵگاکانی دوژمنیان ئاگر باران کرد .

● ٢-٤-١٩٨٢ :

١٢ کوژراوو سەربازبەرێکی مودەرەعەو دوو لۆری‌و دوو بنکەی تەقەمەنی‌و یەك ڕوانگەو دیسان فرۆکە ئازاکانمان بۆردومانی بنکەکانی دوژمنیان بە سەرکەوتوانە کرد .

● ٣-٤-١٩٨٢ :

فرۆکە ئازاکانمان چەندان جار بنکەو موڵگاکانی دوژمنیان بۆردومان کردو زیانی سەروماڵی زۆری پێ‌گەیاندن ، هەروەها زیانی تری دوژمن بریتی بوە لە : ٩ کوژراوو یەك لۆری‌و دوو بنکەی تەقەمەنی‌و دوو ڕوانگە .

● ٤-٤-١٩٨٢ :

٢٧ کوژراوو ژمارەیەکی زۆر برینداروو گیراوو یەك دەبابەو دوو سەربازبەرو سێ بنکەی تەقەمەنی‌و یەك ڕوانگەو گرتنی چەند لۆری‌یەك‌و چەکی وردی ساغ .

● ٥-٤-١٩٨٢ :

٢٥ کوژراوو دوو بنکەی تەقەمەنی‌و دوو ڕوانگەو فرۆکەوانە ئازاکانمان چەندان هیرشی سەرکەوتویان کردە سەر بنکەو موڵگاکانی دوژمن .

● ٦-٤-١٩٨٢ :

چوار کوژراوو سەربازبەرێکی مودەرەعەی تەقەمەنی‌و ئاگر تێبەردانی ئەمبارێکی سوتەمەنی .

● ٧-٤-١٩٨٢ :

١٣ کوژراوو دوو بنکەی تەقەمەنی .

ئەنجومەنی بەرگری ئێرانی نەخشەی دواڕۆژی ئێرانی پاش ڕوخاندنی خومەینی دەکێشێ

پاریس : ئەنجومەنی بەرگری ئێرانی کە سەرۆکایەتیەکەی بەدەست بەنی‌صەدرو مەسعوود ڕەجەوی سەرۆکی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقەوەیە سێ بەڵگەی ئاشکراکرد لەبارەی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروبار لە ئێراندا پاش ڕووخاندنی ڕژێمی خومەینی.

ئەو بەڵگانە کە لە پاریسدا بڵاوکرانەوە وایان پیشان‌دا کە حکوومەتێکی کاتی بە سەرۆکایەتی بەنی‌صەدرو پێشەوایەتی مەسعوود ڕەجەوی دائەمەزرێنرێ‌و ئەو خەریکی ڕێکخستنی هەڵبژارنی ئەنجومەنێکی دامەزراندن‌و یاسادانان دەبێ‌و لەم ئەنجومەنەوە حکوومەتی یەکەم کۆماری دیموکراتی ئیسلامی لە ئێراندا دائەمەزرێنرێ .

ئەم بەڵگانە ئەوەیشیان دووپات‌کردەوە کە ئەو ڕژێمە تازەیە هەوڵی کۆتایی‌هێنان بە شەڕی عیراق‌و ئێران دەداو هەموو گیراوە سیاسی‌یەیەکان بەردەداو مافی ئۆتۆنۆمی بە کوردستانی ئێران‌دەداو چاودێری هەموو جۆرە سەربەستی‌یە تایبەتی‌یەکانی خەڵکی دەکاو یەکسانی نێو پیاوان‌و ئافرەتان لە هەموو بارێکدا مسۆگەر دەکا .

لەلایەکی تریشەوە (ڕەببانی ئەملاکی) داواکەری گشتی لە ئێراندا دانی‌نا بە بوونی زیاتر لە (١٥) هەزار بەندی لە ئێراندا‌و لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەریدا وتی ئەو بەندی‌یانە سەر بەهێزە بەرهەڵستی‌کەرەکان‌و تۆمەتی کردەوەی چەکدارانەی دژی ڕژێمیان نراوەتە پاڵ‌و ڕەخنەیشی لە دادگاکان‌گرت‌و وتی زۆربەی ئەوانەی حوکمی خەڵکی دەدەن توانای تەواویان نیە .

هەروەها دانیشی بەوەدا نا کە ئەو دادوەرانە هەڵەی زۆریان‌کردوەو هەزارەها بەندی بوون بە قوربانی‌یان .

لە لایەکی تریشەوە ناکۆکی ناو هێزدارانی ناو ڕژێمی فارسی سەری هەڵدایەوەو ئامانجیش ئەوەیە کە دەستکەوتی زۆرتری لەسەر حیسابی گەنە بەزیوەکانی ئێران دەستکەوێ . (ئایەتوڵلا) مەهدەوی کەنی لە ئەندامێتی لیژنەی بەناو

بڕوانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

له بروسکه‌یه‌کدا بۆ سه‌رۆکی هه‌ڕه‌هانده صدام حسین

ئه‌ندامانی ئه‌نجومه‌نی یاسادانانی نۆتۆنۆمی ناوچه‌ی کوردستان سلاو له سه‌رکه‌وتنه‌کانی هێزه ئازاکانمان ده‌که‌ن

ئه‌ندامانی ئه‌نجومه‌نی یاسادانانی نۆتۆنۆمی ناوچه‌ی کوردستان سلاویان له سه‌رکه‌وتنه‌کانی سوپا ئازاکه‌مان کرد به‌سه‌ر فارسه ڕه‌گه‌زپه‌رسته‌که‌ی دوژمناندا .

له بروسکه‌یه‌کدا که له کۆتایی یه‌کەم کۆبوونه‌وه‌ی ئه‌نجومه‌ندا له خولی ئاسایی یه‌که‌می ئه‌مساڵیدا ناردی ، ئه‌نجومه‌ن ئاماده‌یی ته‌واوی خۆی پیشاندا بۆ یارمه‌تیدانی به‌ره‌کانی شه‌ڕ به خوێنی تازه بۆ پانکردنه‌وه‌ی فارسی ڕه‌گه‌زپه‌رستی دوژمنمان .

ئه‌مه‌یش ده‌قی بروسکه‌که‌یه:

ئێمه‌ی ئه‌ندامی ئه‌نجومه‌نی یاسادانانی نۆتۆنۆمی کوردستان به‌بۆنه‌ی به‌ستنی خولی یه‌که‌می ئاسایی ئه‌نجومه‌نه‌وه له ساڵی ١٩٨٢دا ساڵاوو پیرۆزبایی له‌و سه‌رکه‌وتنه مه‌زنانه ده‌که‌ین که هێزه پاڵه‌وانه‌کانمان وه‌ده‌ستیان هێناوه به سه‌رکردایه‌تی‌یه میژوویی‌یه‌که‌تانه‌وه دژی فارسی ڕه‌گه‌زپه‌رستی دوژمن .

ئه‌و ڕه‌وته‌ی که نۆتۆنۆمی پیا ڕۆیشتوه‌و ئه‌و ئه‌نجامه بێ‌که‌م‌وکورتی‌یانه‌ی که ئه‌م تاقیکردنه‌وه زیندووه‌و ده‌ستکه‌وته‌کانی شۆڕشه مه‌زنه‌که‌ی حه‌فده‌ی ته‌مموزی مه‌زن هێناویانه ته‌دی وایان‌کردوه له ڕۆله‌کانی گه‌لی عیراقمان به عه‌ره‌ب‌و کوردو که‌مایه‌تی‌یه نه‌ته‌وایه‌تی‌یه‌کانی تری برایانه‌وه به هۆشیاری‌یه‌کی ته‌واوه‌وه سووربن له‌سه‌ر چرونه ناو کۆڕی شه‌ڕی شه‌ره‌فو سه‌ربه‌رزی له به‌شداری‌کردندا له قادسیه‌ی صدامدا تا سه‌رکه‌وتنی دوایی ده‌ست‌ده‌خرێ به‌سه‌ر دوژمنه‌کانمانا له فارسه ڕه‌گه‌زپه‌رسته‌کان .

ئێمه له‌و کاته‌دا که پیرۆزبایی له‌و سه‌رکه‌وتنانه ده‌که‌ین که سوپا قاره‌مانه‌که‌مان له که‌رته‌کانی شووش‌و دزفوول‌و به‌ره‌کانی تری شه‌ڕدا وه‌ده‌ستیان هێناوه به‌ناوی هه‌موو جه‌ماوه‌ری ناوچه‌که‌وه ئامادەیی ته‌واوی خۆمان پیشان‌ده‌ده‌ین بۆ خۆش‌کردنی به‌ره‌کانی شه‌ڕ به خوێنی‌تازه له پێناوی تێکشکاندنی فارسی دوژمنی لووت‌به‌رزو هه‌موو ئه‌وانه‌دا که پیلان ده‌گێڕن دژی شۆڕشه‌که‌مان‌و ده‌ستکه‌وته مه‌زنه‌کانی‌و با ئاڵای سه‌رکه‌وتن له ژێر سه‌رکردایه‌تی‌یه وردبینه‌که‌تانا هه‌ر شه‌کاوه بێ .

پیرۆزی‌و نه‌مری بۆ شه‌هیده به‌وه‌فاکانی قادسیه‌ی صدام .

پێش ئه‌مه‌یش کاك احمد عبدالقادر سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌نی یاسادانانی نۆتۆنۆمی ناوچه‌ی کوردستان ڕۆژی شه‌مه‌ی ڕابووردوو کۆبوونه‌وه‌ی یه‌که‌می خولی ئاسایی ئه‌مساڵی ئه‌نجومه‌نی له هه‌ولێردا کرده‌وه .

له سه‌ره‌تای کۆبوونه‌وه‌که‌دا ئاماده‌بووه‌کان ده‌قیقه‌یه‌ك له پێناوی گیانی شه‌هیده‌کانی قادسیه‌ی پیرۆزی صدامدا به پێوه ڕاوه‌ستان . ئه‌نجا به‌ڕێز سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌ن سلاوی ئاراسته‌ی سه‌رکه‌وتنه‌کانی هێزه قاره‌مانه‌کانمان‌کرد به‌سه‌ر فارسی ڕه‌گه‌زپه‌رستی دوژمنداو وتی له‌و کاته‌دا شه‌ڕه ڕه‌واکه‌مان پێ‌ده‌نێته نیوه‌ی دووهه‌می ساڵی دووهه‌میه‌وه‌و هه‌ندێ ده‌سته‌لاتداران‌ی له‌وانه‌ی هه‌ر به‌جنسیه عه‌ره‌بن له بارودۆخی پێ‌دزێ‌و پیلان‌گێڕانه‌وه‌دا ده‌ژین ڕۆله‌کانی گه‌لی کوردمان عیراقی‌یه‌تی ڕه‌سه‌نی خۆیان دووپات ده‌که‌نه‌وه‌و خۆیان له ڕیزی کۆمه‌ڵانی گیان‌به‌خشکه‌رانی هێزه‌کانی ئه‌رکه‌که تایبه‌تی‌یه‌کاندا ناونووس ده‌که‌ن‌و به‌م‌جۆره دڵسۆزی‌و وه‌فاداری خۆیان له‌به‌رده‌م سه‌رۆکی تێکۆشه‌ر صدام حسیندا ئاشکراده‌که‌ن .

هه‌روه‌ها وتی له‌م ماوه کورته‌ی ڕه‌وتی نۆتۆنۆمیدا ده‌زکاکانی یاسادانان‌و ڕاپه‌ڕاندن ته‌واوبوون‌و وایان لێ‌هات ئیسته به ته‌واوی ئه‌رکی خۆیان بکرنه ئه‌ستۆو چی پێویست‌بی له‌سه‌ریان له ژێر سێبه‌ری یه‌کێتی نیشتمانیدا بیکه‌ن‌و له هه‌موو لایه‌که‌وه باری ناوچه‌که به‌و جۆره پێشخه‌ن که هیوای پێشه‌وایه‌تی حزب‌و شۆڕش له‌م باره‌یه‌وه بهێننه دی .

سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌ن باسی ئه‌و هه‌آوێسته نه‌ته‌وایه‌تی‌یه‌یشی‌کرد که خاوه‌ن شکۆ مه‌لیك حسین کردی له کردنه‌وه‌ی ده‌رگای ناونووس‌کردندا له‌به‌رده‌م ڕۆله‌کانی گه‌ڵماندا له ئه‌رده‌نی براماندا‌و له دام ه‌زراندنی هێزی ئازای یه‌رموکدا بۆ وه‌ده‌ستخستنی شه‌ره‌فی به‌شداری‌کردن له‌م شه‌ڕه نه‌ته‌وایه‌تی‌یه پیرۆزه‌دا .

ئه‌نجا ئه‌نجومه‌ن پوخته‌ی کۆبوونه‌وه‌کانی ژماره پێنج‌و شه‌ش‌و حه‌وت‌و هه‌شت‌و نۆو ده‌ی خولی دووهه‌می باری مۆرکرد .

پاش ئه‌مه‌یش کاك جمال حاجی شریف سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌نی ڕاپه‌ڕاندنی ناوچه‌ی نۆتۆنۆمی ڕاپۆرتی سه‌رۆکایه‌تی ئه‌نجومه‌نی ڕاپه‌ڕاندنی پێشکه‌ش‌کرد که باسی چالاکی‌یه‌کانی ئه‌ئه‌ندامی‌یه گشتی‌یه‌کانی سه‌ر به ڕاپه‌ڕاندنی تێدابڕو له ساڵی ڕابووردووداو ئه‌و پرۆژانه‌ی جێ‌به‌جێ کراون‌و ئه‌وانه‌ی ئیستا جێ‌به‌جێ ده‌کرێن .

تفاوتی یانی ئه‌ندامانی مه‌کته‌بی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان به بۆنه‌ی یادی له دایك بوونی حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیستدا وه پیرۆزبایی ده‌که‌ن

میلله‌تی کورد له عێراقداشان به‌شانی میلله‌تی عه‌ره‌بی برای به درێژایی مێژوو خه‌باتی کردووه‌و هه‌رده‌م له قوربانیدان‌و تێکۆشاندا درێغی نه‌کردووه له‌م ڕۆژانه‌داو ، له گه‌رمه‌ی جه‌نگی قادسیه‌ی صدام‌دا هه‌مان ڕێبازده‌گرنه به‌ر‌و ، پارتی دیموکراتی کوردستانیش وه‌ك ڕێکخراوی نیشتمانی ئه‌م لێپرسینه‌وه‌یه‌ی خسته‌ته‌ئه‌ستۆی خۆیه‌وه .

پارتی دیموکراتی کوردستان به بۆنه‌ی یادی له دایك بوونی حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیستی‌یه‌وه که‌وا له ٧ی نیسانی ١٩٤٧دا دامه‌زرا ئاهه‌نگی له هه‌موو لقه‌کانیدا گێڕاوه‌و هه‌میشه ئاماده‌یه که ده‌ستکه‌وته‌کانی شۆڕشی ١٧ـ ٣٠ گه‌لاوێژ بۆ گه‌لی کورد له ژێر سایه‌ی ئاڵای حزبی به‌عسی سه‌رکرده‌دا بپارێزێ .

به‌م بۆنه‌یه‌وه ، به هه‌ڵمان زانی بۆ ئه‌وه‌ی چاوپێکه‌وتنێك له‌گه‌ڵ هاوڕێیان ئه‌ندامانی مه‌کته‌بی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بکه‌ین .

له سه‌ره‌تادا ، چاومان گه‌وت به به‌ڕێز سه‌عید جاف ئه‌ندامی مه‌کته‌بی سیاسی پارتی ناویراوو ، ئه‌م پرسیاره‌مان ئاڕاسته کرد :

پ /به‌و پێ‌یه‌ی پارته‌که‌تان، پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق ئه‌ندامه له به‌ره‌ی نیشتمانی‌و نه‌ته‌وه‌یی پێشکه‌وتنخوازدا ، حه‌ز ده‌که‌ین بزانین بیروڕاتان به‌رامبه‌ر بیره‌وه‌ری ٧ی نیسان‌و باری تێڕوانین‌و هه‌ڵسه‌نگاندنی حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیست بۆ مه‌سه‌له‌ی نه‌ته‌وه‌ی کورد چی‌یه .؟

له وه‌ڵامدا ، به‌ڕێزی ووتی :

له ڕاستیدا ئه‌م بیاد‌و بیره‌وه‌ری‌یه شتێکی پیرۆزه‌و ساڵی نی‌یه به‌م بۆنه‌یه‌وه ئاهه‌نگ نه‌گێڕین .. ڕۆژی له دایك بوونی حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیست ، به ڕاستی ئه‌گه‌ر به قووڵیی سه‌یری ئه‌م ڕۆژه‌و له دایك بوونی ئه‌م حزبه سه‌رکرده‌یه بکه‌ین ، ده‌بینین که پێویستی‌ی گه‌لی عه‌ره‌ب به شێوه‌یه‌کی گشتی بۆ ئه‌م حزبه پێشره‌وه له ئاراداو بووه ، حزبێك که تێکۆشێت له پێناوی یه‌کێتی گه‌لی عه‌ره‌ب‌و لابردنی زوڵم‌و زۆرداری له‌سه‌ر میلله‌تی عه‌ره‌ب‌و زروفی مه‌وزوعی ئه‌و کاته، هه‌روه‌ها که‌وا بیروباوه‌ڕیان له‌گه‌ڵ سیاسه‌تی ئابووری‌و ڕامیاری جه‌ماوه‌ری میلله‌تی عه‌ره‌ب ئه‌وانه حه‌موو پێویستی‌ی له دایك بوونی ئه‌م حزبه‌یان خوڵقاندو به پێویست زانرا که‌وا حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیستی بیروباوه‌ڕی خۆی بڵاوبکاته‌وه له یه‌که‌م ڕۆژی دامه‌زراندینه‌وه ، ئێمه‌ش وه‌کو جه‌ماوه‌ری میلله‌تی کورد ، وه‌کو پارتی دیموکراتی میلله‌تی کورد گه‌یشتووینه‌ته قه‌ناعه‌تێکی بیروباوه‌ڕانه که‌وا ته‌نها حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیستی توانیوه‌تی‌و ئه‌توانێت ئامانجه‌کانی میلله‌تی عه‌ره‌بی برا جێ‌به‌جێ بکات‌و له‌م ساڵانه‌ی دوابی‌دا به‌تایبه‌تی پاش شۆڕشی ١٧ ـ٣٠ی گه‌لاوێژی پیرۆز ، ده‌رکه‌وت که‌وا حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیستی ده‌توانێت نه‌ك هه‌ر ئامانجه‌کانی میلله‌تی عه‌ره‌ب بهێنێته دی ، به‌ڵکو ئامانجی میلله‌تی کوردمانیش به‌دی بهێنێ ، چونکه خاوه‌ن بیروباوه‌ڕێکی سۆشیالیستی‌و نه‌ته‌وه‌یی‌و مرۆڤایه‌تی‌یه .

ئه‌م ئامانجه گه‌ورانه‌ی که باسمان کرد ، بۆ کوردێ یان بۆ عه‌ره‌ب ، حزبی پێشره‌و به‌پێ‌ی بیروباوه‌ڕه‌ی‌که هه‌ڵی‌گرتووه ده‌توانێت جێ‌به‌جێ‌ی بکات ، پاش شۆڕشی ١٧ ـ ٣٠ی گه‌لاوێژی پیرۆزیش زۆر شتمان بۆ ڕوون بوه‌وه ، له‌وانه ئه‌و هه‌نگاوه پیرۆزانه‌یه که‌وا شۆڕشه ـ که‌مان ناویه‌تی بۆ چاره‌سه‌رکردنی مه‌سه‌له‌ی کوردو دان نان به مافه‌کانیداو ده‌رکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچه‌ی کوردستان‌و هه‌روه‌ها دان‌نان به مافی که‌مایه‌تیه‌کانی ترمان له عێراقدا ، وه‌ك تورکمان‌و ئاسوری‌یه‌کان ... جگه له‌وانه‌ش خۆمالی کردنی نه‌وت ، ئه‌مه‌ش به‌هۆی ده‌ست پێ‌هه‌ڵگرتنی کۆمپانیا مۆنۆپۆڵه‌کان‌و دانانی به مافی که‌مایه‌تیه‌کانی ترمان له عێراقدا ، وه‌ك تورکمان‌و ئاسوری‌یه‌کان ... جگه له‌وانه‌ش خۆمالی کردنی نه‌وت ، ئه‌مه‌ش به‌هۆی ده‌ست پێ‌هه‌ڵگرتنی کۆمپانیا مۆنۆپۆڵه‌کان‌و دانانی نه‌خشه‌به‌کی ڕێك‌وپێك بۆ سه‌ربه‌خۆیی سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌و هاوکاری کردن له‌گه‌ڵ ئه‌و وڵاتانه‌ی که‌وا بیروباوه‌ڕیان له‌گه‌ڵ سیاسه‌تی سه‌ربه‌خۆیی عێراقدا ده‌گونجێت . ... ئه‌مه سه‌رباری ده‌رکردنی ئه‌و یاسایانه‌ی که په‌یوه‌ندی‌یان به کرێکارو جووتیارو ئافره‌تانه‌وه هه‌یه‌و، هه‌روه‌ها ئه‌و یاسایانه‌ی که په‌یوه‌ندی ـ یان به بزووتنه‌وه‌ی ئازادیخوازانه‌ی میلله‌تی عه‌ره‌به‌وه هه‌یه... هه‌روه‌ها حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیستی ، وه‌کو لایێ‌کردنه‌وه‌یه‌کی ڕاسته‌وخۆو سه‌ره‌کی بایه‌خ‌و گرنگیه‌یه‌کی ته‌واوی داوه‌ته مه‌سه‌له‌ی فه‌له‌ستینی داگیرکراوو خه‌بات کردن بۆ گێڕانه‌وه‌ی خاکه داگیرکراوه‌کانی عه‌ره‌ب بۆ عه‌ره‌ب خۆیان ، هه‌ر ئه‌مه‌شه وای له هێزی ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم‌و کۆنه‌په‌رستان کردووه که هه‌وڵی ئاژاوه‌گێڕان‌و لێدانی شۆڕشه پیرۆزه‌که‌مان بده‌ن، هه‌ر له ڕۆژی دامه‌زراندنیشی ـ یه‌وه واته دامه‌زراندنی حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیستی‌یه‌وه ئه‌و هێزه کۆنه‌په‌رست‌و داگیر ـ که‌رانه ئه‌م هه‌وڵه‌یان خستۆته کار ، به‌ڵام له به‌رامبه‌ر ئه‌وه‌دا ، یه‌کێتی‌ی هێزه نیشتمان په‌روه‌ره‌کان‌و هاوکاری کردنیان له‌گه‌ڵ شۆڕشی ١٧ی گه‌لاوێژداو هاپه‌یمانییان له‌گه‌ڵ حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیستیدا، ئه‌و پیلان‌و ئاژاوانه له ناو براون‌و له‌ناو ده‌برێن .

هێرش بردنی ڕژێمی ئێرانی بۆ سه‌ر وڵاته‌که‌مان یه‌کێکه له‌و پیلانانه‌ی که زایۆنیزم‌و ئیمپریالیزم نه‌خشه‌یان بۆ کێشاوه ، بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌م شۆڕشه دوا بکه‌وێت‌و ئه‌و نه‌خشه‌یه به‌جێ نه‌هێنێ که په‌یوه‌ندی‌ی هه‌یه به عێراق‌و مه‌سه‌له‌کانی نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب‌و ئه‌و ئه‌و ده‌ستکه‌وته گه‌ورانه‌ی که هێناونی‌یه‌ته دی نه پارێزرێ‌و ڕێگه بدرێت به سوپای ئێرانی بێته ناو خاکه‌که‌مانه‌وه ، که‌وا ئێستا ده‌بینین سوپای مه‌زنمان ئه‌و جه‌نگه‌ی به‌ڕپا کردووه‌و ئه‌و خه‌ون‌و خه‌یاڵه‌کانی ڕژێمی خومه‌ینی به‌کێرێ گیراو پووچ ده‌کاته‌وه ، ئه‌مه له کاتێکا ده‌بینین که شۆڕشی ١٧ی گه‌لاوێژ هیچ کاتێك لایه‌نگیری شه‌ڕ نه‌بووه‌و نابێت ، به‌ڵام ئه‌مه ئه‌وه ناگه‌یه‌نێت که ئه‌گه‌ر تووشی بوو شه‌ڕ نه‌کات‌و به‌رامبه‌ری نه‌وه‌ستێته‌وه‌و ئه‌و نه‌خشه‌یه‌ی کێشاوێتی تێکی بدات .

بۆمان ده‌رکه‌وت ، که شۆڕشی ١٧ی ته‌موزو ئه‌و ده‌ستکه‌وت‌و هه‌نگاوه گه‌ورانه‌ی به‌سه‌ره‌کایه‌تی هه‌ڤاڵی تێکۆشه‌ر کاك صدام حسین ، شۆڕشێکی پیرۆزو مه‌زنه ، خۆ ئه‌گه‌ر ته‌ماشای بیروباوه‌ڕی حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیستی بکه‌ین‌و له‌و هاوکاری کردنه‌ی له‌گه‌ڵ بزووتنه‌وه‌ی ئازادیخوازانه‌ی میلله‌تانی تر له هه‌ر جێگایه‌ك ، ووردبینه‌وه ، بۆمان ده‌رده‌که‌وێ که هه‌ڵگری بیروباوه‌ڕێکی مرۆڤایه‌تی‌یه‌و له‌گه‌ڵ ئامانجی ئه‌و میلله‌تانه ده‌گونجێت که‌وا خه‌بات ده‌که‌ن دژی زوڵم‌و زۆرداری، به‌کێك له‌و هاوکاری کردنه ، یارمه‌تیدانی شۆڕشی کورده له کوردستانی ئێران‌و هه‌روه‌ها هه‌موو میلله‌تانی ئێران ، که دژی ڕژێمی دام‌ودەزگاکه‌ی خه‌بات ده‌که‌ن .. جگه له هاوکاری‌و یارمه‌تیدانی بزووتنه‌وه‌ی ئازادیخوازانه له ئاسیاو ئه‌فریقاو ئه‌مه‌ریکای لاتینی .

ئێمه‌ش وه‌کو پارتێك ، ده‌یه‌مینی پارتیماندا که له ساڵی ٩٧٦و ٩٨٠ دابه‌سترا، ئه‌وه خرایه ڕوو که پێویسته بیروباوه‌ڕو چاره‌نووسی پارتی له‌گه‌ڵ حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیستیدا بێت ، پاشی ئه‌وه‌ی بزووتنه‌وه‌ی کوردایه‌تیمان بخه‌ینه سه‌ر ئه‌و بیروباوه‌ڕانه‌ی که له هه‌ردوو کۆنگره‌که‌دا هه‌ڵگیراوه .

به‌م بۆنه‌یه‌وه پیرۆزبایی ئه‌که‌ن له هه‌موو ئه‌و هه‌ڤاڵه تێکۆشه‌رانه‌ی که به‌شداربوون له دانان‌و چه‌سپاندنی بیروباوه‌ڕی مرۆڤایه‌تی‌یانه‌ی حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیستیدا ، به‌تایبه‌تی دامه‌زرێنه‌ری حزب هه‌ڤاڵ تێکۆشه‌ر (میشیل عفلق) ، هه‌روه‌ها ئه‌و که‌سانه‌ی توانی‌یان بیروباوه‌ری به‌عسی زیاتر فراوان بکه‌نه‌وه چ له‌ڕووی نیشتمان په‌روه‌ری‌یه ـ وه‌یان له ڕووی نه‌ته‌وایه‌تی‌یه‌وه .

پیرۆزبایی له هه‌موو ئه‌ندامانی حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیست پیرۆزبایی له هه‌موو کوردو عه‌ره‌ب ده‌که‌م به بۆنه‌ی یادی له دایك بوونی حزبی پێشره‌وه‌و هیوادارین گه‌لی عێراقمان هه‌میشه سه‌رکه‌وتوو بێت به‌سه‌ر ئه‌و پیلان‌و نه‌خشه گلاوانه‌ی که‌وا ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم دژی وڵاته‌که‌مان کێشاویانه‌و وا ئێستا ڕژێمی خومه‌ینی ده‌یه‌وێ جێ‌به‌جێ‌ی بکات .. پارتیشمان هه‌ولێ به‌رده‌وام ده‌دات که له‌م جه‌نگه‌دا به‌شدار بێت‌و جه‌نگاوه‌ره کورده‌کانمان بۆ به‌ره‌کانی جه‌نگ بنێرین‌و دژی فارسی ڕه‌گه‌زپه‌رست بجه‌نگن .

هه‌روه‌ها به‌م بۆنه‌یه‌وه ، هه‌ڤاڵ عبدالستار کاظم ئه‌ندامی مه‌کته‌بی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان سه‌بارەت به‌م بیره‌وه‌ری‌یه نه‌مره ووتی :ـ

ئه‌م بیره‌وه‌ری‌یه پیرۆزو شیرینه‌ی که به‌سه‌ر گه‌لی عێراقماندا به کوردو عه‌ره‌ب‌و که‌مایه‌تی‌کانی تره‌وه ڕاده‌بووری ، ڕوودا‌وێکی مێژووی‌یی مه‌زنه له ژیانی عێراقدا ، چونکه له دایك ـ بوونی ئه‌م حزبه ، حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیست‌و ئه‌و ڕوودا‌وانه‌ی که به‌لگه‌یه‌کی سه‌لێنراون ، وا ده‌کات که بڵێین ئه‌م له دایك بوونه به گۆڕانێکی مێژووی‌یی

بڕوانه ل : ٧

جه‌ماوه‌ری گه‌ل له شاره‌کانی کوردستان به‌گه‌رمه‌وه پێشوازی له یادی ٧ی نیسان یادی دامه‌زراندنی حزبی سه‌رکرده ده‌که‌نه‌وه

له پارێزگاکانی ناوچه‌ی کوردستان ، ڕێکخراوو کۆڕو کۆمه‌له جه‌ماوه‌ریه‌کان به‌گه‌رمه‌وه پێشوازی یادی ٧ی نیسان ، یادی دامه‌زراندنی حزبی سه‌رکرده ، حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالستی کرده‌وه :

هه‌ولێر :

به‌م بۆنه‌یه‌وه له پارێزگای هه‌ولێر چه‌ند پرۆژه‌یه‌کی په‌ره‌وده‌و ته‌ندروستی‌و پیشه‌سازی که پاره‌که‌یان (٢) ملیۆن‌و (٤٧) هه‌زار دینار کرانه‌وه‌و به‌ردی بناغه‌یان بۆ دانرا .

پرۆژه‌کانیش بریتی‌بوون له (٢) قوتابخانه‌ی ناوه‌ندی‌و باخچه‌یه‌کی منداڵان‌و (٨) خانوو بۆ مووچه‌خۆرانی کارگه‌ی شیرو گه‌راجێك بۆ به‌ڕژه‌وه‌ندی گواستنه‌وه‌ی نه‌فه‌رو دوو بازاڕی هاوچه‌رخ ، هه‌روه‌ها له‌گه‌ڵ نه‌خۆشخانه‌یه‌کی میللی‌و دوو خانووبه‌ره بۆ لقی ده‌سته‌ی گشتی کشت‌وکاڵ‌و چاککردنی کشت‌وکاڵ له قه‌زای ره‌واندوزو کۆیێ‌و نه‌خۆشخانه‌یه‌کی به‌یته‌ری . هه‌ر به‌م بۆنه‌یه‌وه سه‌رۆکایه‌تی ته‌ندروستی پارێزگای ناوبراو سێ تیپی ته‌ندروستی بۆ سونه‌تکردنی منداڵان له هه‌ریه‌که له نه‌خۆشخانه‌ی خه‌بات‌و نه‌خۆشخانه‌ی ناوه‌ندی میللی‌و بنکه‌ی تایبه‌تمه‌نده‌کان ، ئاماده‌کرد ـ ووه .

هه‌روه‌ها به‌رنامه‌ی نووسینگه‌ی لقی یه‌کێتی گشتی لاوان له پارێزگاکه‌دا بریتی‌یه له کردنه‌وه‌ی چه‌ند ده‌وره‌یه‌ك بۆ مغاویرو په‌ره‌شووت‌و نه‌وجه‌وانان‌و به‌رگری میللی‌و سه‌لامه‌تی گشتی‌و سه‌رکرده‌کانی په‌له‌کانی پێشره‌وان .

هه‌روه‌ها کردنه‌وه‌ی سێ پێشانگای هونه‌ری بۆ وێنه‌ی منداڵان‌و په‌خشنامه‌و پێشانگای ملیۆن وێنه‌و ڕێکخستنی چه‌ند فێستیڤا ـلێکی ڕۆشنبیری‌و وه‌رزش‌و کردنه‌وه‌ی بازاڕه میللی‌یه‌کان‌و سه‌ردانی خێزانی شه‌هیده‌کانی جه‌نگ ده‌گرێته‌وه .

به‌رنامه‌ی یه‌کێتیی گشتی ئافره‌تانی عێراق لقی هه‌ولێریش بریتی‌یه له کردنه‌وه‌ی ساواگه‌یه‌ك له نامیه‌ی عینکاوه‌و ڕێکخستنی یاری باله له‌نێوان تیپی ئافره‌تانی پارێزگای ناوبراوو پارێزگای نه‌ینه‌واو ده‌ۆك هه‌روه‌ها له‌گه‌ڵ کردنه‌وه‌ی چه‌ند ده‌وره‌یه‌ك بۆ به‌رگ دروین‌و هێنانه‌کایه‌وه‌ی بازاری میللی‌و به‌ستنی کۆڕی ڕۆشنبیری‌و سه‌ردانی خێزانی شه‌هیده‌کان ده‌گرێته‌وه .

هه‌روه‌ها نووسینگه‌ی ڕاپه‌ڕاندنی یه‌کێتیی گشتی نه‌قابه‌کانی کرێکاران له هه‌ولێر کارنامه‌یه‌کی تایبه‌تی بۆ ئاهه‌نگ‌گێڕان داناوه که بریتی‌یه له ڕێکخستنی گردبوونه‌وه‌یه‌کی کرێکاران‌و ئه‌نجامدانی هه‌فته‌ی ڕۆشنبیری کرێکاران بۆ میلاکه ڕۆشنبیری‌یه‌کانی کرێکاران‌و ڕێکخستنی یاری تۆپێن له‌سه‌ر کاسی (٧) ی نیسان‌و سه‌ردانی خێزانی شه‌هیده بێ‌تاوانه‌کان.

سلێمانی :

ده‌سته‌ی لقی سلێمانی سه‌ر به یه‌کێتیی گشتی لاوانی عێراق به‌رنامه‌یه‌کی ئاهه‌نگ‌گێڕانی به‌م بۆنه‌یه‌و به‌بۆنه‌ی بیره‌وه‌ری دامه‌زراندنی ڕێکخراوه‌ی لاوان له عێراق ، دانا .

به‌رنامه‌که‌ش که له‌سه‌ره‌تای ئه‌م حه‌فته‌یه‌وه ده‌ستی پێ‌کرد بۆماوه‌ی دوو حه‌فته به‌رده‌وام ده‌بێت ، بریتی‌یه له کردنه‌وه‌ی چه‌ند پێشانگایه‌کی زانستی‌و هونه‌ری جۆراو ـ جۆرو وێنه‌ی ده‌ستکردی پێشره‌وان‌و په‌خشنامه‌و فێستیڤاڵی شیعرو وتارو مه‌سیره‌ی به‌رهه‌مهێنان‌ـ له‌لایه‌ن پێشره‌وو نه‌وجه‌وانان بۆ کارگه‌کان له پارێزگاکه‌دا .

هه‌روه‌ها ڕێکخستنی فێستیڤاڵی وه‌رزشی بۆ یاری هه‌مه‌جۆرو کۆڕی هۆشیارکردنه‌وه بۆ باسکردنی لایه‌نه پیرۆزه‌کانی جه‌نگ‌و سه‌رکه‌وتنه‌کانی سوپای دلێرمان به‌سه‌ر فارسه ڕه‌گه‌ز ـ په‌رسته‌کانداو سه‌ردانی خێزانی شه‌هیده بێ‌تاوانه‌کان‌و جه‌نگاوه‌ره پاڵه‌وانه‌کان ، ده‌گرێته‌وه .

دهۆك :

ده‌سته‌ی ئیداری سه‌ر به یه‌کێتیی قوتابیانی کوردستان‌لقی دهۆك به‌بۆنه‌ی بیره‌وه‌ری دامه‌زراندنی حزبه‌وه به‌رنامه‌یه‌کی ئاهه‌نگ‌گێڕانی داناوه که بریتی‌یه له ڕێکخستنی چه‌ند فێستیڤاڵێکی شیعری‌و کۆڕی ڕۆشنبیری ئه‌ویش به هاوکاری‌کردن له‌گه‌ڵ یه‌کێتیی نووسه‌رانی کورد له پارێزگاکه‌و کردنه‌وه‌ی پێشانگای هونه‌ره ته‌شکیلی‌ـ یه‌کان ، که پارێزگاکانی ناوچه‌ی کوردستانی ئۆتۆنۆمی‌و پارێزگای نه‌ینه‌وا به‌شداری تیاده‌که‌ن هه‌روه‌ها له‌گه‌ڵ به‌شداری‌کردن له فێستیڤاڵی گۆرانی سیاسی له ناوچه‌ی کوردستان‌و فێستیڤاڵی شانۆگه‌ری له پارێزگای نه‌ینه‌وادا ، ده‌گرێته‌وه . هه‌روه‌ها به‌رنامه‌که ڕێکخستنی شه‌ترەنج‌و یاری تۆپێن له‌نێوان لقه‌کانی یه‌کێتیی ناوبراوو ده‌سته‌ئیداری‌یه‌کانی قوتابخانه‌کان‌و چه‌ند مه‌سیره‌یه‌کی به‌رهه‌مهێنان بۆ کارگه‌و ده‌زگا به‌رهه‌مهێنانه‌کان ، ده‌گرێته‌وه . هه‌روه‌ها یه‌کێتیی گشتی ئافره‌تانی عێراق لقی مه‌کته‌بی ناوچه‌ی کوردستان له ده‌هۆك کارنامه‌یه‌کی بۆ ئاهه‌نگ‌گێڕان داناوه که هه‌فته‌یه‌ك ده‌خایه‌نێ‌و بریتی‌یه له ڕێکخستنی گردبوونه‌وه‌یه‌کی گه‌وره بۆ ئافره‌تان له‌ناو پارێزگاکه‌و به‌ستنی چه‌ند کۆڕێك بۆ ئافره‌تان له شعبه‌ی ئامێدی‌و سه‌رسه‌نگ‌و ڕێکخستنی فێستیڤاڵی شیعری میللی‌و کردنه‌وه‌ی شعبه‌ی سه‌ر به یه‌کێتیی ناوبراو له ناوچه‌ی باتیل‌و مه‌رکه‌ز له گوندی هاوچه‌رخی شیلادزی‌و ڕێکخستنی سێ بازاڕو چه‌ند مه‌سیره‌یه‌کی به‌رهه‌م‌هێنان‌و ئاهه‌نگێکی هونه‌ری له ناحیه‌ی سه‌رسه‌نگ‌و سه‌ردانی خێزانی شه‌هیده بێ‌تاوانه‌کان‌و ڕێزلێ‌نانی ئافره‌ته خوێندکاره سه‌ر ـ که‌وتووه‌کانی قوتابخانه گه‌لی‌یه‌کان‌و ئه‌نجامدانی پاڵه‌وان‌بازی شت‌هه‌لدان له‌نێوان شعبه‌و مه‌لبه‌نده‌کانی یه‌کێتیی ناوبراودا .

Institut kurde de Paris

ئەندریە مالرۆ

ژیان و بەرهەم

د. بدرخان سندی

ل سالا ١٩٣٦ی اندریە مالرو پشكداری یا جەنگی ل اسپانیایێ كر .. وی رەفدەك بالەفرا ژ بالەفرێن كەفنەنوی پێكهێنان ئو نافێ رەفدا بالەفرا كرە « اسپانا » ئو بالەفرێن خو برنە اسپانیایێ شەرێ خو دژ فاشستی یا دكر .. لێ موخابن بالەفرێن مالرویی ئێك لدیف ئێكێ دسوتن ئو دكەتن .. ژ بەر كو ئەو بالەفر دەكەفن یون .. پشتی هینگێ ئەفی تورەفانی قەستا ئەمریكایێ كر ئو لوێری دەست بكوم كرنا پارا بو شورشفانێن اسپانیایی كرژ وان مروڤان ئەفێن بەسنی یا شورشا اسپانی دكرن ، هەر وەسا وی پروپاگەندەك سیاسی ومەزن ژبو وێ شورشێ دكر .

شەرێ اسپانی یا دژ یان وەكی مروفەكی زێرەڤان » .

هەر وەسا مالروی ل فێ چیروكێ چیروكا هیڤی رەنگەكێ دراماتیكی ددتە شورشێ ئو بو خوینەدەوار دیار دكت كا چەوا مروف خو دشورشێدا دبینت ئو چ لمروڤی دهێت .

براستی چیروكا هیڤی چیروكەكا پرە ئو تژی یە ژبەر فێ چەندێ سەنگانێن ئەدەبی نابێژنێ چیروك . . دبێژنێ « فیلم » . . . فیلمەكە ژ اسپانیارا دەبەیفت ئو شورشا اسپانیایێ بدرێژی شەدكت ..

ل شەرێ جیهانی یێ دووێ اندریە مالروی پشك داری یا شەری كر ئو دگەل دەبابێن فرەنسی پێش كەت هەتا كو بدەستێ لەشكرێ جێرمەنی (المان) ئێخسیربی .. بەلێ پشتی هەیامەكێ شیاژ زیندانێ برەفەت ئو هینگێ بی ئەندامێ براڤا برەڤانی یا نەهێنی .

ل سالا ١٩٤٤ی جارەكادی هاتە ئێخسیركرن پشتی كو بریندار بی ئو هینگێ لەڤی چیروكنڤێیس سەروكاتی یا ١٥٠٠ لەشكرا دكر .. دوژمنا گەلك بزاڤا هندێ كرن كو بەحسێ كومەلاخو بكت ئو نافێ هەڤالێن خو بدت بەلێ نەشیان ئو وی نە نافێن وانا دا نە جهێ وانا گوت .. ئو نەشیان چ ژێ چێكن .. ئینا ئێخستنە دحالەكێ نەخوش دا . . دانە بەر دیوارەكێ ودەستێن وی گرێدان ئو گوتنێ تو وێ هاتی حوكم كرنێ ب ئیعدامێ چونكی تە نە ئاخفت وتەناڤ ئو جهێ هەڤالێن خو ل بزاڤا نەهینێ نەگوت ئو بەرێن تفەنگێن خو دانە بەر سینگێ مالروی .. لێ مالرو نە ترسا ئو ژ یاخو نە هاتە خواری ئو بەحسێ هەڤالێن خو نەكر .. ئینا لویلین تفەنگێن خو شورکرن ڤە . . ئو مالرو ما دزیندانێ هەتا لەشكرێ ئەلمانی فرنسا بەردای ئوژێ دەركەت .

مالروی بیرەوەرێن خو ئێن شەرێ جیهانی كرە چیروك ئو نافێ وێ چیروكێ (شەر دگەل ملیاكەتا » بی .. بەلێ پشكا ئێكێ بتنێ ژێ چیروكێ هاتە بەلاڤ كرن ، ئەو ژی ل سالا ١٩٤٣ی بی .. نافێ پشكا ئێكێ ژ چیروكێ « دارێن گویزێ ل التنبورگی » بی ، ئو دڤێرێدا مالرو بەحسێ مرنا هندە لەشكرێن روس- دكت .. لناڤ دارستانەك سوتی دا . . . دقەرسن .

پشتی كو شەر راوستایی مالرو بی وەزیر دحوكمەتا دیگولی دا . . ئو دەمێ دیگول بو جارا ئێكی ژ حوكمی دەركەتی مالروی ژی وەزارەتا خو هێلات .. ئو دەمێ دیگول بوجە دوێ زڤرێ ڤە حوكمی مالرو بی وەزیرێ رەوشەنبیرێ .

سەربازی عیراق

« سەربازەكانی سوپایی عێراق »
لەگەل سروەی بەیانو ....
هاتنی ....
تیشكێكی زێرین
لەگەل وون بونی تاریكی ....
هاتنی .....
رۆژی ڕەنگسین
سەربازەكان بەخۆیانو ...
تفەنگەوە
هێرش ئەبەنە سەر دووژمن
بۆ پێشەوە
بۆ سەربەرزیو ....
بۆ سەركەوتن ....
بۆشكاندنی هێنری دووژمن
بۆ بەرزكردنی ئالای وولات
هەموو تێكڕاڤەكەین خەبات
دژی بەگرێ گیراوانی ئێران
خەبات ئەكەین ...
بۆ لەناوبردنی ...
زۆرداران

سلام عمر كریم
قەلادزێ

چیرۆك

بیرەوەری

محەمەد عەبدوللا سولەیمانی

پێشكەشە بەمنالە چاوگە شەكانی - مەهاباد -

- ١ -

خەلكی شار وروژان ... هاوارو نارەزایی تێكەل بە ئاهو نزولەی دایكە جەرگ سوتاوەكان دەبوو ... خەلكەكە گومانیان لەبونی خۆیان دەكرد ... تالی ژیان دمچۆرایە گەتووی وشك و بەلاس بووەوە .. . گریان و كرۆزانەوەی كۆرپەچاو رەشەكان جۆگەی شیری مەمكە چرچەكانی وشك دەكرد ... خەلكەكە چاویان لە سنگی ئاسمان گیر كردبوو . . . بایەقوشە دوابڕاوەكەش بە بێ موبالاتیەوە دەنگە ناسازەكەی تێكەل بە رزم و هورێی چەپۆكی سەر سنگی دایكە رەش پۆشەكانی شار دەكرد ... بایەقوشەكە لە ساتو سەمتوری خۆی نەدەكەوت ، كەسیش زاتی نەكرد بلێ . . . بایەقوش شومە . . . چونكە باساكە توندو تیژ بوو كورتەی باساكەش ئەمە بوو .... « هەر كەسێ پەنجەی نارەزای بەرامبەر ئەو زاتە پیرۆزە هەلبڕێ ، سواری پشتی باسای دیزە بەدەرخۆنە دەكری ، ئیتر ئۆبالێ خۆی بە ئەستۆی خۆی .. »... خاوەنی بایەقوشەكە هەر جارەی ئاوازێكی نوێی لەتەلی فێلەكانی بەرز دەكردەوە . . . « بایەقوش شوم نیە ... ئەوانەشی ئەم وتەیەیان خستە سەر كەلەپوری میللی ، ڕووڕەشی دنیاو قیامەتن ... » .

هەرزە كارەكان زەروو بوونو سنگو مەمكی ئافرەتە سۆزانیەكانی شاریان دەمژی ... مناڵە سورو سپی یەكان دوای ئەوەی ناوك بڕ كران ، لە كوچەی حوجرەكاندا ئەلقە لە گوێی مامۆستاكەیان بوون . . . باوكەكان لە دادگای ژیاندا خەریكی زیندو كردنەوەی رەنجی فەرهاد بوون .. . هەندێ لاو ویستیان مانگرتن بە بالای تەمەنە كورتەكانیان ببڕن ... باساكە لە ئاستیان ئاگرو ئاسن بوو... هەندێكی تر دەمی ئارەزووەكانیان گرێ كوێرەداو ، لە كوچەی تاریكی شاردا بانگی بێدەنگییان دا ... بایەقوشە - ئەش لە هات و هاواری خۆی نەدەكەوت ... كەسێ نەبوو ئەم ژیانە لە سەنگی مەحەك بدات ...

- ٢ -

خەلكەكە ورەیان بەردا... هەزارەها نیشانەی پرسیاریان لە ڕووی یەكتردا دەخوێندەوە .. . پیاو ماقولانی شار سەری ڕازی بوونیان بۆ خەلكەكە لەقاند ، لە كونجی نهێنی هاتنە دەرەوە ، تبلەی چاویان گرتە بایەقوشەكەو دەستێكی ماندوبونیان بە ڕیشە درێژەكانیاندا هێنا ، ئەمجا سەر قایی دەمیان بە ڕووی خەلكەكەدا هەلپچراند ... « خەلكینە تەنها چارە بۆ ئەم دوابڕاوە - بازە - » .. خەلكەكە وەك شتێكی نوێیان بیركەوتبێتەوە ، زەردەخەنەی شادمانی سەر ڕووی گرتن ... بە بێ ئارامیەوە چاوەڕێ بوون... چاوەڕێ كردن زۆر زامی بە سوێی ساڕێژ كرد ، بووە تەنها تروسكەی ئاوات . . . لە ناكاو شەقەی بالی باز هات ... خەلكەكە ئاهێك بە دەروونیاندا هات . . . بە تامازرویەوە دەیانڕوانی . . . هاواری شادمانی تێكەل بە قولپی گریانی خنكاو دەبوو ... بەبروایەكی زۆرەوە دەستی ئازادیان ڕادەوەشاند .. . هەندێ دەركیان بەم نهێنیە كرد ... سەری گلۆلەكەیان لە زەلكاوی بێ ئاگاییدا دۆزیبەوە .. . دەمی نارەزایان بە ڕووی خەلكەكەدا كردەوە . . . « ئەم بالندەیە باز نیە ... » ، كەس گوێی شل نەكرد ... زۆر هاواریان كرد ، بێسود بوو .. خەلكەكە پاوە كتوكوێرەكانیان بە سنگی ئاسمانەوە نوساند .. . بالندەكە چەند جارێك بالەكانی دابە بەكدا . . . بە دووتەكان نیشتە سەر بایەقوشەكەو چاوەكانی هەلكولین ... خەلكەكە ئەنجامی ئەم شانۆگەریە تراژیدییەیان لە لاپەڕەی مێژوودا تۆمار كرد . ئەو كەسانەی كە بە چاوی دەروون لە ئەنجامی مەسەلەكە دەدوان بانگی نارەزایان كردە خۆراكی مێشكی خەلكەكە... « ئەم بالندەیە بازنیە ... كەی باز وایە... ئەمە قەلە ڕەشە » ... قەلەڕەشەكە بە سەر خەلكەكەدا كەوتە قیفە قیخ ... پیاو ماقولانی شار لەم بانگەوازە سلەمینەوە . . . ناچار باساكۆنەكەیان زیندو كردەوە . . . « پەیڕەوی كردنی یاسای دیزە بەدەرخۆنە بۆ ئەو كەسانەی كە گومان لە بونی باز دەكەن .. » . . یاسا هەر هەمان یاسا بو ئەوانەی گومانیان كرد سواری پشتی یاسای دیزە بەدەرخۆنە كران ... قەلەڕەشەكەش بەبێ ترس كەوتەوە گیانی خەلكەكە...

وتەی لایەڕە

لەیادی ٧ی نیساندا

دوێنی بیرەوەری دامەزراندنی حزبی سەركردە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست رابووردە یادی دامەزراندنی ئەو حزبە رابەرەی كە دەورێكی مەزنی لە بەرەو پێشەوەبردنی شورشی عەرەبیدا بینیو لە عیراقی شۆڕشدا دەوری رابەری شۆڕشگێرانەی گیرا .

ئەوەی لەم ڕۆژەدا پێویستە بە شانازیەوە لێ بدوین ئەوەیە نەتەوەی كورد لە سایەی ئەو شۆڕشەدا كە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست لە عیراقدا رابەری كرد بە هاتە ڕەواكانی خۆی شادبوو ، لە سایەی ئەو شادبوون بەمافە ڕەواباندا ، وشەی پیرۆزی كوردی گەشایەوە ، ڕۆژنامەی گۆڤارو چاپكراوو هونەرو ئەدەب ڕۆشنبیری نەتەوەی كورد وپێشكەوت .

لەم یادە پیرۆزەدا سلاوی وشەی كوردی لە تێكوشەرانی حزبی سەركردە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست .

ئەدەبو ڕۆشنبیری

• سەرنج •

لە ووتاری پێشوومانداندا - « زانستی زمانو بارو لقەكانی - هاوكاری ژمارە (٦٣١ - ١/٤/٩٨٢) . لە ناوەڕاستی ووتارەكەدا بەم جۆرە لە چاپ دراوە : « ووشەكانی (دوور) . (ردوو) ، .. .. .. لە هەمان وەحداتی دەنگی پێك- هاتوون » .. كەچی راستیەكەی بەم جۆرەیە :

« ووشەكانی (دوور) . (ردوو) ، (روود) ، (وورد) ، (دروو) ، (وودر) ، لە رووی نەزەریەوە تەواون . . كشتیان لە سێ فۆنیمی (د ، وو ، ر) پێك هاتوون ، بەلام لە ریزكردنو دانانو شوێنیان لەناو ووشەدا جیاوازنو هەندێكیان لەكوردیدا هەن تریشیان [(ردوو) ، (روود)، دوور وورد درو ئەوانەی (وودر) لە واقیعی زمانەكەماندا نین .

هەمان شتیش بە نیسبەت زمانانی ترەوە . . بە وێنە لە زمانی عەرەبی دا ، ووشەكانی (رشق) قژماقرش شقر رقش شرق ، لە هەمان وحداتی دەنگی پێك- هاتوون .

مولود حمد نبی

بیورن

لە ژمارەی رابوردوودا لەلاپەڕەی ئەدەبو ڕۆشنبیری ئەو وتارەی دەربارەی ڕۆمان نووسی ناسراو یشار كمال نووسرا بوو ناوی مامۆستا (احمد محمد اسماعیل)ی نووسەری وتارەكەی لەسەر نەبوو ، داوای لێبوردن لە مامۆستا احمدو خوێنەران دەكەین بەرامبەر بەو هەڵەیە .

چاپكراوی نوێ

ئەدەبی بێگانان

نكولی لەوە ناكرێ كەوەرگێران هەر لەدێری دێرینەوە وەكو هۆێكی كاریگەر بەشداری لەپێشكەوتنی شارستانیدا كردووە.. جاهەر هەوڵێك لەم ڕێگایەداو بەزمانی هەرنەتەوەیەك بێ ، ئەوا ئەدەبەكەی دەوڵەمەندو بەپێزتر دەكا ..

ئەمرۆ ، ئەوەی دەگاتە بەر دەست دووگۆڤاری لەم بابەتەن (واتەتایبەت بەئەدەبی بێگانە) بەزمانی عەرەبی دەردەچن یەكەمیان (الآداب الاجنبیە)و دووەمیشیان (الثقافە الاجنبیە)یە ، ئەم دوو گۆڤارەیش لەوە دەچێ ئیمكانیاتێكی چاكیان بۆ ڕەخسێنرابێ كەئەمەش بەلگەیەكە بۆ دەوری ئەم جەشنە گۆڤارانە .

كۆمەلێك قوتابی بەشی ئەدەبیاتی زانكۆی مووسل كەدبارە دەركیان بەم بۆشایی یە كردووە ، هاتووت دەسپێشكەرێكی جاكیان كردووەو كۆمەلە بەرهەمێكیان لەزمانی ئینگلیزیەوە راستەوخۆ وەرگێراوەتە سەركوردی و مامۆستا (عەزیز گەردی)ش كەیەكێكە لەوقوتابیانە سەرپەرشتی ڕێكخستنو لەچاپدانی كردووەو (كتێبخانەی حەیدەری)یش لەهەوڵێر بڵاوی كردۆتەوە .

وەكو وتمان كەئەم دەسپێشكەرییەی قوتابیانی زانكۆی مووسل شتێكی جاكەو جێی سوپاس و ستایشە ئەگەرچی دەبووایە دەزگایێ یارێكخراوێكی ڕۆشنبیری كوردی بەم كارە هەڵستایە . . .

ئەم (ئەدەبی بێگانان)ە، بێجگە لەناواخنو چەند لاپەڕەێكی كەیكە (هەڵەوراست) بریتی یە لە (١٠٠) لاپەڕەی قەوارە بەتاڵ ، بەقاقەزی ئەسمەری ڕۆژنامە چاپكراوەو بە گەكەیشی دوو ڕەنگ بەئۆفسێت . . هیوا وایە كەبەشی تریشی بەدوادا بێ.

مامۆستا گەردی لەبەرایی دا بایەخی ئەدەبی بێگانانمان پێدەڵێو لەو بڕوایەدایە كەئەدەبیش وێنەی ئاو وایە، ئەگەر وەستاو نەهاتەوە سەری گەنی دەبێ ، بۆیە بەمە لەكەژاوەی شارستانیو لەئەدەبی نەتەوە زیندووە - كاندا دوا دەكەوێ .

كەئەم قسەیەش راستەو بەلگەیێكی ترە كە پێویستی دەرچوونی گۆڤارێكی تایبەت بەئەدەبی بێگانە بۆ ئەمرۆی باری ئەدەبی كوردیمان دەسەلمێنێ .

× ×

لەم بەشەی (ئەدەبی بێگانان)دا زۆر شتی پێویست لەبەر چاو گیراوەو ، بۆنموونە مەسەلەی ئیملای یەكگرتوو ، ئەگەر زەین بدەینێ ئەمە لەزۆربەی نووسینەكان هەستی پێدەكرێ، بێجگە لەدارشتنی بابەتەكان بەزمانی كوردی ، لەیەكەم خوێندنەوە یاندا هەست بەوە دەكەی كەنووسینێكی كوردی دەخوێنیتەوە كەلەمەشدا مەبەستم لەدەربڕینی كوردی یە .

شت بەزۆریو بۆریەوە نی یە ، مشتێكیش نموونەی خەرواریێكە ، ئەمەش هەنگاوێكی چاكو گەورەیە لە ڕێگایێكی دوورو بەر درێژدا. بێنە سەر هەڵبژاردنی بابەتەكان :

لەهەڵبژاردنی بابەتێك جا چ شیعر بێ یاچیرۆكو یا ڕۆمان ، وای دەبینم كە دەبێ لەسنوورێكی دیاری كراودا بێ ، كە ئەم (سنوورەیش) پەیوەندی بەبارو زروفو شارستانیەتو رادەی پێشكەوتنی ئەو نەتەوەیە هەیە كەبۆی وەردەگێردرێ ، هەڵبژاردنی بابەتێكیش یەكێكە لەو سۆنگانەی كە وەرگری وریاو زیرەك لەوەرگێرێ جیا

بڕوانە ل : ٧

Institut kurde de Paris

ئاوەدانی عبدالستار طاهر شریف پیرۆزبایی لە یادی دامەزراندنی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دەکات

لە بیرەوەری ٧ی نیساندا، یادی لە دایك بوونی حزبی سەرکردە ، حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ، پرسیاریکمان ئاراستەی هاوڕی عبدالستار طاهر شریف سکرتێری کومیتەی ناوندی پارتی شۆڕشگێری کوردستان ئەندامی لیژنەی باڵای بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز کرد کە نیایدا داوامان لێ کرد بەم بۆنەیەوە :

وەك هاوڕێیەکی لێپرسراو لە پارتیەکی دۆستی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست لە ماوەی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخوازەوە ، چۆن دەوری کاروانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست هەڵدەسەنگێنن ، هاوڕێ عبدالستار طاهر شریف لە وەڵامدا وتی :

● لە بیرەوەری دامەزراندنی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و دوان لە سەر ڕێرەوی دوورودرێژی ئەم پارتیە لەگەڵ هەڵوێستی پارتەکەمان پارتی شۆڕشگێری کوردستان بەرامبەر بە پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ڕێرەوە نەتەواتیە سۆشیالیستەکەی وەك تاقیکردنەوەیێکی نوێ لە عێراق و نیشتمانی عەرەبدا پێویستمان بە هاوڕدانە وەیك هەیە ، بە مێژوی نوێ عێراقدا .. مێژوی گەلی عێراق بە کوردو عەرەب و کەمە نەتەوەییە کانیەوە ، ئەبینین ئەم گەلە خاوەند رابوردوویێکی خاوێن پڕ لە رووداوی پاڵەوانانە و کاریگەر بووە لە هەرێمەکە بەڵکو لە جیهاندا ، بە درێژایی ئەم مێژودە گەلی عێراق درێغی نەکردوە لە قوربانیدان و بەختکردنی ڕۆڵەکانی لە پێناوی پارێزکاری نیشتمان و نەتەوەکەیان .

پارتە سیاسییەکان و نیشتمان پەروەریەکان و نەتەوەییە پێشکەوتنخوازەکان مێژوی عێراقیان هەمیشە بە خوێن و ئارەقەی چینی رەنجدەرانی وولات نووسیوەتەوە ، بۆیە یەکێ لە پێویستیەکانی سەر شانمان یادکردنەوەی هەموو ئەو رووداوە پیروزانەیە کە ڕۆڵەکانی عێراق بە خوێنی ئاڵیان لە مێژوددا چەسپاندوویانە .

ئێمەروش لە یادی دامەزراندنی یەکەم ڕێکخراوی نەتەوایەتی عەرەبی ، لە یادی دامەزراندنی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ، پیرۆزبایی لە هەموو نیشتمان پەروەرێکی دلسوز ئەکەین بەم بۆنەیەوە لە عێراقی خوشەویستدا ، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەم پارتیە توانی ریزەکانی گەلی عێراق بە کوردو عەرەبیەوە یەك بخاو لە بەرەیێکی نیشتمانی و نەتەوایەتی پێشکەوتنخواز دوای شۆڕشی حەودەی تەمموزی سالی ١٩٦٨ .

هەروەها پارتی بەعسی لە ماوەیێکی کورتدا دوای هاتنە سەر حوکم لە عێراق توانی ڕێبازێکی نەتەوایەتی پێشکەوتنخوازی سۆشیالیستی داپەمەزرێنی و سامانی نەوت خۆمالی بکاو لە بواری خوێندیئندا خوێندن بە زۆر فەرز بکا بەسەر منداڵانی عێراق لە تەمەنی شەش ساڵیەوە لەگەڵ کردنی خوێندن بە خۆرایی لە قوتابخانە سەرەتاییەکانەوە تا زانستگاکان و دان بە مافی نەتەوایەتی رەوای گەلی کورددا بنێ و کوردستانی عێراق بە ئۆتۆنومی خۆی شاد بێ .

لەگەڵ کۆمەڵێ هەنگاوی سیاسی و ئابوری و رۆشنبیری تر ، ئەم هەنگاوانەش هەموی جێگای مەترسی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنە پەرستانی عەرەب بوو ، پاشانیش رژێمی خوومەینی رەگەز پەرست لە نێراندا ، ئەوەبوو لە چواری ئەیلولی ١٩٨٠ رژێمی ئێرانی رەگەز پەرست پەلاماری عیراقی داو ئەو شەڕەی کە ساڵۆنییوێکە فەرزیکردە سەرمان بۆ ئەوەی ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی وولاتەکەمان رابگرێ بە خەیاڵی خۆیان و ئاغاکانیان .

هەرچەندە شەڕیش بەردەوامە و کاربەدەستانی عێراق شەڕیان نەویستووە وئایانەوێ بەڵام سەرەڕای ئەم وەزعە ناڵەبارەش عێراق بەردەوامە لە دروستکردنی عیراقێکی دیموکراتی شۆسیالیست .

لە کۆتاییدا پێروزبایی لە هەموو تێکۆشەران و ئەندامانی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ئەکەم بە بۆنەی بیرەوری لە دایکبوونی پارتەکەیان ، پارتی سەرکردە کە توانی ئەو هەموو دەستکەوتە شۆڕشگێرانە لە بواری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و پەروەردەیی پێشکەش بە گەلی عێراق بکا .

سڵاوو رێزمان بۆ هەفالی تێکۆشەر صدام حسین .

لە یادی ٧ی نیساندا ئافرەت و شۆڕش

ووتەی لاپەڕە

ئەمساڵ یادی تێپەربوونی ٣٥ ساڵ بەسەر دامەزراندنی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستدا لەسایەی سەرکەوتنە مەزنەکانی سوپای ئازارو دلێرمان دەکەینەوە کەوا لە بەرەکانی جەنگ دژی دوژمنی فارسی رەگەز پەرست بەدەستی هێناوەو پێدەنێتە ساڵێکی نوێی سەرکەوتن و پشکەوتن .

حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی لە ساڵی ١٩٦٨دا دەسەڵاتی گرتە دەست و ئافرەتانیش کەوانیوەی کۆمەڵن ، شۆڕەشی ١٧ی تەموز کۆمەڵە دەستکەوتی گەورەی لە عیراقدا ودەست هێناوە ئەمەش لە ڕێگەی ڕێکخراوو یەکێتی یەکانی ئافرەتانەوە ـ ئافرەت لە ژێر سایەی ئەو دەستکەوتانەدا توانی بوونی خۆی بچەسپێنێت و شان ـ بەشانی پیاو لە هەموو مەیدانەکانی ژیاندا تێبکۆشێت و بەشداری لە چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ـ یەکاندا بکات .

لەو دەستکەوتانی کەواشۆڕشی ١٧ی تەموز بەسەرکردەی تێکۆشەر صدام حسین بۆ ئافرەتی عیراقی بەدەست هێناوە ئەمانەن . فێر کردنی ئافرەت لەرێی قوتابخانە میللییەکان و هوشیار کردنەوەی چونکە شۆڕەش بڕیاری دابوو ، نەخوێندەوارێك لە عیراقدا نەمێنێت و نەخوێندەواری قەڵاچۆ بکات .

هەروەها ئیش کردنی ئافرەت لە هەموو بوارەکاندا، چاککردنی یاسای ئەحوالی شەخصی ، هەروەها مافی نوێنەرایەتی لە ئەنجومەنی گەلی دراوتی و یاسای خزمەت کردنی ئافرەت بۆ هاتنەکایەوەو ئێستا ئافرەت لە سوپادا مەشق دەکات و هونەری چەك بەکارهێنان فێر دەکرێت ، هەروەها چوونە ریزی سوپای میللییەوە مافی ئەوەی دراوەتێ کەوا بۆ ئەنجومەنی نیشتیمانی و ئەنجومەنی یاسادانان خۆی هەڵبژێرێت ئەوەبوو کاتێك ئەنجومەنی نیشتیمانی هەڵبژاردنەکەی کرد لە ئەنجامی هەڵبژارانەکەدا ١٦ ئافرەت لە سەرجەمی ١٩ یالیوراو ، هەڵبژێدران . . هتد . . .

بە یاننامەی یەکێتی ئافرەتانی عیراق لەتی هەولێر

نووسینگەی ئافرەتانی ئۆتۆنۆمی لە یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق لە یادی جەژنەکانی ئازارو نەورۆزدا بەیاننامەیەکی دەرکردوە لە بەیاننامەکەدا هاتو .

لەو دەسکەوتە مەزنانەی کەبە دەسکەوتی هەرەگەورەی گەلی عیراق دەژمێر درێت، کەلە سەر دەستی پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالیست هاتەدی، ئەوەش چارەسەری مەسەلەی کوردبوو بەشێوەیەکی دیموکراتی و عادیلانە .

بێ گومان چارەسەری مەسەلەی کورد بەردی بناغەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانیەوە نیشانەیەکی زیندووی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانەی پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالیستە . بۆیە هەر لە یەکەم ڕۆژی شۆڕشی حەفدەی تەموزدا ئەوەی سەلماند کە چارەسەری مەسەلەی کورد بەشێوەیەکی دیموکراتی و عادیلانە یەکێکە لە ئامانجەکانی ئەم شۆڕشە بۆیە لەم بارەیەوە بەرە بەرە ڕێگای بۆ ئەم چارەسەریە خۆش کردو چەندین هەنگاوی شۆڕشگێرانەی لەم رووەو نا ، لەوانە دامەزراندنی زانکۆی صلاح الدین و هەروەها چەند بڕیارێکی تری ڕۆشنبیری دەرکرا کە مافی ڕۆشنبیرانی گەلی کوردی دابین کرد .

● ئافرەتە ئازاکانی کوردستان . . .

لەو کاتانەی کە رەشبەلەکی کوردەواریانە بۆ پێشوازی بووکی نەورۆز ڕێك دەخەین لەو کاتانەی سەهۆڵبەندانی سەر شاخ و زەندۆڵەکانی کوردستان بەتیشکی زێڕینی بەهارێ دەتوێتەوەو گوڵاڵەو بەیبوون و هێرۆ گۆرانی دەڵێن ... لەو کاتانەی کە ئەو ئافرەتە کوردە ئازایانە لەگەڵ شوانەی شەیدا ریز لە بەردەبێرێ دەگرن . هەر لەو کاتانەشە شاعیری گەورەی کورد خوا لێخۆش بوو پێرە مێرد دەڵێ : ـ

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە .

بەڵێ دیسان یادی گەورەترین سەرکەوتن دەکەینەوە کە زوحاکی فارسی رەگەز پەرستی تیا لەناوچوو وچەکوشی (کاوە)ی کورە کورد ئازادی وەدەست هێناو تەخت ـ وتاراجی شاهنشاهیەتی لەناوبرد .. ئەمڕۆش گەلی عیراق لە چیاکانی کوردستانەوە تا دەگاتە

بڕوانە ل : ٧

ئافرەت و خێزان

ئافرەت و خێزان

ئاشکرایە ، کەوا ئافرەت ، بەردی بناغەیە ، بۆ یەکێتی نەتەوەو ، پێش خستنی گەل و نیشتمان ، چونکی دایەی نەتەوەیەو کۆرپەو ساواکانمان ، پەروەردە کراوی ، دەستی ئەوەن و بەگوێرەی چەشنی ، ڕەفتارو هۆش و بیرکردنەوەی ئافرەت ، ڕۆڵەکانمان رو دەکەنە ، ڕێگای ژیان و قوتابخانەکان ، کە هەراش بون و لە خانەی خێزان دەرچون .

مامۆستا ابراهیم عمر میکائیل

کەوانە ، بەراستی دایك ، قوتابخانەیەکی سەرەتایە ، بۆ پێ گەیاندنی ساواکانمان .

ئافرەت چینی شانازیە ، کەوا دایکی هەمو لایەکمانەو ، دایکی کۆمەڵەو ، لەبەر ئەوانە هەموی ، شایەنی هەموو مافێکی ژیانە ، هەر وەك پیاو نیوەی کۆمەڵە ، وەك دەگوترێ و قورئانی پیروز فەرمویە (ولهن مثل الذی علیهن بالمعروف) .

کۆمەڵ

بڕوای زۆری زانایانی کۆمەڵ ، ئیمرۆ ، ئەوەیە کەوا ، ئادەمی زاد ژیاوی کۆمەڵە بە سروشتو لکاوی ژیانی کۆمەڵایەتیەو هندێ زانای تری وەك روسو ، گوتیانە ، ئادەمی لە سەرەتادا ، تاکانە ژیاوە ، لەسەر سروشتو کۆمەڵ بە پەیمانی ، کۆمەڵایەتی ناوەند تاکانی ، هاتوەتە کایەوە .

ڕەواو یاسا

خوا ، کە ئادمی زادی پەیدا کردیە ، هۆش و بیر و بڕوای داوەتێ و داینا وەتە، سەر روی ئەو زەمینە ، ئاوەدانی بکاو کەلکی لێ وەرگرێ و ئەو ئاوەدان کردن و کەلك لێ وەرگرتنەیش ، بە یەك گرتنی کەسانی دەبی ، یەك گرتنیش ، بە هۆنانەوەو ئەنداز دانانی ، کاروباری ، ئەو ژیانە دەبێ ، لە هەمو بارێکیەوە ، ئەوەیش ، ڕێگای ژیانە و ڕەواو یاساو قانون خۆیەتی.

دیاریشە کەوا ، هێزو توندی ، وکار پێ کراوتر ، هەرڕەواو یاساو قانونە ، کاروباری ئەتەوە ، وئەو نیشتمانەی ، تێیدا ئەژین بە هۆی یاساوە ، بەهێزو توندوتۆڵ تر ، وباڵا تر دەبێ .

لەبەر ئەوەیە ، کەوا گوترایە ، ئەندازی پێش کەوتنی ، هەر ئەتەوەیەك ، ئەندازی راگرتن ، وکار پێ کردنی ، ئەو ڕەواو قانونەیە ، کەوا کردویەتە ، ڕێگای ژیان ، ولە سەری دەڕوا .

وەبۆ ئەو مەبەستە پیرۆزەیە ، خوا ڕەواو بەرنامەی ڕێگای ژیانی ، بۆهەر ئەتەوەیەك داناوە ، وەك قورئانی پیرۆز فەرمویە (لکل جعلنا منکم یشرعە ومنهاجا) .

یاسای کەسان

هەرچۆنێ بێ ، هۆنانەوەی ، کاروباری کۆمەڵ ، بە شێوەیەکی گشتی و خێزان بەتایبەتی ، پێویستە ، وە ئەکۆمەڵ ، بەبێ یاسا پێش دەکەوێ و ئەخێزان ئەتوانێ، بە چەشن و جۆرێکی لێهاتوو، ڕۆڵەکانی ئامادە بکا ، بۆ ئەوە ، کەوا ببنە ئەندامێکی بە کەلك و لێوەشایەوەی ، گەل و نیشتمان ، بەتایبەتی، لە ئەو سەر دەمەدا ، کە ڕۆژگاری ، چونە عاسمان و زانستە .

وەبۆ ئەو مەبەستە ، یاسای ژمارە ١٨٨ ساڵی ١٩٧٩ لە عیراقی شۆڕشدا دانرا .

هاوسەری

مادەی ٣ ئەڵێ : هاوسەری پەیمانێکە ، لە نێوان پیاوێك و ژینك ، بۆی ئەلوێ بەرەوا ، ئامانجی ژیانەڵ هاوبەشبە ، ونەوە خستنەوە .

وەبۆ ئەوەی ، منالی ساوا مارە نەکرێ ، مەودای ٨ تەمەنی مارەکردنی کردوەتە ١٥ ساڵ .

بۆ دیاردانی مافی کەسان ، مادەی ٩ ئەوەی چسپاندوە کە دەبێ مارەکردن تۆمار بکرێ لە دادگا،و کەسێ لە دەرەوەی دادگە ، ژن مارەبکا ، سزای ٣ ساڵ بەندیەو ویان ٣٠٠ دینارو . ئافرەتەکە . بۆی دەبی دابراندنی بوێ لە دادگە .

بەندی ٣و٤ ئەوەی قەدەغە کردە کە پیاو لە ژانی زیاتر بهێنێ مەگەر بە خێوبکاتێدانی رانەر (قاضی)و بەمەرجێ پیاوەکە بتوانێ پتر لەژنێك و دادیان لە ناودا ، راگرێ و ئەگەر پتر لە ژنێك هینا بەبێ ڕێدانی قاضی هنگی ژنەکەی ، مافی ویستنی دابراندنی ئەبێ ، وبۆی دەبێ ، لە (تحقیق) بیەوێ ٣ ساڵ سزابدرێ ، وەیان ٣٠٠ دینار بدا . بەگوێرەی بەندی (٩) .

ئەگەر ناخۆش کەوتە ناوەند ژن و مێردەوە بەجۆرێ نەتواندرا بەبەکەوە بژین . هنگی توانای لێك دابراندنیان دەبێ ، بە یەکێ

بڕوانە ل : ٧

بۆکریبانوری ماڵ

ئافرەت گەورەی ماڵ و ئیشە

ژمارەیەکی زۆر لە باوکە ئەوروپاییەکان پڕۆگرامێکیان جێبەجێ کرد کە یەکێك لە دەزگا کۆمەڵایەتیەکان ئامادەی کردبوو لە ژێر ناونیشانی «گەورەی ماڵ »دا . بەپێ ئەم پڕۆگرامە ئەبوو باوکان خەریکی ئاگاداری و چاودێری منالە تازەبووەکانیان بن کە دایکەکانیان ڕۆیشتنە دەرەوە بۆ سەرئیش .

پڕۆگرامەکە زۆر سەرکەوتوو نەبوو چونکە هەرچەند هەندێ لە باوکان بەخێو کردنی منالە شیرەخۆرە ـ کانیان لا خۆش بوو ئەوانی تر ئەمەیان زۆر لاگران بوو بەتایبەتی چونکە ئەبوو هەندێ ئیشی تری ناومالیشی لەگەڵ بکەن .

ئامانجی ئەم دەزگایە ئەوەبوو دەروونی ژن و پیاو شی بکاتەوە و دەری بخا کامیان زیاتر ئۆقرەگر و خۆبەختکەرە . لە ئەنجامدا، وەك یەکێك لە گۆڤارەکانی ژنان لەئەوروپادا نووسی ، دەرکەوت ئافرەت سەرکەوتووترەو پیاو خۆپەرستەو خۆی خۆش دەوێ . بەم جۆرە گۆڤارەکە ناوی « گەورەی ماڵ و ئیش »ی نا لەئافرەتان .

چرپایەکی تازە بۆ منالبوون

گۆڤاری « دایك و منال »ی بەریتانیایی باسێکی لەبارەی ئەو چرپایەوە بڵاوکردەوە کە دەستەیەك لە پسپۆڕەکانی نەخۆشی بەکانی ژنان و منالبوون لە جیهاندا نەخشەکەیان داناوە .

ئەم چرپایە لە دووبەشی پێکهاتوە بەشێك لە سەرەوەو یەکێك لە خوارەوەو ئەیشتوانرێ بەپێی پێویستی دایك و منالەکە بجووڵێنرێ .

پزیشکەکان شێوەی چرپاکەیان پاش ئەوەو بەسەندکرد کە بە تەواوی بۆیان دەرکەوت ڕاکشانی ئافرەت لەسەر پشت لە کاتی منالبوونا بەو شێوەیەی ئێستا ئازارێکی زۆر بە خۆی و بە منالەکەی دەگەیەنێ و منالەکە ئەو هێزەی نابێ پاڵ بەخۆیەوە بنێ و لە منالدان بێتەدەرەوە .

بەم جۆرە منالبوونەکە دوادەکەوێ . بەڵام ئەگەر ئافرەتەکە لەکاتی منالبوونا لەسەر ئەمچرپایە دانیشت وا وەك پزیشکەکان دەلێن باشترو خێراتر منالەکەی دەبێ چونکە ئەم جۆرە دانیشتنە هێزی تەواو دەداتە منالەکە بێ ئێشو ئازارێکی زۆر بێتە ژیانەوەو دایکەکەیشی هێزێکی کەم بداتە خۆی .

ئەوەیش شایانی باسە ئەم جۆرە چرپایە بە سەر نەخۆشخانەکانی پاریسو ئەمەریکادا بڵاوکرایەوە .

Institut kurde de Paris

لێپرسراوی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان لە هەولێر بۆ هاوکاری دەدوێ

حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دەستکوتەی مەزنی بۆ نەتەوەی کوردمان بەدی هێناوە

هەڤاڵ محمد محی‌الدین لێپرسراوی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان- لقی هەولێرو ئەندامی لیژنەی بەڕەی نیشتمانی بەبۆنەی بیرەوەری لە دایك بوونی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەوە بۆ پەیامنێری « هاوکاری » قسەی کردوە :

● کادیرە لێهاتوەکانی نەتەوەی عەرەب ، ئەوانەی چووبوونە نێو هەموو خەم‌و گیروگرفتەکانی ئەو نەتەوەیەوەو ، لە نێو پەژارەی پارچە پارچە بوون‌و دەسگرتنی داگیرکەر بەسەر خاکی عەرەبدا چاویان هەڵهێنا ، ئەوانە لە ٧/نیسانی ١٩٤٧دا حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستیان دامەزراند ..

لە عیراقیشدا کاتێ کە لەپاش شۆڕشی ١٧/ی تەموزی /٩٦٨ی پیرۆز ، ئەم حزبە توانی بێتە سەر حوکم ، توانی بەجارێ هەموو بنەڕەتە پاسایی‌یە نەگونجاوە - کان لەگەڵ ژیانی نوێی عیراقی‌یەکان لە بیروڕای بەعسدا بگۆڕێ‌و ، گەلێ دەسکەوتی گەورە پێشکەش بکا ، وەکو دانانی یاسای چارەسەرکردنی کشتوکاڵ‌و ، خۆماڵی کردنی نەوت‌و ، لە ناوبردنی نەخوێندەواری‌و ، دانانی یاسای ئۆتۆنۆمی‌و گەلێ دەسکەوتی شۆڕشگێڕانەی تر ، لە بیرەوەری لە دایك بوونی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستدا پیرۆزبایی لەگەڵ عیراق‌و سەرکردایەتی حزبی بەعسی‌و هەڤاڵی تێکۆشەر سەرەك صدام حسین دەکەم‌و ، ئومێد دەکەم کە سەرکەوتنەکانی سوپای دلێرمان بە سەر هێرشی ناڕەوای ڕژێمی بە کرێگیراوی فارسەکاندا هەر بەردەوام بێ ، سوپای دلێرمان بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند کە هێز نیە بتوانی سنووری پۆلاینمان بشکێنێ‌و ، گەلەکەمان بە کوردو عەرەب‌و ، هەموو حزبەکانی نێو بەرەی نیشتمانی‌یەوە ، هاوکاری‌و پشتگیری تەواوی سەرکردایەتی شۆڕشیان کردوەو ، بەردەوامیش دەبن لەم ڕێڕەوەدا .

پێوبستە لێرە لایەنێکی گرنگ هەیە لەبیرمان نەچێتەوە ، کە ئەویش ئەو دەسکەوتە مەزنانەیە کە حزبی بەعسی پاش شۆڕشی ١٧/ی /٩٦٨ی پیرۆزو لە ساڵی ١٩٧٤ دا پێشکەشی گەلی کوردی کردو ، ئەوەبوو بەرەسمی دان نرا بەمافی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کوردمان‌و ، دەزگاکانی ئۆتۆمیش وەکو ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن‌و ئەنجومەنی یاسا دانان‌و ئەمانەلەتە گشتی‌یەکان ، کەوتنە کارکردن ، بۆ گیان بە بەردا کردنی ئەم دەسکەوتە گەورەیەی گەلەکەمان‌و پەرەپێدانی ، ئەم ڕاستی‌یەکە پێوبستە بوترێ‌و حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست خاوەنی هەڵویستی دڵسۆزانە‌و ڕاستی بوە بەرامبەر مافە نەتەوەیی‌یەکانی گەلی کوردمان .

کاوتی پیرۆزبایی ئافرەتان

لە یادی لە دایك بوونی حزبی سەرکردەدا ، حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ، جەپکە کوڵی پیرۆزبایی پێشکەش بە سەرکردەی مەزنمان هەڤاڵ صدام حسین‌و سوپای دلێرمان‌و جەنگاوەرانی سوپای میللی‌و هەموو گەلی عیراقمان دەکەین .

شلێر محمد مجید
لێپرسراوی لیژنەی ڕێکخستنی یەکێتی ئافرەتان عیراق لقی هەولێر

بۆ بیرەوەری لە دایك بوونی حزبی تێکۆشەرمان ، حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ، دەستەگوڵی دلسۆزی‌و وەفاداری پێشکەش سەرکردەی گەورەمان هەڤاڵ صدام حسین‌و جەنگاوەرانی سوپای دلێرمان‌و هەموو گەلی عیراقمان بەڕەبەرایەتی سەرۆکی فەرماندە صدام حسین .

کۆڕ محمد سعید
لێپرسراوی دارایی‌و بەڕێوەبەری یەکێتی ئافرەتان - لقی هەولێر

خۆشحالم لەم بۆنە پیرۆزەدا گەرمترین پیرۆزبایی لە سەرکردەی خەباتگێر هەڤاڵ صدام حسین‌و جەنگاوەرانی سوپای دلێرمان‌و هەموو ئافرەتانی عیراق بە کوردو عەرەبیانەوەو تێکڕای گەلی عیراقمان بکەم .

(٧)ی نیسان هەمیشە نیشانەیەکی گەورەو دیاری خەباتە لەپێناوی یەکێتی‌و سەربەستی‌و سۆشیالیستیداو، ڕێ ڕۆشن کەرەوەی گەلی عیراق‌و، هەموو نەتەوەی عەرەبە ، بۆ بنیاتنانی پاشە ڕۆژێکی چاکترو ، بیرەوەری لە دایك بوونی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ، بڕوامان بە سەرکەوتن‌و زاڵ بوون بەسەر ڕژێمی ڕەگەز پەرستی فارسدا پتەو تر دەکات‌و زیاتر دەچەسپێنێ .

شنە بەرزنجی
ڕازگری یەکێتی ئافرەتانی عیراق لقی هەولێر

پیرۆزبایی

لقی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی لە یادی لە دایك بوونی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دەکەن

● ڕۆژی هەوتی نیسان ڕۆژێکی مێژوویی گرنگە لە ناوهەموو گەلی عەرەبداو ناوچەکە بە گشتی ، لەم ڕۆژە پیرۆزەدا ڕۆژی دامەزراندنی پارتی سەرکردە یادی ئەو هەزارەها قوربانیانەیە کە دراوە لە ڕێگای تێکۆشان‌و خەباتدا ، ئەنجامی ئەو خەبات‌و هەوڵەش شۆڕشی ١٧-٣٠ تەموزی ئەمرە کە بۆ هێنانەدی ئاوات‌و ئامانجی گەلی عێراق بەرپابوو ، لەم ڕۆژەدا چەندەها دەسکەوتی مەزنمان دێتەوە یاد . . . خۆماڵی کردنی نەوت ، ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچەی کوردستان ، یاسای چارەسەر کردنی کشت‌وکاڵ‌و . . . دەیانی تر . ئەم ساڵ یاد کردنەوەکەمان جیاوازی‌یەکی گرنگی هەیە لەگەڵ ساڵانی پێشوو .

لەم ساڵداو لە ٧ی نیسانی‌دا نۆزدە مانگ تێپەڕدەبێت بە سەر جەنگی ڕەواماندا لەگەڵ فارسە ڕەگەز پەرستەکاندا، ئەو هەموو سەرکەوتنە مەزنانەی سوپای دلێرمان بە دەستی هێناوە بۆ وەدەست خستنی مافی ڕەوامان لە ئەرزو ئاودا ، پوچەڵ کردنەوەی هەموو خەوە ناڕەواکانی خومەینی نەقام ، لەگەڵ هەموو هەوڵێکی گەلاوی (حافظ اسد)و زایۆنیزمەکان بۆ یارمەتی دانی‌ی ، سەرکەوتن هەر بۆ گەلی عێراقە بەڕابەرایەتی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست وسەرکردایەتی هەڤاڵی تێکۆشەر (صدام حسین) .

● گەرمترین سلاوی ڕێزو خۆشەویستی بۆ ئەو شۆڕە سوارەو پارتە نەبەزەکەی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست .

● بەڵێن‌و تازەکردنەوەی پەیمانمان تا دوادڵۆپی خوێنمان سەربازێکی وەفادار بین بۆ پارێزگاری کردن لە شۆڕشی ١٧-٣٠ تەموزی پێشکەوتن خواز .

● نەمری‌و سەربەرزی بۆ شەهیدانی جەنگی قادسیەی صدام‌و سەرشۆڕی بۆ دوژمنانی کۆماری عێراق .

سعید کمال رشید
جێگری لێپرسراوی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان

● هاو پەیمانیمان لەگەڵ پارتی سەرکردەدا پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست‌و بوونمان لەو بەرەیەدا بە سەرکردایەتی ئەو وامان لێدەکات کە هەمو گەشە کردن‌و سەرکەوتنی ئەو پارتە سەرکردەبە بە گەشە کردن‌و سەرکەوتنی نەك خۆمان بەڵکو هەمو گەلی عێراق بزانین .

پارتیمان لە زۆر بواردا دوپاتی کردۆتەوە کە هیچ کات کەمتەرخەمی نەکردووەو بەردەوامە لە زۆر بواردا دوپاتی کردۆتەکەوە کە هیچ کات کەمتەرخەمی نەکردووەو بەردەوامە لە تێکۆشاندا بۆ پارێزگاری دەسکەوتەکانی شۆڕشی ١٧-٣٠ تەموزی پێشکەوتنخواز بە سەرکردایەتی سەرۆکی فەرمانده هەڤال صدام حسین .

● بەبۆنەی ئەم یادە پیرۆزەوە، یادی دامەزراندنی پارتی پێشڕەوی بەرەی نیشتمانی پێشکەوتنخواز گەرمترین سلاوی ڕێزو خۆشەویستیمان بۆ ئەو پارتەی کە دەبان دەسکەوتی مەزنی بۆ گەلی عێراقمان هیناوەتە دی .

● سلاو بۆ سەرۆکی تێکۆشەر ، پاڵەوانی قادسیەی دووەم‌و شۆڕەسواری خۆشەویست کاك صدام حسین .

● مردن‌و سەرشۆڕی بۆ دوژمنانی گەلی عێراق‌و تیاچوون‌و بەزین بۆ ڕژێمە هەلاهەلاکەی فارسی ڕەگەز پەرست کە بێهودە دەیەوێ ببێتە بەردی سەرەڕێگای پێشکەوتنی شۆڕشی گەلی عێراقی .

نەمری‌و سەربەرزی بۆ شەهیدانی جەنگی ڕەوامان، جەنگی قادسیەی صدام .

عبدالله قادر احمد
لێپرسراوی ناوچەی سلێمانی پارتی دیموکراتی

● لە ٧ی نیساندا یادێکی گەلێ مەزن دێننە پێشەوە کە سەرجەم هەنگاوێکی گۆڕانە لە ژیانی گەلی عەرەبی بەتایبەتی‌و گەلی عێراقی بەگشتی ، یادی پارتێك کە لە بنەڕەتەوەبیرو بۆچوونەکانی تەرخان کردووە بۆ خزمەتکردن بە گەلی عەرەبی‌و ئەو کەمایەتیانەی لە نیشتمانی عەرەبیدان ، شۆڕشی ١٧-٣٠ تەموزی مەزن‌توانی دەیان دەسکەوت بۆ گەلی عێراقی بێنێتە دی لەهەمو بوارێکدا ، ژیان‌و گوزەرانی خەلکی لە بارێکی دواکەوتوی لاوازەوە گوڕیە سەر بارێکی پێشکەوتووی بەهێز. دوژمنانی پارتی‌و گەلی عێراق بەمە تەنگە دەیکرتن‌و دەیانویست کۆسپ‌و تەگەرەدانێن لەڕێی ئەو پارت‌و شۆڕشەدا کە ئامانج‌و ئاواتی خۆشگوزەرانی گەلەکەیەتی.

ڕژێمی فارسی ڕەگەز پەرست بەتێکەڵە لەگەڵ داردەستە گلاوانەی دەیەوێ بەرایی شۆڕش بکوژێ . بەڵام سەرکەوتنەکانمان باشترین نمونەن بۆ بەهێزی پارتی بەعسی‌و شۆڕشە کەی‌و گرد بوونەوەی هەمو گەلی لە دەوری ئالاکەی ، بەڕابەرایەتی سەرۆکی فەرمانده صدام حسین . لەم یادەدا ، سلاو لە پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست .

سلاو لە شۆڕش‌و سەرکردە دلێرەکەی سلاو بۆڕۆلە نەبەزەکانی سوپا قارەمانەکەمان وگیانی پاکی شەهیدەکانی قادسیە صدام . ڕیسوا بوون‌و تێشکان بۆ ڕژێمی فارسی ڕەگەز پەرست ، دوژمنی ئیسلام‌و گەلانی ئێرانی‌و مرۆڤایەتی .

عمر حاجی محمود
ئەندامی ناوچەی سلێمانی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەبۆنەی جەژنی لە دایك بوونی پارتی بعثی عربی سوشیالیست جوانترین پیرۆزبایی پێشکەش بە سەرۆکی تیکۆشەر (صدام حسین‌و)و قیادەی حزب‌و شورش‌و هەموو جەماوەری عیراق بە عەرەب‌و کوردوو کەمایەتیەکانی تر پێشکەش ئەکەین‌و . لە خوای مەزن داواکارین کە سەربازەکانی قادسیە صدام بەردەوام بن لە سەرکەوتنەکانیاندا دژی فارسە ڕەگە زپەرستەکان . ئیتر سوباس .

هدایت محمد عبدالرحمن
ئەمینداری گشتی کاروباری کومەڵایەتی ئۆتونومی ناوچەی کوردستان

لە بیرەوەری لە دایك بوونی حزبی پێشڕەودا ، حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ، بەڵێن بۆ سەرەکی خۆشەویست هەڤال صدام حسین نوێ دەکەینەوە ، کە کرێکارانی کورد هەمیشە بازووی بەر هەم زیاد کردن‌و بازووی هەڵمەت بردن بۆ سەر هەموو دوژمنێکی ئەم نیشتمانە ، لەم بیرەوەری‌یە پیرۆزەدا ، کرێکاران ڕای‌دەگەیەنەوە کە شوورەی پۆلاینی شۆڕش‌و حزبن‌و ، جەنگاوەری ڕیزەکانی پێشەوەن بۆ سەرکوت کردنی ڕژێمی ڕەگەز پەرستی ئێران‌و ، سەر کەوتنی تەواو بەسەر تاقمی عەمامە بە سەرە نەفامەکانی فارس .

عمر محمد میکائیل
لێپرسراوی ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندنی یەکێتی نەقابەکانی هەولێر

قوتابیانی کوردستان پیرۆزبایی یادی ٧ی نیسان دەکەن



خالد طاهر
جێگری سەرۆکی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

بدر مصطفی عباس
لێپرسراوی لقی هەولێر یەکێتی قوتابیانی کوردستانی

بەبۆنەی بیرەوەری دامەزراندنی حزبی پێشڕەودا ، حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ، قوتابیانی کوردستانی عیراق لە پارێزگای هەولێر هەستی خۆیان لەم چەند بلیتی پیرۆز بایی‌یەدادەردەبڕن .

● حەوتی نیسان ، لە دەروونی ئێمەی قوتابیاندا جێگەی تایبەتی خۆی هەیە ، کاتێ کە ئەو برایانەمان ... دەکەوێتەوە لە ڕۆژانی سەرەتای دامەزراندنی حزبماندا ئالای بیروڕای پیرۆزی ئەم حزبەیان هەڵگرت‌و ، لە دڵودەروونی جەماوەردا چەسپاندیان ، تا وای‌لێهات بوو بە دارێکی گەورەی شین‌و بەرهەم هێنەرو خیرو خۆشی بە هەمو عیراقی شیریندا بلاو کردەوە ...

لە بیرەوەری دامەزراندنی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستدا ماناکانی سەرکەوتن‌و زاڵ بوون لە جوانترین تابلۆدا خۆیان دەنوێنن ، بەتایبەتی لەکاتیکدا کە ڕۆلە جەنگاوەرەکانی عیراق لە قادسیەی صدامی نەمردا دەوری مێژوویی‌و شارستانی خۆیان دەبینن‌و، ڕاوی لەشکری تاریکی‌و کۆنەپەرستی‌ی ڕژێمی ئاخوندەکانی ئێران دەنێن .

لەم بۆنە پیرۆزەدا بەڵێنی دڵسۆزی‌و وەفاداری بۆ سەرەکی قارەمان هەڤال صدام حسین نوێ دەکەینەوە کە سەربازی جەنگاوەری ڕێگەی پاراستنی شەرەف‌و کەرامەتی خاك‌و نەتەوە بین.

● بە بۆنەی بیرەوەری دامەزراندنی **حزبی** بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەوە ، خۆشحالم کە بەناوی قوتابیانی هەولێرەوە گەرمترین پیرۆزبایی پێشکەش بە سەرکردەی مەزنمان هەڤال صدام حسین‌و سەرکردایەتی نەتەوەیی‌و هەریمایەتی حزب‌و هەموو جەنگاوەرانی قادسیەی صدام بکەم .

بەڵێن بێ کە هەمیشە لە سەرپێ بین بۆ جێبەجێ کردنی هەموو فەرمانێکی سەرکردایەتی‌و ، سەربازی ڕێگای شەرەف‌و کەرامەتی وڵات بین .

● لە یادی لە دایك بوونی دەنگی ئازادی نەتەوەی عەرەب‌و ، ئەو تیشکەی کە جیهانی تاریکی ئەم ناوچەیەی ڕووناك کردەوە ، لە یادی دامەزرانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستداو ، لەم قوناغەدا کە جەنگی قادسیەی دوەم - قادسیەی صدام - هەموو بیرورا پیرۆزەکان وەر دەگێڕێتە سەرباری جێبەجێ کردن.. لەم ڕۆژەدا پەیمان بۆ سەرکردەی گەورەمان قارەمانی ڕزگاری نەتەوە هەڤال صدام حسین نوێ دەکەینەوە کە سەربازی دڵسۆزو بە وەفای حزب‌و شۆڕش بین‌و ، ئامادە بی خۆمان دەر دەبڕین کە لە هێڵەکانی پێشەوەی جەنگدا گیان بەخشین .

جاسم محمد حمید
لێپرسراوی لیژنەی یەکێتی قوتابیان لە کولیجی ئاداب - زانکۆی صلاح‌الدین

● بە بۆنەی یادی دامەزراندنی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەوە ، پیرۆزبایی گەرم لە سەرکردایەتی سیاسی بە سەرۆکایەتی هەڤالی سەرکردەمان صدام حسین دەکەم‌و ، پەیمانی دڵسۆزی دوبارە دەکەینەوە ، کە سەربازی ڕێگای پاراستنی شەرەفی خاك‌و نەتەوە بین .

وفاء عبداللطیف عباس
قوتابی - کۆلیجی ئاداب

Institut kurde de Paris

رۆح سووکی نووسەر

نووسین کردارو دەسکەوتو خۆشەویستیە، ڕاوەستانێکی پاکیزەو کەلەمێردیە لەگەل گشت پێودانگێکی راستیو خێرمەندیو خۆشەویستی ومرۆڤایەتیو جوانیدایە... نووسەری رەسەنیش دەنگی راستگۆیو شەرەفمەندیە.. ئەو دەستەیە کە دانەوێلەو گوڵو ئاو پێش کەش دەکاتە خەلکیو گشت خەلکیی، ئەو مێردە شۆڕەسوارەو خاوەن باڵا پر کەلەمێردیو جوامێریەیە .. نووسەری راستەقینەو رەسەن لەناوەراستی جیهاندا چەشنی سەرکەشیی کێوو درەخت رادەوەستێ و بەر و سێبەر بە کەسانیدی دەبەخشێ، قوولەیێکی درەوشاوەیە دڕ بە تاریکیی دەداو هەمیشە دەستی یارمەتی و کۆمەك کردنە، دوورە لە خۆپەرستیو کینەو بوغزو رقەبەرایەتی کەسانیدیو خۆسەپاندن بەسەریانەوە.

ئەوەتا .. نازم حیکمەت.. دۆستو هاوڕێی کەسانیدی بوو، کاتێك خۆی بەدەم جەزرەبەی بەندیخانەوە دەبناڵاند، باوەڕی بەوە هەبوو پێش هەموو شتێك دەبێ نووسەر وەکو مرۆڤێك یارمەتی بەندیکان بدات بۆ رزگارکردنیان لە نەخۆێندەواری، ئەوە بوو رزگاریانی دەکرد، هەروەکو « نیرۆدا » لە جەنگی میللی ئسپانیادا، کۆمەكو فریای برینداراەکان دەکەوتو تیماریانی دەکرد، لێ قەوماوانی دەگواستەوە، داڵدەی راکردوەکانی دەدا ..

ئەمەش چارەنووس نییە کە نووسەری رەسەن لەنگەرو قوولەو سێبەرو درەختو بەر و دەستی یارمەتیو کۆمەك بێ بۆ کەسانیدی، بەگوێرەی ئەوەی دەبێ باوەڕی بە مرۆڤو پەیامی مرۆڤایەتی هەبێت، تەمەنە کەمخایەنو تەمەنە کەمخایەنو تیژڕەوەدا کە پێی دەووترێ ..ژیان.. نووسەرانیش لە بەرایی یەوە هەتا دوایی پێشرەوی مرۆڤایەتین، ئەم پێشرەوەش دەبێ بەردەوام پتر ئەمەکداری خۆشەویستیو مرۆڤایەتی بێتو باوەڕی بە مرۆڤو پێودانگی جوانو گشت بیرو باوەڕێکی شەرەفمەندو ئازایانەو خێربەخشی هەبێت ..

لە یاداشتەکانی «هێلین سامیوس » بێوەژنی نووسەری گریکی کۆچکردو « نیکۆس کازانتزاکی » دا، رووخساری مرۆڤانەی رەسەنی ئەم نووسەرە مرۆڤە دەدرەوشێتەوە، دەژیا بۆئەوەی بنووسێو لەپێناوی مرۆڤدا تێدەکۆشا.

هێلین سامیوس دەڵێ :ـ

«سیو سێ ساڵم لەگەڵیدا گوزەراند وەکو ژنو هاوڕێی ڕێگای، بیرم نایەتەوە رەفتارێکی کردبێ پێی دڵگران بووبێتم، یان رۆژێك لە رۆژانو بەدرێژایی ئەو ساڵانە خراپەی لەگەڵدا کردبم، یان بەشێوەیێکی نامرۆڤانە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردبم، .. دڵناسك و مرۆڤو بەشەرەفو رۆحسووك بوو ... ناخی پر بوو لە پاکیی فریشتەو مناڵانە، کەسانیدی خۆش- دەویست، ئەوەی لە ووزەیدا هەبوایە بۆ یارمەتیدانی ئەوانەی پێویستیان بەیارمەتی هەبوو دەیکردو هەرکەسێك لە دەرگەکای بدایە یان پەنای بۆ بردبایە ..

هەمیشە پێدەووتم :ـ

« گرنگ ئەوەیە مرۆڤ شتێك بۆ کەسانیدی بەجێبهێڵێ ... ئەگەرچیش رۆژانی تەمەن هەرچەنێ کورتو کەمخایەنیش بێت.. جگە لەخۆشویستنی کەسانیدیو رووناك کرد ـ ئەوەی ڕێگایان وەهۆڵدان بۆ بەختەوەریان چیتر نامێنێتەوە .. »

سەبارەت بەو دوا رۆژانەی کە لە تەك مێردە کۆچکردوەکەیدا بەسەری ـ بردوە هێلین دەڵێ :ـ

« لە دوا رۆژەکانیدا پێی دەووتم : ـ

ـ ئێستاکە سەرلەنوێ لەو زەردەپەڕە پاییزیەیدا دەژیم، کە بە رۆحسووکیەوە وەکو ساوایەك لەگەل بەشی یەکەمی کتێبە تازەکەمدا « نامەیەك بۆ گریکۆ »، « کیژم بیخوێنەرەوە، بیخوێنەرەوە تا گوێرادێرم .. » چەند لاپەرەیەکم لێخوێندەوە، کەچی توانای تەواوکردنیم نەبوو، قاژەیەك بەرەو گەرووم سەرکەوت .. بۆ یەکەمجار بوو ـ نیکۆس ـ باسی مردنی دەکرد .. هاوارم کرد و دڵتەنگیی هەرەسی لێبڕیم :ـ

ـ بۆچی دەنووسی هەروەکو دەڵێی دەمریت .. ؟

لەبەرخۆمەوە پرسیم :ـ

« بۆچی ئەمڕۆکە بۆ مردن خۆی بەدەستەوەداوە ؟

بە بێهیچ بێوورەییەکەوە وەڵامی دامەوە :

ـ نەخێر هاوڕێکەم نامرم .. دڵگیر مەبە » .

ـ دیسانەوە بەدەنگیکی نزمترەوە ووتی :ـ

ـ پێویستیم بە دە ساڵی دی هەیە .

ـ دەستی درێژکرد و ئەژنۆمی گرت ، ووتی :ـ

ـ دەی ئێستاکە ، بیخوێنەرەوە کە چیم نووسیوە ؟

نکوولی دەکرد لە هەست ـ کردنی بە نزیك بوونەی مردن لەپێش مندا ، بەڵام دەشێ لەناخیەوە پێی دەزانی ، دەسا بۆچی ئەو بەشەی « بەشی یەکەمی دواییین کتێبی نامەیەك بۆ گریکۆ » ی خستە نامەیەکەوەو بۆ ـ بندیلی بریفیلاتی ـ هاوڕێ نارد تێدا دەڵێ :ـ

« هێلین نەیتوانی ئەم لاپەڕانە بخوێنێتەوە ، دەستی بە گریان کرد ، بەڵام بەهەرحال شتێکی چاکە چاکە گەر خۆت لەسەری رابهێنی .. هەروەها منیش لەسەری رابێم ..

.. نیکۆس کازانتزاکی.. لە تەمەنێکی پرچەرمەسەریدا چەند شاکارو بەرهەمی نایابی وەبەرهەم هێناوە ، لەوانە .. « زۆربا » « برا دوژمنەکان » ، «مەسیح سەرلەنوێ لە خاچ- دەدرێتەوە » ئەمانە هەموویش وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی زۆربەی میللەتانی دونیا .. هەروەها « ٣٣٣٣ » بەیت شیعریشی نووسیوە ..

ئەنجاش خۆشی بەحاڵی ئەو مەزنانەی هەمیشە بۆ خزمەتگوزاری مرۆڤایەتی درێخیان نەکردوەو بەردەوام شاکاری نەمریان وەبەرهەم هێناوەو کتێبخانەی مرۆڤایەتیان پێ دەوڵەمەند کردوە هەی گۆڕەکانیان پر لەنوور بێت ..

گۆڕینو پوختەکردنی :ـ
غفور صالح عبدالله

کاروانی مەهابادی

١

هۆیێ بلەزە کاروانێ مە ...
بەڕە ڤانێ ڤەژینا مە
دا بگەهیتە قوناغێ ...
دا بگەهیتە هیڤیا ...
«قازی» بو دکرە گازی
لەها بادێ

٢

لەها بادێ
هەمی ڕۆژا ...
دیارو بلند دبشکوڕن
.. دگرنژن
تەڤ نە پەنی ..
... تاریو مژن
ئەو کە ڤوتێن .. بەلگا بو وا ..
نە هە ژنین .. نەخەملینن
ئەو دێ سوژن
کە ڤوکێن .. بو وا نە خوینن
... دێ ڤەکوژن

٣

هەیی و نەیی
... بێ دادیبە
یا پر کوڤانە پر خمە
دادی نەوێریت ب پەیڤیت ..
... ب سەردا پەردێن پرنەمە
دستارێ مەژی نەوێریت
.. دانێ دادیێ بهێریت
... ب دەتمە
چونکی مەهابادا بویە ...
.. چەروانەو لیس
بو کوڤانا ...
بو خمێن پیس
چونکی برا ...
لەزو بزاڤ
.. خوهو خوناڤ
... جانو ژیان گوری کرن
بێ باوەری بوانا ـ مرن ـ
لدەف وانا کارەکی خارە .
چونکی برا ...
کوشتنو سەرژێڤەکرن
گرتنو سێدارەکرن
ژواراکارە .
چونکی برا ...
کەسێ بێژیت
بوچی من ژیانا هویە ؟!؟
... ئەوی چویە .
یێدژی کوڤانو خەما
بتنێ بووا ..
خەباتێ نەکەت .. ئەوەنەما .

٤

ئەڤجا برا ...
دڤێ دەستا تێکدا بکەین پێژان
... ب کەین زنجیر
گێسنا بکەین چەقوو شیر
دارکەڤرتا .. ب کەینە تیر
دڤێ برا ...
بو نەخوشیو تەنگاڤیا ..
... سینگێن خو بکەینە مەتال
بکەین چیا
دڤێ برا ...
بو مژو تاریا خرا
.. خو بکەینە خەتیرو چرا .
داکو دوژمن .. ئەڤی واری
بو خو نەکەت ..
ئاڤو پاری ..
ئاڤو پاری ..

هیڤیدار هروری

کەلەپوور

پارچە شیعرێکی فۆلکلۆری

هەموو میللەتانی دنیا شایازی بە کۆنینە میللییەکانو بە کەلەپووری خۆیانەوە دەکەن . کاتێ چاو دەکەنەوە ، ڕادەپەڕنو رەنگ بۆ ئایندەیەکی لەبارترو پیشکەوتوترو پێگەیشتووتر دەکێشن ، ئەوەی بەر لە گشت شتێ سەرنجیان بۆی بچێو بە تەنگیژەبن زیندوو کردنەوەی لایەنە گەشەکانی مێژوویانە .. بە رووداوو بە ئەدەبیاتو شەنەماتکاریانەوە .. تاکو بۆ ئایندەیان کەلکی لێوەربگرنو کۆن بەنوێوە ببەستنەوە .. جا ئەدەبی فولکلۆری هەر ئەتەوەیەکیش تا رادەیەکی زۆر رەنگدانەوەی باری سایکۆلۆژیو شێوەی ژیانو گوزەرانو ئاواتو ئارەزووی ئەو ئەتەوەیەیە لەو قۆناغەدا کەتیایدا سەری هەڵداوە .. چونکە ئەو ئەدەبە بێگومان زۆر ڕەسەنو خۆماڵییەو دوورە لە کارتێکردنی هەندەرانەوە .. زمانی حاڵی خاوەنێتی..لە دەروونێکی پاکەوەو بە نیازێکی پاك سەری هەڵداوە ..

داخی داخانم .. کەسانی وەك «برایانی گریم » لە ناو ئێمەدا هەڵنەکەوتن هەتاکو بەر لەوەی شارستانیەت بە خۆیو رادوێو ریکۆردەرو تیڤیو ڤیدێویەوە .. بەیتو باڵۆرەو مەتەڵو داستانو حیکایەتەکان لە دەم باپیرەو حیکایەت خوانەکان وەربگرێو تۆماریان بکات .. ئێمە درەنگ فریا کەوتین .. دیارە ئەم درەنگ فریاکەوتنەیش هۆی خۆی هەیە .. بۆیە کەسانی وەك « ئۆسکارمان » زیاتر نرخی ئەو ئەدەبیان زانیوەو لە دەم بەیت بێژانێکی وەك « رەحمان بەکر »یان قۆستۆتەوە .. لە فەوتانیان قورتار کردووە..درود بۆ گیانی پاکیان ..

بەڵام ئێستاکەش نەچووە بچێ .. بە گەڕانو گوێ گرتنو پشکنین دەتوانرێ شتێ بە شتێ بکرێو زیان لە نبوەشی بگەڕێتەوە هەر چاکە ..

ئەم هۆنراوە فۆلکلۆریە .. تەراژیدیایەك دەگێڕێتەوە هێجگار فرمێسك هێنە..تازە راوچیەك دەست دەداتە تفەنگو دەداتە کێو بە دووی نێچیردا .. ئەم یاڵ ، ئەو دۆڵ ، ئەو بەندەن دەگەڕێ تا تەواو شەکەتو شەڵاڵ دەبێ .. ئەمجا لە پەو روو دەکەوێو خەو لای لێ دەبڕێ . کە رادەپەڕێو بە ئاگادێتەوە .. لە دوور تارمایییەك بەدی دەکات بەکێوی تێدەگات .. پەنجە لەسەر ماشەی تفەنگەکەی توند دەکاتو نێچیر دەپێکێ .. کاتێ دەگاتە سەر نێچیرو تەماشای دەکات دەزگیرانەکەیەتی !.

لە خوێندا دەگەوزێ ! . جاوەرە قیامەت هەڵنەسێ .. سەر باری ئەوەیش دەزگیرانەکەی پێی دەڵێ :

پەنجەت نەڕزێ چون هەژدە جاران
نێچیرت پێکا وەڕووی شکاران

هێشتا کچەی لە خوێنی خۆیدا شەڵاڵ وادەکات کوڕە نەغەزرێو خەم نەیباتەوە .. بەوە دڵخۆشی دەداتەوە کە دەستی راستو نیشانچی بووەو لە مەبەستی داوە ..

ئەمە مەبەستو مانای هەڵبەستەکەیە ، بەڵام داخم ناچێ گفتو گۆی نێوان کوڕەو کچە زیاترە ، بەڵام ئەوەی بۆی گێڕامەوە هەر هەندەی بیرماوە ..

ماوە بڵێم : ئەو داپیرەیەی بۆی گێڕامەوە ئێستاتەمەنی لە «سەد» ساڵی تێپەڕاندووە «خاتوون»ی ناوەو نیشتەجێی شاری سلێمانییە . ئەمەش دەقی شیعرەکەیە .

تفەنگم هەڵگرت ساقو لوول لە سیم(١)
دەرمانی شۆرە کارخانەی قەدیم(٢)
کردمەشانم وتم یاڵلا خەیر
رووم کرد لە مابەین وڵکەی گەرمەسەیر(٣)
ئەوەندە گەڕام تا پای درەنگێ
تەمام عاجز بووم پاڵدام وەسەنگێ«٤»
لە پای ئەو سەنگە بێ واسواسە بووم
کەوتم بە ڕوودا بێ هەناسە بووم
کە فەسڵێ هەڵسام وڵ وەحشیاتێ(٥)
نێچیر پەیدا بوو بە یەك سەعاتێ
دەستم ناوەبان پلەی تفەنگدا
نێچیرم هاورد وەکوڵێ سەنگدا
. . . . . (٦)
. . . . . .
کچ : پەنجەت نەڕێزێ چون هەژدەجاران
نێچیرت پێکا وەرووی شکاران
کوڕ : پەنجەم بڕێزێ چون گەلای هەنجیر
تازە سەیا بووم نەمکردبوو نێچیر(٧)

١ ـ ساقو لوول = قۆناغو لوولە ... سیم= زیو
٢ ـ دەرمانی شۆرە = بارووت
٣ ـ وڵکەی گەرمەسەیر = گەرمیان
٤ ـ سەنگ = بەرد
٥ وڵ = وەك
٦ ـ لێرەدا هەڵبەستەکە پچڕاوە
٧ ـ سەیا = صیاد ، راوچی

سلێمانی : کەمال ئەحمەد دۆلپەمووی

لە ئێرانەوە... تاڕی رانەیەکی وێران

(پێشکەشە بە ساوایەکی کوردستانی ئێران)

کە ئەستێرە لە تۆیێ ئاوی
جۆگەکانا سەری خۆی بەرز کردەوە ..
دایکێك خەریکی دەستڕازەی
بەنو خوری تێکەڵاو بوو
لە پرێکا ، دوکەڵی ڕەش بەرەو ئاسمان بەرز بۆوە ..
بەلا لغاوەی کۆرپەدا
شیری سوور بوو
چۆڕەی ئەهات
دایك نوزەی لێ برا بوو ،
دەنگی لایلابە کپ کرا

× × ×

بایەقوشەکەش تۆرا بوو
کەلاوەکان هەندە زۆر بوون
سەردانیان بۆی زۆر گران بوو
هەر چیت ئەدی هەر وێران بوو
تەنانەت گۆڕەکەی مامە سەیی
چۆڕاوگەی خوێن لە لای مەیی

× × ×

هاتە نزیکم پێی وتم ، وا پایزە
بە ڕوەکەی لا مال گەییوە
پێت نەگوتم ئەی ئازیزە
کە گۆیزو بەڕو بەردات
ئەگەر ئێنەوە بۆ وڵات ؟
بابە ئەمسال ساڵی منە
بەڕووگۆیز دباری منە
تانەمبەیتەوە لای ئەوان
پێلوم ناخەمە سەر چاوان
کۆرپەی شیرین !
لە باخچەی ڕازاوەی ژینا ..
چرۆی تازە سەر دەردێنێ ..
کۆرپەی هیوای ژینی
نوێمان بزە دەکا ..
هاکازانیت
گر لە گیانی ستەم بەربوو ..
بڵێسەی سەند ..
ئەوسا دەنگی ئەوەی نوێمان
هێرش دێنێو
ڕادەماڵێ پەرژینو بەند !

غەریب رەووف

Institut kurde de Paris

سەرەکی فەرماندە : پاشماوە

خەونێکی پاشکەز بوونەوەلەم بنەڕەتانە یان ئەم پەیوەندیە هیناوە کاتێ توانادەبێ یان روانین رۆژێ لە رۆژان لە بەردەم لێپرسراواندا ئاڵۆز دەبێ بەرامبەر ئەم بیروباوەڕانە ، بەڵام قەناعەتمان بەوە هینا کە فەرەنسا لە روانینی واقعیدا بەم لایەنەدا دەروات ، کە سیاسەتی فەرەنسا لەو کاتەدا نیشانەی ئیجابی وای لێوە دیاربوو ، دڵنیابین لەوەی بە دۆست هەڵیبژێرین .

کەواتە فەرەنسا بەم سیفاتانەوە بەرامبەر لایەنی بەرامبەریو عیراق دەوڵەتێکی سەربەخۆیە هەمیشە تەقەللای ئەوەدەدات سەر بەخۆیی خۆی پتەو بکاتو بۆ گەلەکەی ژیانی سەربەستی پیرۆزی دەوێ هەروەك هەمان هیوای بۆ گەلو نەتەوەکانی تر هەیەو بە پێوانەی بەرپرسیاری پێشکەوتوی نمونەیی سەرنجی ژیان دەداتو زۆر بە تەنگ ئەوەوەیە کە سلوکی عیراق نەك تەنیا ناکۆك نەبێ لەگەڵ یاساکانی سەردەم بەڵکو بە تەنگەوەهاتنی دەگاتە ئارەزوو تەقەللادانی بەشداری کردنمان لە دروست کردنی ئەو یاسایانەو لەگەڵ مرۆڤایەتیدا بەشداری لە پتەو کردنو بەهیز کردنی یاساکانی پێشکەوتنی بەختەوەری مرۆڤایەتی بکەین بۆ چەسپاندنی ئاشتیو سەربەستی لە سەر زەمین.. کەواتە ، بەم مانایە عیراق سەربەخۆیی فەرەنسا پتەودەکاو هەردووکیان لە پێناوی بەختەوەری گەل لە فەرەنسا و لە عیراق گرنگن .

هیوای ئەوەشمان هەیە، ئەم شێوازە ئیجابیە پەیوەندی فەرەنسی عەرەبیش بگرێتەوە نەك هەر عیراقو فەرەنسا ، ئێوە دەزانن ، کاتێ دابەشی لەهەر گوشەیەك لە گۆشەکانی جیهاندا بۆ دەستەڵاتی نێوان وڵاتە گەورەو مەزنەکان بوو ، فەرەنسا مەیدانی راستە ـ قینەی لە بیناکاری پەیوەندی خاڵی لە روانینی ئیمپریالیانەو پەیوەندیەکانی بەو جۆرەی سوودی گەلی فەرەنسای تیا دەبێ نابێت، واتە لە هەر کوێیەك دەستەڵاتو دابەشکردنی دەستەڵات بوو فەرەنسا بەشی ئاشکرای نابێ مادەمێکی فەرەنسا هەوڵی ئەوە دەدات سەربەخۆبێتو مادەمێکی هەوڵی ئەوەدەدات لە پەیوەندیەکانیا لەگەڵ گەلاندا ئیمپریالیانە نەبێت .

ئێوە دەزانن ، لە نیشتمانی عەرەبیداو بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا ، نیشتمانی عەرەب لە هەندێ بەشیا وای لێهاتووە ، وەلای دابەشی بوە بۆ هەندێ هیزی دەوڵەتان کە دەیانسن کەواتە فەرەنسا ناتوانێ . بچێ بۆ هەموو وڵاتێکی عەرەبی بەبێ جیاوازی ... فەرەنسا ناتوانێ پەیوەندی فراوانو بە قەوارەیەکی گەورە لەگەڵ هەموو وڵاتە عەرەبەکان بەبێ جیاوازی دابمەزرێنێ ، بەڵکو زۆر تێکەڵی فراوان هەن کە نایەڵن فەرەنسا ئەو جۆرە پەیوەندیە قەوارە گەورانە دابمەزرێنێ ، هەرچەندە ئەگەر کار لە سەر بنەڕەتی ئارەزووی فەرەنسا سەیر بکرێ فەرەنسا حەز بکا ئەو قەوارە گەورەیەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ هەموو وڵاتە عەرەبیە ـ کاندا بێ جیاوازی دابمەزرێنێ ، بەڵام کاتێ فەرەنسا پەیوەندی لەگەڵ عیراق دەبەستێ ، قەوارەی پەیوەندیەکەو جۆری پەیوەندیەکەو ڕێگای دەربرینی بە شێوەیەکی موتڵەق لەناو عیراقدا بریاردەدەین و هیچ تاسیریکی لایەنی دەوڵەتانی لەسەرنیە کە ئەم پەیوەندیە تەسك یان دیاری بکات یان ڕێکی بخات یان دەست بخاتە جۆری قەوارەی .

● بەختەوەری مرۆڤ ●

کەواتە ، عیراق دەتوانێ بەشداری لە بڕەوپێدانی ئابووری فەرەنسادا بکات هەروەك فەرەنسا دەتوانی بەشداری لە بڕەوپێدانی ئابووری عیراقدا بکات .. بەشداری بکاو عیراقیش بەشداری لەمەیدانەکانی تردا بکات .. لەسەر ئەم بنەڕەتە ، پەیوەندی نێوان فەرەنسا و عیراق هەر بە تەنیا لەوەدا بێویستنیە کە سەربەخۆیی هەردوو وڵات پتەو دەکات بەڵکو پێویستە بۆ بەختەوەری مرۆڤیش لە هەردوو شوێندا ... هەر بەم جۆرەش بنەڕەت بۆ هەموو وڵاتێکی دۆست دانراوە کە ڕێزی عیراقو بەختەوەری مرۆڤو سەربەستی بگرێ لەم وڵاتەدا ... لە عیراقدا ڕێزی سەربەخۆی عیراقو دەستەڵاتی لە سنووری دەوڵەتیا بگرێ .

لەبەر ئەوە ، تکایە بە پەلە مەبن بۆ گەرانەوە بۆ فەرەنسا تا ئەوەندە راستی بزانن لەسەر ئەم وڵاتە بەس بێ بۆ ئەوەی واتان لێبکات بتوانن ئەو بیرورایە بدەن کەبێ رازین مەوزوعیە دەربارەی پەیوەندیەکانی عیراقو فەرەنسا ، بێگومان ئەگەر ویستان بە پەلە بڕۆنەوە بۆ فەرەنساریگاتان لێناگرین ، بەڵام پێشنیارتان بۆ دەکەین کە درێژترین ماوەی لە توانادا بوو میوانمان بن ، بەبینینی بەرەی جەنگ دەربرینی راستی ئەوەبە لە عیراقدا هەیەو حاڵەتێکی لە ١٩٦٨وە تا ئەمڕۆ ڕێدەبڕێ .. لەسەر ئەم بنەڕەتە بە تەنگ ئەوەوە بووین نوێنەرانی راگەیاندنی فەرەنسا هەر خویان بێنو ئەوە ئاگادار بن لەم وڵاتە دەبانەوێ .. ئەمە ئەو پێشەکیە بوو ویستم لەماوەیەوە لایەنێکی گرنگی روانینمان بۆ پەیوەندی عیراقو فەرەنسا روون بکەمەوەو ئەگەر پرسیارتان هەیە ئێمە ئامادەیی وەڵام بدەینەوە .

بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیریو راگەیاندن : بەڕێز سەرەکی فەرمانده ، سەرەتا ، دۆستان داوایان کرد کە ئەو دامەزراوانە دیاری بکرێ کە نوێنەرایەتیان دەکەن ، نوێنەرانی : ئاژانسی مەرکەزی ڕۆژنامە نووسی فەرەنساو گۆڤاری نۆڤیل ئوبزفاتۆرو هەردوو بەشی یەکەمو سێیەمی تەلەفزیونی فەرەنسیو ڕۆژنامەی : لوفیگارۆو فرانسوارو رادیوی فەرەنساو گۆڤاری (الفارس المتحر)و مەتبەعەدی راهێنانی ڕۆژنامە نووسیو ئافریك ئازیو ئاژانسی ڕۆژنامە نووسی فەرەنساو سەرەکی کۆمەڵەی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست .

سەرەکی بەڕێز : پرسیارەکان لە چوار لایەنەوە دارێژراون ، جەنگو پەیوەندی لەگەڵ فەرەنساو چالاکی ئەتۆمیو سیاسەنی عەرەبی .

لایەنی یەکەم : لەکاتی پەلامارەکەی ئەم دواییەی ئێراندا ڕژیمی ئێران ژمارەیەکی زۆری سەربازی خستە مەیدان ، ئایا لەو باوەڕەدان تاران دەتوانێ لەسەر ئەم تەکنیکە بروات .

چۆن لە بریاری کشانەوەی ئەم دواییەی هەندێ هیزی سوپای عیراق دەگەین ، ئێرانیەکان دەڵێن هەندێ کیلۆمەتر هاتونەتە پێشەوە ، ئایا لە سنووری عیراق نزیك بونەتەوە ، ئێران هەموو پێشنیاریکی ئاشتیان ڕەفز کرد ، کەواتە ئەم شەڕەچۆن دوای دێ .. ئایا لەو باوەڕەدان ئەگەر ئێرانیەکان هاتنە سنووری عیراقەوە یارمەتی عەرەبی بێتو ... ئایا ئێوە رازین لە هەڵویستی عەرەب ... ئایا لەو باوەڕەدان شەری نێوان عیراقو ئیران لە نێوان دوو تێگەیشتندایە یەکێ علمانیو یەکێکیتر دینی ... ژمارەی متەطەوعە عەرەبەکان چەندن ... بەشداری ئەوان لەم شەڕەی عەرەبەکان چەندن ... بەشداری ئەوان لەم شەڕەی دوایدا چەندە ... بیروراتان بەرامبەر ڕەنگدانەوەی شەری خەلیج لەسەر ڕیزی وڵاتانی بێلایەن ، ئایا عیراق یارمەتی بەربەرەکانی کارانی ڕژیمی خومەینی دەدات، ئەی دەربارەی یارمەتی (ئیسرائیل) بۆ ئێران.. ئایا بە درێژی باسی ئەم یارمەتیە دەکەن بەتایبەتی لە لە رووی چەکدار کردنەوە :

● دەستناخەینە کاروباری ناوخۆی هیچ وڵاتێکەوە ●

ئێوە چۆنە بەرەو سووپای عیراقو کۆبوونەوەی سووپای عیراقتان بینیو تواناو خۆراگرتنیتان بینی .. .. بێگومان لەوێ لەسەرکردە سووپایەکانیشتان پرسیوە جا بۆئەوەی راو نینمان جیانەکەینەوە وەڵامی هەندێك پرسیار پێکەوە دەدەمەوە تا وێنەکە ئاشکراو روونبێت ، هەرچەندە ئەو ەی ئەیڵێم باری سەرنجی ئاشکرامانە لە سەرەتای جەنگەوە تا دوا نامەکەمە کە ناردم بۆ سەرکردەی فەیلەقی چوارو جەنگاوەرانی .. ئێوە ئەزانن ئێمە لایەنی ئێرانیەکانمان وەك گەل گرت لە هەڵبژاردنی ئەو ڕێگە یەی ئەیانەوێ کە دەربڕینی خواستیانو ئەو ڕژێمەی کە مەبەستیانە دەربڕی .. لەبەرئەوە لەچوار چێوە سەرنجدانی مرۆڤو ئەو مافەدا کە بۆ هەڵبژاردنی ژیان هەیەتی ئێمە حەزناکەین دەستبخەینە کاروباری ناوخۆی ئێرانو هیچ وڵاتێکی تری جیهانەوە .. لەوانەیە لەرووی مرۆڤانەوە سەرنجمان هەبێ بۆ سیاسەتی ئەم دەوڵەتە یاخود ئەوەی تر ئەم تەماشاکردنەش والێناکەین سیاسیەتێ دەری بڕێ کە رامانبکێشێ بۆ ئەوەی دەستبخەینە کاروباری ناوخۆی ئەم وڵات یاخود ئەوەی تریانەوە .**

بەڵام کاتێك هەروڵاتێك لە دەوڵەتەکانی جیهان ویستی ئازارمان پێبگەیەنێ لەرووی ڕێزو سەربەستیمانەوەو لە هەڵبژاردنی ڕێگەی ئەو ژیانەدا کە بەپێی خواستی ئازادمان هەڵیدەبژێرین بەو شێوەو ئوسلوبەی شایەنیبێ بەرەنگاری ئەوەستین .. ئەمەمان بەرامبەر مەبەستی چاوچنۆکیو بەرفراوانیو دەستخستنە کاروباری ناوخۆمانەوە لای ڕژێمی خومەینیەوە کرد ..ئێوە عیراق ئەناسن.. وڵاتێکە دانیشتوانی چوارده ملیۆنە .. دانیشتوانی (١٤) ملیۆن خەڵکەو پانتاییو سروشتی جوگرافیایی ئەوە ئەزانن .. ئابوریەکەشی ئەزانن و بیناکاری نوێشی هەر ئەزانن .. بایەخدارترین شتی بیناکاری نوێکەشی ئەوەیە چۆن مرۆڤ ئەژیو چۆن ڕەفتار ئەکات .. دیارە شتێك دەربارەی وێنەی عیراق پێش شۆڕشی تەموزی ساڵی ١٩٦٨ ئەزانن. ● ماوێتی ●

وتەی (هاوکاری ـ پاشماوە

پێ کردوە ئیتر هەتاهەتایە دەستی لێهەڵناگرێ و هەر بەرەوپێشەوە دەروات ، بۆیە لە ٢٢ی ئەیلولی بیست مانگ لەمەوبەردا ، گەلی عیراق لە زمانی سەرکردەی لێهاتوویەوە صدام حسین بریاری دا ئەم ڕاستیە بەدەستێکی پۆلاین لەو دوژمنە دڕندەو ڕەگەز پەرستو چاوبرسیە بگەیەنێت . بەربەچی دایەوە ، عیراق سەرکەوتو دوژمن شکا ، شکا تارادەی بە پەنگ بوون ، بەڵام،چونکە دوژمنێکی مێژ ووبی ڕەگەز پەرستو قین لە دڵە ، وازی لە هەڵویستی نارەوای خۆی نەهینا ، هەرچەند ، عیراق هەر دوای چەند ڕۆژێ لە دەستخستنی سەرکەوتنی ر اسەقینەی،لە مەوقعی هیزو باوەڕبوون بەخۆیو بۆ ڕێزی دراوسێیەتیو هەڵویستی پاکی لە پەیوەندی نیو دەوڵەتاندا رای گەیاند کە : چاوی لە دەست بەسەردا گرتنی خاکی ئێرانو زیان گەیاندن بەگەلانی ئێرانەوە نیەو ئەوەی دەیەوێت مافی ڕەوای خۆیەتی لە سەربەرزیو سەربەستیداو دەست وەرنەدانە لە کاروو باری ناوخۆی،لەم دوانگەیەوە عیراق ئامادەیە بۆ شەڕ وەستاندن ، بەڵام فارسە ڕەگەز پەرستەکان ، هەموو سەرەرای شکاویشیان ئەم هەڵویستە شەرەفمەندیە بەبێهیزی تێدەگەیشتن سەرەرای ئەوەی وژمنەکانی سەربەستیو عیراق لە بە جنسیە عەرەبەکانی وەك حافظ اسدی بەکرێ گیراوو زایونیو ئیمپریالی جیهانی » هانی ڕەگەز پەرستە فارسەکانی دەداو دەیدات بۆ درێژەدان بە شەڕ بەڵام عیراق، نەترساو نەسڵەمیەوەو ملی کەچ نەکردو نایکات ، هەرجاری دوژمن سەری بەرز کردایەتەوە ، دەستی پۆلاینی جەنگاوەری عیراق دەیکردەوە بە کوندا ، بەمجۆرە ماوەی بیست مانگە، ئێمە هەر سەر دەکەوین و ئەوان هەر دەشکێن ، ئەگەلیاندا دۆستە دێرنیەکانیان لە بەکرێگیراو داخ لە دڵەکان « اسدی بەکرێگیراو بە جنسیە عەرەبەکانی ترو زایونیەکانو ئیمپریالیەکان » دەشکێنو دەشکێنەوە .

عیراق هەستاوەتەوە ، تا بەرەو لوتکە بروات ، بەرابەری سەرکردەی دلیر صدام حسین و لەبەر ڕووناکی بیروباوەری حزبی سەرکردەدا حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست ، عیراق هەر سەرکەوتو دەبێت ، گەلی عیراق بە کوردو عەرەبو کەمایەتیە براکانیەوە ، هەر سەرکەوتو بەهیز دەبێت ، سەرکەوتو بەهیز دەبێت بە پەکیتی نیشتمانی سەختو پتەوی ، بە باوەڕی بە پێشکەوتنو سەرکەوتن ، بە رابەری سەرکردەی مەردی ڕۆڵەی بەوەفای گەل صدام حسین هەر بەرەو لوتکە دەروات .

● هاوکاری ●

لە یادی ـ پاشماوە

باوەرو داهێنانەیان دەست پێکردوە کە جەنگی عیراق دروستی کردو بانگەوازی قۆناغی نوێیە کە هەموو نەتەوە دەگرێتەوە بۆ بەرپەچدانەوەی پیلانەکانی دوژمن .

هەروەها ئەوەی دووپات کردەوە کە سەرکردایەتی بە بەهرەو لێهاتوو لە شەخسیەتی هاوڕێ صدام حسینداا شتێکی نوێیە کە هوی تەواوی یەکیتی گەلو راپەرینی بوو تا دەستخستنی سەرکەوتنو پارێزگاری کردنی گیانی ئەو سەرکەوتنەو بەردەوامی .

دیسان ئەوەی دووپات کردەوە کە جەنگی عیراق سەرەتای پێگەیشتنو بەرهەمو بەخشینە .

ئێران ـ پاشماوە

شۆڕشی زانیاری کشایەودو وازی لێهێنا .

خومەینیش (حوججەتول ـ ئیسلام) عەزیزولڵاڕ خوشوەری لە جێگای کەنیدا دانا لە ئەندامێتی لیژنەی ناوبراودا .

ئێستگەی تارانیش ڕۆژی دووشەممەی ڕابوورددو بلاوی کردەوە کە هێزەکانی بەرهەڵستیی پاسدارەکانی خومەینی لەم دواییەدا لە پایتەختی ئێراندا بەگژاچوونێکی چەکدارانەیان لە نێوانیا ڕوودا.

هەوڵدان ـ پاشماوە

دەیکەینە ئەو باوەڕە کە ئەو بەسەرهاتەی دەیبینێ بە سەرهاتێکی مێژوویی بە .. ئینجا تەکنیك دەوری باڵای خۆی دەبینێ ، بۆنموونە لە بیراویك کە پێویست دەکات ڕووخانی شارێك یا چیایێك نیشان بدرێت ، تەکنیکی سینەمایی بە تێکەڵاوی لەگەڵ دەنگ و روناکیو دوکەڵێکی ڕەناگاورەنگ ئەو مەبەستە دێتە دی بە شێوەیەکی سەرکەوتوو لایەق . . .

● هەروەها هونەرمەند فیصل محمد صالح دەربارەی دەستنیشان کردنی دەقی پوختەو دوورکەوتنە وەی ئەکتەر لە لایەنی عاتیفەی نووسەر یا دەرهێنەر لەو دانیشتنەدا پێی ووتین :ـ

بۆ ئەوەی زیاتر لەو هەستە خۆشەویستانەی شانۆ نزیك ببینەوەو کرنۆش بۆ لایەنە راستیەکەی بەرین ، یەکسەر ئەوەمان دەکەوێتە بیر ، ئەکتەر وەك کرێکارێکی سەنعەتکار دەورێکی گرنگ دەگێڕێ لە موتوربەکردنو پێگەیاندنی شانۆگەریەك ... من لەم رووەوە رایەکی تایبەتی خۆم هەیە ، بان بڵێین ئەوە رای زۆربەی زۆری ، هونەرمەندە شانۆیی یەکانە ئەویش ئەوەیە ، دوورکەوتنەوە لە عاتیفەو خاوەنی دەقو دەرهێنەر ،

ئەندامانی ـ پاشماوە

دەژمێررێت لە ژیانی سیاسی عێراقدا .

حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ، پاش ئەوەی جڵەوی حوکمی گرتە دەست کە ئەویش لە دوای خەباتو تێکۆشانێکی دوورو درێژ بوو، سەلماندی کەوا بەپراستی توانای ئەوەی هەیە کە سەرکردایەتی کەشتیی وڵات بکاتو بەرەو کەناری ئاسوودەیی بەرێتو لەوێشەوە پێشکەوتنێکی شارستانیی بهێنێتە دی ، چ لە ڕووی سیاسییەوە بێ ، یان کۆمەڵایەتی یان ئابووری .. ئەو تێڕوانینە مرۆڤایەتییەی کەوا حزب هەیەتی ، یەکێکە لەو کارو کردەوانەی کە بە هۆیەوە توانی چارەسەرێکی سەرتاپاگیری مەسەلەی کورد بکاتو ئەم چارەسەرەش سیمایەکی ئاشتیخوازانەو دیموکراتیانە لە خۆ بگرێت ، دانان بە مافە ڕەواکانی کورددا لە چوارچێوەی ئەو هەنگاوە پیرۆزەدا هاتەدی کە حزب لە دانانو چەسپاندندی ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچەی کوردستاندا بەرەو پێشەوەی نا . ئەمەش لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا ، کە ئەمەش بەرەنجامێکی تەواوی ئەو تێڕوانینە مرۆڤایەتییەیە .

● پاشان ڕووی پرسیارمان کرده هەڤاڵی بەڕێز (فاضل علی) ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانو لێمان پرسی :

پ/ ئێوە یەکێکن لە وانەی کە بەشداری جەنگی قادسیەی صدامتان کردووە، لەم ڕۆژەدا کە یادی ٣٥ ساڵەی دامەزراندنی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دەکەینەوە ، حەز دەکەین بزانین ڕاتان چی یە بەرامبەر بەم جەنگە ڕەوایە ؟

لە وەڵامدا بەڕێزی ووتی :ـ پێشەکی دەڵێم ، ئەم جەنگە کەوا بەسەر عێراقی شۆڕشدا سەپێنرا ، سەرئەنجامی نەخشەو پیلانەکانی ئیمپریالیزمو زایۆنیزم بوو ، لە بنەڕەتدا بە دەژمێررێت لە ژیانی سیاسی عێراقدا .

حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ، پاش ئەوەی جڵەوی حوکمی گرتە دەست کە ئەویش لە دوای خەباتو تێکۆشانێکی دوورو درێژ بوو، سەلماندی کەوا بەپراستی توانای ئەوەی هەیە کە سەرکردایەتی کەشتیی وڵات بکاتو بەرەو کەناری ئاسوودەیی بەرێتو لەوێشەوە پێشکەوتنێکی شارستانیی بهێنێتە دی ، چ لە ڕووی سیاسییەوە بێ ، یان کۆمەڵایەتی یان ئابووری .. ئەو تێڕوانینە مرۆڤایەتییەی کەوا حزب هەیەتی ، یەکێکە لەو کارو کردەوانەی کە بە هۆیەوە توانی چارەسەرێکی سەرتاپاگیری مەسەلەی کورد بکاتو ئەم چارەسەرەش سیمایەکی ئاشتیخوازانەو دیموکراتیانە لە خۆ بگرێت ، دانان بە مافە ڕەواکانی کورددا لە چوارچێوەی ئەو هەنگاوە پیرۆزەدا هاتەدی کە حزب لە دانانو چەسپاندندی ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچەی کوردستاندا بەرەو پێشەوەی نا . ئەمەش لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا ، کە ئەمەش بەرەنجامێکی تەواوی ئەو تێڕوانینە مرۆڤایەتییەیە .

پەیکەرێ بۆ یادی ـ پاشماوە

لە کاروباری سەر پەرستی کردنی ڕێگاو چۆنێتی ڕاپەراندنی ئیشەکەدا ، هەروەك لە پرۆژەکەدا ژمارەیەك ئافرەت هەن کە هەریەکەیان لە بواری شارەزاییو پسپۆڕیی خۆیدا ئەرکی سەرشانی بەجێ دەهێنێ ، هەر بۆ ئەم مەبەستەش توانیویانە کە هێزو توانای خۆیان بخەنە کارو چاکی لێ بکەن بەلاداو شان بەشانی براکانیان شەرەفی بەشدار بوون لەم کارە مەزنەدا بە خۆیان ڕەوا ببینن .

هەر بۆ ئەم مەبەستەش خوشکە (لمیاء رزوقی) کە سەر پەرشتیاری کارەبایی یەهستی خۆی بەرامبەر بەشداربوونی لە پرۆژەکەدا دەردەبڕێو دەڵێ : ساڵێك دەبێ لە پرۆژەی پەیکەری سەربازی وونداا ئیش دەکەم ، ئەمەش وام لێدەکا بڵێم ، شانازیە بۆ من لە پرۆژەیەکدا کاردەکەم کە مانای گەورەیی و بەرزێتیو ئازایەتی جەنگاوەران کاتێك بەرگری لە نیشتمانو زەویو شەرەفیان دەکەن ، بەدیار دەخات ، ئەمە سەرباری ئەوەی کەکارکردنی من لە پرۆژەیەکی وەهادا «کەهێمایەکی زیندووە بۆ فیداکاریو ئازایەتی » وەکو ئەوە وایە کە لەپال سەربازێکی قارەماندا دژی هەموو دوژمنێك بجەنگم .

سەرباری ئەوەی کە دروستکردنی گڵکۆیەکی ڕازاوەو سەرنج ڕاکێشی بەم جۆرە یادو نەمریی سەربازی وونو گشت ئەو جەنگاوەرانەی کە بەرگری لە خاكو ئاوی نیشتمان دەکەن ، دەخاتە ڕوو .

پەیامنامەی ـ پاشماوە

زەلکاوەکانی ئەهوارو بە گیانێکی سەرکەوتنەوە چەکی پیاوەتیان لە شانەو لە جەنگی قادسیەی صدامدا تێدەکۆشن دژی ئەو ڕژێمە بۆگەنەی تاران کە بە زۆرەملێ شەڕی هێنایە سەر گەلەکەمان . . . لە سەنگەرەکانی خەفاجیەو مەهرانو نەوسود دەنگی سەربازانی صدام حسین هەمیشە لە بەرزبوونەوەدایە ... ڕۆژ لە دوای ڕۆژ جنۆکەکانی قوم و تاران پەردەی شەرمەزاری، هەڵدەدەنەوە مامەلە بە خوێنی گەلانی ئێران دەکەن.

بەڵێ ئافرەتانی کوردستان هەر لە یەکەم ڕۆژی جەنگەوە بە هەموو تواناکییانەوە بەشداری کاریگەرانەیان کردووە لە جەنگی پیرۆزمان، جا چ لە بەرەکانی سوپای میللیبێ یا بەرگری میللی یا لە زۆر بواری ترەوە . . ئەمڕۆش بە هەزاران ئافرەتی کورد خۆیان ناونووس کردووە لە ڕیزەکانی فیداکاران بەو نیازەی کە بەشداریەکی چەکدارانە بکەن لە بەرەکانی جەنگ وەك هەموو هاوولاتیانی عیراقی ، چونکە پارێزگاری کردن لە خاك و نیشتمان شەرەفێکی گەورەیە ..

نەمریو سەربەرزی بۆ شەهیدانی جەنگی قادسیەی صدام ، کە بەخوێنی ئالی خۆیان پارێزگاریان لە خاکی عیراق کرد ...

ئافرەت ـ پاشماوە

لە ئەو ڕێیانە : ١ ـ بەردانی مێرد ، لە خۆیەوە ، وە یان لە بری شتەڵ ، وەیان بە هۆی نەخۆشی وەك شێتی .

ژیانی ژنو میرد ، کە ناخۆش بوو بە جۆرێ نەیان توانی بەیەکەوە بژین ،یاسای ژمارە (٢١) ساڵی (١٩٧٨)و ڕێزینەکانی دوای ئەو، ڕێگای دابڕاندنی داناوەو لە هەر یارێو بە چەشن پێویستی خۆی .

هەرچۆنبی ، کۆمەڵ بە یەکێتی پیش دەکەوێ ، و دابڕان دەبێ ، هەر لەکاتی ناچاریدابێ ، بەتایبەتی ، کە منال کەوتە ناو ژنو مێردو یەکبونی ، مانەوەیە ،

ودابڕان روخان ، وە ئەگەر روخاندن ئاسانبێ دورست کردنەوە ، لە توانادا نابی بە زۆری .

چاپکراوی ـ پاشماوە

دەکاتەوە کە تەنها لەپێناوی وەرگێڕاندا دەست دەداتێ، چونکە بە هیچ جۆرێك مەرج نیە داخۆ فلانە بابەت لە کام زمانەوە وەربگێڕرێ ئەوەندەی ئەوە کەداخۆ لەهەڵبژاردنی بابەتەکەیدا تا چرادەدەیەك سەرکەوتووەو ئەو کاریگەریەی دەبێ کەبە زمانە ئەسلیەکەی هەیبووە ، ئەمەش بێگومان بەهۆی ئەو سنوورەوەیە کەلەپێشەوە باسمان لێوەکرد .

لەم بارەیەشەوە (ئەدەبیبێگانان) تارادەیەکی چاك ئەو مەسەلەیەی لەبەر چاوگرتووە کە هیوادارین بۆی ببێت بەرێبازێکی هەمیشەیی .

Institut kurde de Paris

● لە ڕۆژی شانۆی جیهانیدا ●

هەوڵ دانێکی دروستی کیشەی شانۆیی کوردی لە ئاستی یەکانە

لەو ڕۆژەوەی شانۆگەری لەو جیهانە پانو بەرینەدا شوێنی پیرۆزی خۆی کردۆتەوەو بەشێك بووە لە هەڵسەنگاندنی دەردە کۆمەڵایەتی یەکانو زیندو کرد ـ نەوەی کەلەپوری نەتەوایەتیو دەستنیشان کردنی لایەنی سەلبیو ئیجابیانەی ئەو ئینسانە.... بە بابەتێکی مەزنو گرنگ ناو دەبرێتو ڕێزی لێ دەگیرێ ، بۆیە هەموو ساتێك لە بیستو حەوتی ئازاردا ، وەك مێژوویەکی چەسپاو ئاهەنگی بیرەوەری بۆ سازدەکرێ لە سەرانسەری ئەم گێتیە مێدالیای خۆشەویستی لە یاخە دەدەن ...

لە کوردوستانی لای خۆشمان ، هەمیشە ئەو دیاردەیە لە بەرچاوانەو ئەو بیرەوەریە فەرامۆش نەکراوە ، چونکە ئەمڕۆی شانۆی کوردی وەرچەرخانێکی گەشی بەخۆیەوە بینیووەو بەشداریەکی چاك دەکات لە کاروانی شانۆگەری ئەم سەردەمە... لە پاڵ مێژووو کەلەپوورو داستانە ئەویندارییەکانمان ، کارە پیرۆزەکانی شەکسپیرو مکسیم گورگیو مولێرو گەلێکی ترمان بەزمانە شیرینەکەمان بینیو تەکنیکی سەردەم بە تەواوی لە ناو شانۆگەری کوردی ئەمڕۆدا دەبینرێو سەرکەوتن وەدەست دەهێنێ .... لەو خۆ ئامادەکردنە ساڵانەی هونەرمەندانی کورد بۆ پێشوازیکردن لەم بیرەوەریە مەزنە کە دەکاتە ڕۆژی شانۆی جیهانی ، بە دیداری چەند هونەرمەندێك ئاشنابووین .

لە پێشدا هونەرمەند صباح عبدالرحمن دەربارەی ئەوەی تا چ ڕادەیەك دەتوانێ لایەنی تەکنیکی بەکار بهێنین لە داستانە مێژوویی یەکانمان تاکو لەسەر شێوازێکی زانستیانە شانۆیەکی هاوچەرخی لێبهێنینە کایەوە .. . قسەی بۆ کردینو ووتی :ـ

داستان بەشێکە لە ناوەڕۆکی زۆربەی نووسینەوە مێژوویی یەکاندا ، بەتایبەتی نووسینەوە بۆ شانۆ ، بۆ نموونە شەکسپیر کە نووسەرێکی شانۆیی چەرخی ناوەراست بووە لە ئینگلتەرە ، بەوە ناوبانگی دەرکرد بوو کە بەشێکی زۆری شانۆگەریی یەکانی باسی مێژووی دەکرد ، داستانیش بەشێك بووە لەو بەرهەمانەیدا ، ئەوەی گرنگەو ئەبێ بوترێ هۆی بەکارهێنانی داستان لەم شانۆگەریە مێژوویی یانە چی بووەو چی بۆو .. ؟ بێ گومان نووسەران لەو سەردەمانەدا ویستویانە پاڵەوان لە نووسینەکانیاندا وەك ئادەمیزادێکی ئاسایی و بێهەوڵو دەسەڵات نیشان نەدەن ، بەڵکو جێگای سەرنج ڕاکێشان بێو پەنجەی بۆ ڕابکێشرێت بەرامبەر بەتوانایی و پاڵەوانیەتی ... بۆ ئەو مەبەستەش ئەبێ توانایەکی هەرە گەورە هەبێت لە ڕووی ئەو پاڵەوانە بوەستێتو بە ئاسانی نەگاتە داخوازی یەکانی ، جا ئەبینین ئەم توانایە جارێکیان خراوەتە قالبی خواوەندو جارێك سروشتو ..هتد.. بەپێی پێشکەوتنی نووسینەوەی شانۆیی لە قۆناغەکانیدا ناوەڕۆکی داستانیش گۆڕانکاریەکی تێدا پەیدا بوو ... جا لێرەدا باسی سەرەکیمان ، بەکارهێنانی تەکنیکە لە داستانە مێژوویی کان . . ئەوەش خزمەتێکی زۆر دەگەیەنێ بە هەموو ڕووەکانی سەرکەوتن لە شانۆگەریدا.. لەبەر ئەوەی ژیانی ئادەمیزاد لەو سەردەمەدا بەستراوەتەوە بە تەکنەلۆژیا ، بەڵام بەکارهێنانی لە بواری داستان ئەبێ ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات کە بنەڕەتین . . . یەکەمیان لایەنە ڕەسەنایەتیە ـ کەیە بە هەردوو ڕووی شێوەو ناوەڕۆك .. دووەم ڕووداوە کە سەردەمە مێژوویی یە کە ئاشکرا دەکات بە کەسانو شوێنو هەموو ئەو کەلو پەلانەی بەکار هێزاوەو ، ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتی یەی هەبووە .

سێیەم : ـ شوێنو کاتی ڕووداو بە هەموو ئەو هۆیە

کارتێکەرانەی کە حاڵەتێکی سایکۆلۆجی گونجاو لای بینەر دروست دەکات

بڕوانە ل : ٧

پەیکەرێك بۆ یادی



● لە شاری بەغدا ، لەبەری کەرخ .. شوێنێك لە شێوەی گردێکدا بەرزبۆتەوە، لەبنکەکەیدا کۆمەڵێك شێوەوجۆری زەخرەفی لەوێنەی چەند مەدارو بەربەستێکدا بەدی دەکرێت..لە لوتکەکەشیا شێوەیەکی بازنەیی ، کەوەکو چەرداخێك وەهایە بەشێوەیەکی لار لەسەر یەکێك لە لێوارەکانی وەستاوە .. .کاتێك بەلای خوارووی باخچەی (زوراء)دالەڕووپەری (جسری معلق)موە تێدەپەڕین ئەم وێنەیە دێتە بەرچاومان . .

لەم شوێنەدا ، کۆمەڵێك ئەندازیارو سەر پەرشتیاری هونەریو کارەبایی و کرێکاربە ئافرەتو پیاوەوە قۆلی کارکردنیان لێ هەڵماڵێوەو بەپێی ئەو نەخشەو ڕەنگ ڕێژیی یەی کەکێشراوە کاروباری پرۆژەکە ڕادەپەڕێنن . . ڕەنگە یەکێك لە ئێمە کاتێك بەوێدا تێدەپەڕێ بپرسێ، ئەبێ ئەم پرۆژەیە چی بێت؟ کێن ئەوانەی کە بە بیرومێشکی داهێنەرانەیان نەخشەی دروستکردنی پرۆژەیەکی وەها مەزنیان کێشابێ ؟!

ئەمانە کۆمەڵێك پرسیارن، پێویستیان بەوەلام هەیە. هونەرمەندی بەتوانای عێراقی (خالد رحال) کەنەخشەی پرۆژەکەی کێشاوە ، دەبارەی پرۆژەکەو بیرۆکەی نەخشەکێشانیو ڕاپەڕاندنی ـکەی دەڵێ :

ـ لەڕاستیدا بیری نەخشە کێشانی پەیکەری سەربازی وون بەم شێوەیەی ئێستای ، دەگەڕێتەوە بۆ دەساڵ لەمەوبەر ، پاش ئەوەی ئەمیندارێتی پایتەخت بلاوی کردەوە کە نیازی ڕێکخستنی پێش بڕکێیەکی هەیە بۆ مەبەستی دروستکردنی پەیکەرێکی گەورە بۆ سەربازی وون ، ئیتر ئەوەبوو ئەو نەخشەیەی کەمن کێشابووم لە نێو هەموو ئەوانی تری هونەرمەندانی عێراقیو عەرەبو کۆمپانیا بێگانەکان کێشابوویان هەلبژێردراو ، بۆ ئەمەبەستەش ناوچەی (بەشی خوارووی باخچەی زوراء) یان دیاری کرد تاکو ببێتە شوێنی ئەو پەیکەرە ، یان ئەو گلکۆیەی کە هیچ وولاتێکی ـ تر بەم شێوە گەورەو



نەمریو ئازایەتی سەربان

مەزنیبە پرۆژەیەکی وای بەخۆیەوە نەدیوە ، ئەمەش ڕێز لێنانی گەورەی سەرکردایەتیی دەنوێنێ بەرامبەری هەموو جەنگاوەرێکی عێراقیی ئازا.

هەروەها ، دەربارەی ئەو لایەنانەی کە لە کارەکەدانو ئەرکی ڕاپەڕاندنیان لە ئەستۆ گرتووە ، هونەرمەندی ناوبراو دەڵێ :

ئەو لایەنانەی کە لەڕاپەڕاندنی ئەم پرۆژەیەدا بەشدارن (چەند کۆمپانیایەکی جیهانیی و ، هەروەها کۆمپانیای گشتی بنیاتنانی خانووبەرەی عێراقی)ن . ئەمە سەرباری ئەوەی کە پێویستە لێرەدا ئەوەبڵێین کە لەم پرۆژە گەورەیەدا ئافرەت ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ ، بەتایبەتی

بڕوانە ل : ٧

شانۆی "پیرە مێرد"

تیپی نواندنی هەولێر سەربە دەزگای گشتی سینەماوشانۆ ، دستی کردبە پرۆڤە کردن لەسەر شانۆگەری (پیرە مێرد) لە نووسینی مکسیم گورکیو وەرگێرانی بۆ کوردی عبدالوهاب تاڵەبانیو دەرهێنانی بۆ شانۆ هونەرمەند زهیر عبدالمسیح، ئەم کەتەرانە بەشداری تێدادەکەن : ـ

صباح عبدالرحمن ، سعدون یونس، فیصل محمد صالح نەبەز محمد ، کەلێکی تر لە هونەرمەندانی شاری هەولێر ..

نووسینگەی هەولێر



پیرۆزبایی

لەکاتێکا کە سوپای قارەمانو پاڵەوانە نەبەزەکانمان جوانترین سەرکەوتنیان بەدەس هێناوە ، بەم هۆیەوەو بەهۆی حەوتی نیسان یادی لەدایك بوونی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست جوانترین پیرۆزبایی لە سەرەکی تێکۆشەر پاڵەوانی قادسیەی صدام ئەکەین داواکارین لە یەزدان هەموو ساڵێك یادی ئەم ڕۆژە پیرۆزە بکەینەوە .

ئەمینداری گشتی ئەوقاف
بشیر عبدالرحمن ئەتروشی

لە بیرەوەری (٣٥) ساڵەی جەژنی لەدایك بوونی حزبی سەرکردە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستدا دڵسۆزیو پەیوەندیمان نوێ ئەکەینەوەو پیرۆزبایی و هیوای کامەرانیو سەرکەوتن بۆ سەرەکی تێکۆشەر صدام حسینو سوپای قارەمانمان ئەخوازین .

پەیمان خالص رشید
سەرەکی یەکێتیی ئافرەتانی عێراق هەولێر

مۆسیقا سروودی دەروونم

● تیپی مۆسیقای « خانزاد » کە سەر بە یەکێتی ئافرەتانی عیراق لقی هەولێرە بەردەوامە لە چالاکیەکانیداو کۆمەڵێ کچۆڵەی بە بەهرەی نیا کۆبووتەوەو ، تائێستا چەندین بەرهەمیان لە ئاهەنگە نیشتمانییەکاندا پێشکەش کردوە ..

« اخلاص حسن »، یەکێکە لەو کچە چالاکو بە بەهرانەی کە ئەندامی ئەو تیپەن . .

ـ یەکێتی ئافرەتان ، دەرگایەکی باشی بۆ کردوینە

ـ تەوە ، بۆ ئەوەی ئەو بەهرەیەی هەمانە نەپرووکێو لە ناو نەچێو ، شتێکی چاکو سوودبەخش بۆ کۆمەڵ پێشکەش بکەین .

● **واتە پێش ئەوەی بێ بە ئەندامی ئەم تیپە ، ئارەزووی فێر بوونی مۆسیقا لەلات وەکو بەهرەیەکی خاوو سادە جێگەی هەبوو ؟**

ـ بەڵێ .. کە خۆم ناسیوەتەوە حەزم لە مۆسیقی کردوەو ، بەلای منەوە موسیقی سروودی دەروونە ... لە هەمان کاتیشدا ئارەزووی بیستنی ئەو گۆرانکارییەی کە بەسەر تایبەتی بۆ سروودی نیشتمانی دادەنرێن ..

● ئێستا لەم تیپەدا چ ئامێرێك لێدەدەی ؟

ـ گیتار ، مامۆستا کەمان دەڵێ لەم ئامێرەدا باشترو زووتر رادێم .

عبدالوهاب تاڵەبانی
نووسینگەی هەولێر

لە دەرەوەی سنوور ....

ئەو کامێرایەی ئێستاکە لەبەریتانیادا دروست دەکرێ ، هەندێکیان شێوەیەکی تەکنەلۆژیای نوێ یان لە خۆگرتووە ، بە هەموو ئاسانی یەکەوە ئەتوانرێ هەموو بەشە ووردەکانی ئیش پێ بکرێ سەرباری ئەمانە ، ئەتوانرێ وێنەی جۆراوجۆری لەو شوێنانەدا پێ بگیرێ کە ترسناکن و مرۆڤ ناتوانێ زۆر لێیان نزیك ببێتەوە . بۆنموونە ، ئەتوانرێ کامێراکە لە دووری کیلۆمەترێکی تەواوەوە لە شوێنەی کە ئەویسترێ وێنەی بگیرێ دابنرێت .. ئەمەش بێگومان گرنگیەکی تەواوی هەیە لە وێنەگرتنی هەندێ دیمەنی وێنەی جەنگو بەکارهێنانی وەکو بەڵگە نامەی زیندوو لە فلیمە سینەمایی یەکانو تەلەفزیۆندا .



تاوەیەکی کارەبایی

لەم دوایەدا لە لەندەندا پیشانگایەك کرایەوە بۆ ئەو شتومەکە کارەباییانەی کە لە چێشتلێناندا بەکار ـ دەهێنرێن .

تاوەی کارەبایی بەهۆی سوودی زۆریە لە هەموو ئەو شتومەکان زیاتر سەرنجی ڕائەکێشا .

ئەم تاوە تازەبابە بانو قوولەو مەترسی لێ کراوەو سەرقاپێکی قایمی هەیە و قابێکی پاڵاوتنیشی لەگەڵایەو ئەو شتەی دەتەوێ سووری بکەیتەو دەخرێتە ناو ئەم قاپەو ئەنجا دەیخەیتە ناو تاوەکەو سەری دەنێیتەوە .

گەرماوێکی تازە بۆ منالان

کۆمپانیاکانی جیهان هەمیشە خەریکی ئەوەن یەکێکیان لەوی تریان شتی باشترو بەسوودتر دروست بکا بۆ ئەوەی بەرهەمەکانی زیاتر لە بڕەودابێ . پیویستیی منالانیش لەم چوارچێوە دەرناچن . ئەم گەرماوە کە کۆمپانیایەکی بەریتانیایی دروستیکردوە بۆ منالان لەملاولەولای بانیۆوە دادەنرێو یەکسەر لە ولەی حەوزەکەوە بردەکرێو بە ئاسانیش دەتوانرێ خاڵی بکرێتەوە .

کامێرایەك دژی مەترسی

ئەو گۆڕانکارییە کە بەسەر ئامێری کامێرای وێنەگرتندا هاتووە ، گەیشتۆتە پلەیەکی بەرزی وەها کە توانای هونەری وێنەگرتنی بەرز کردۆتەوە .

ڕەفەی هەمەشوێنی

کۆمپانیایەکی بەریتانیایی جۆرە ڕەفەیەکی دروست ـ کردوە دەتوانی بە ئارەزووی خۆت لە کوێبتەوێ داینێیتو کەلوپەلی خۆتو منالەکانتی تیا قەد بکەی .

بەم جۆرە ڕزگارت دەبێ لەوەی هەموو جارێ پاش لەبەرکردنی جلەکانتان لە ئوتوویان بدەی .

ئەوەیشت لەبیر نەچێ بە ئارەزووی خۆت دەتوانی ئەم ڕەفانە ڕێك بخەیتو بە چ ڕەنگێك بتەوێ بۆیەیان بکەیت بەو ڕەنگەی لەگەڵ شتومەکی ماڵەکەتا بگونجێت .



Institut Kurde de Paris